# موقەدەس و کولتور

ناوی کتێب: موقەدەس و کولتور

نووسینی: سەلام عەبدولکەریم

بابەت: توێژینەوە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ:١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠دینار

ژمارەی سپاردن: ٤٢٤ ی ٢٠٠٧

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

کوردستان -سلێمانی

www.sardamco.com

سەلام عەبدولکەریم

# موقەدەس و کولتور

## ئیشکالیەتی بەریەککەوتنی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا

"سەرنجێك لەوێنەکاریکاتێریەکانی رۆژنامەی (یولاندس بوستن)ی دانیمارك"

د. سەباح بەرزنجی
پێشەکیی بۆ نووسیوە

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤١٣ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

" بـــــه کـــــوڕە چـــاوگــــەشـــەکـــــەم

﴿ بیـــــار ﴾

پێشکـــــــــەشـــە ".

## تێبینی:

" ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدەیەمین فێستیڤاڵی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژدا بەشداری کردووەو لەنێو (٣٩) سیو نۆ لێکۆڵینەوەدا پاش هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانەوە کەپێکهاتبوون لەبەڕێزان( د. فەرهاد پیرباڵ ، د. یاسین سەردەشتی ، م. سابیر بەکر بۆکانی ) هەڵبژێردراوەو خەڵاتی سێیەمی بۆلێکۆڵینەوە پێبەخشراوە ".

" ئەوە سادەکردنەوەیە بوترێت، ئەو کێشمە کێشەی لەئێستادا لەبارەی وێنە کاریکاتێریەکانی دانیمارکەوە هەیە بریتیە لە پێکدادانی ژیارەکانی نێوان خۆرهەلاَت و خۆرئاوا، بەشێوەیەك خۆرئاوا کەبڕوای بەئازادی رادەربڕین هەیەو جیهانی ئیسلامیش کەبەتەواوەتی نکوڵی لێدەکات ".

ئۆلیڤەر روا

" دوو عەقڵیەتی تەواو جیاواز هەیە، عەقڵیەتی جیهانی ئیسلامی ، سەرتاپا نقوم بوو بە پیرۆزییەکان ، کەهێشتا نوێگەری و بەعەلمانیکردن و ئازادی بیرکردنەوەی بەخۆوە نەدیوە، لەگەڵ عەقڵییەتی خۆرئاوایی( ئەوروپی و ئەمریکی ) کەهەموو ئەوەی دیوەو هەندێ جاریش تائاستی لەئەندازە بەدەر پێی تێربووە، پاشانیش ئیدی چۆن دەشێت ئەم دوو عەقڵیەتە بەیەك بگەن؟ ئەوەی لۆژیکییە پێکدادانیانە".

ماکس گالۆ

" ئەگەر خۆرئاوا بەچاوی خۆبەگەورە زانینەوە بڕوانێتە مێژووی خۆرهەلاَت بەگشتی، ئەوا دوو دڵیش نابێت لەسوکایەتیکردن بەوێناکردنە ئاینی و سیاسیە دواکەوتووەکانی میللەتانی ئیسلامی".

د. محەمەد ئارکۆن

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پیشەکی د. صباح بەرزنجی | ١١ |
| پێشەکی نوسەر | ١٣ |
| دەروازە | ١٩ |
| **بەشی یەکەم /** (ئۆرێنتالیزم‌و کولتور) | ٢٥ |
| باسی یەکەم( دەربارەی ئۆرێنتالیزم‌و ئۆرێنتالیست) | ٢٧ |
| باسی دووەم مێژووی سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتناسی( ئۆرێنتالیزم) | ٣١ |
| باسی سێیەم (پێناسەکانی ئۆرێنتالیزم) | ٣٣ |
| باسی چوارەم (رۆڵی ئۆرێنتالیزم لەپەیوەندی ئاشتیانەو بەریەککەوتنی زبری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا) | ٣٨ |
| باسی پێنجەم (کولتورو تایبەتمەندێتیەکانی) | ٤٦ |
| | |
| **بەشی دووەم /** (بەریەککەوتنی کولتوری نێوان جیهانی ئیسلامی‌و خۆرئاوا) | ٥٩ |

| | |
|---|---|
| باسی یەکەم ( وێنەی خۆرئاوا لەدیدی جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتدا) | ٦٣ |
| باسی دووەم (وێنەی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی لەدیدی بەشێك لەخۆرئاوادا ) | ٦٨ |
| باسی سێیەم ( هۆكارەكانی بەریەككەوتنی كولتوری نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا) | ٧٤ |
| باسی چوارەم (وێنە كاریكاتێریەكان وەك دەركەوتنەوەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزمی خۆرئاوایی) | ٨٥ |
| باسی پێنجەم (وێنەكاریكاتێریەكان وەك پێكدادانی كلتوری نێوان بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامی) | ٩٢ |
| دەرئەنجام | ١٠١ |
| پەراوێزو سەرچاوەكان | ١٠٤ |
| پاشكۆی تایبەت بەسەرەتاكانی چۆنێتی بڵاوكردنەوەی وێنە كاریكاتێریەكانو كاردانەوەكانی لەلایەن مسوڵمانانەوە | ١١١ |
| پاشكۆی وێنەو زانیاریەكان | ١٤٩ |

# پێشەکی د.سەباح بەرزنجی

بۆ برای بەرێز وخۆشەویستم مامۆستا سەلام :

کتێبەکەی جەنابتم خوێندەوە ، لەراستیدا هەوڵێکی باشت داوە بۆخوێندنەوەی رەهەندە کولتورییەکانی ئەو رووبەرووبوونەوە شارستانی و سیاسیەی لە نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا هەیە ، کە هەندێکیان واقیعن و نکوڵی ناکرێن و هەندێکیشیان بە پاڵنەری سیاسەت و کولۆنیالیزمو هەیمەنەوە دروستکراون ، ئەوەی زەرووره لەم بارەوە بیلێم ئەوەیە کە ئیسلام رێ نادات بە ئیهانەی هیچ کەس و ئاینێكو تەنانەت قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی موحکەمدا دەفەرموی : ﴿**ولاتسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدوا بغير علم**﴾، لەم روانینەوە بڕوام وایە دەبێ وەڵامی نووسین بە نووسین بێت نەك بە تۆقاندن و هەڕەشە، ئەمە سادەترین بنەمای تەعامولە لە ئیسلامدا، لەولاشەوە دەبێت ئەوەش بزانین وەنەبیت رۆژئاوا بەئینسافەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیسلام کردبێت ئەوەتا بە بیانووی ئازادی رادەربڕینەوە بە جۆرەها شێوە ئیهانەو سووکایەتی بە هەموو موقەددەساتی ئەدیان دەکات بەبێ جیاوازی ! خۆ سوکایەتی بە حەزرەتی عیساش ئیهانەیە بە موقەددەسێکی ئیسلامی، بەو دەلیلەی ( **الأنبياء كلهم اخوة ودينهم واحد**) کەواتە زۆر هەڵەین ئەگەر وەك ئەوەی بەرگری لە موحەمەدی موستەفا(د.خ) دەکەین بەرگری لە عیسای

مەسیح(د.خ) نەکەین وەك ئەوەی داکۆکی لەمافی کەسێکی مسوڵمان دەکەین داکۆکی لەمافی کەسێکی مەسیحی نەکەین ، بانگەوازی ئیسلام لە بنەڕەتدا بۆسەلماندنی مافە مرۆییەکانە بۆ هەموو کەس و ئاینو ئاینزایەك ، تایبەتمەندی شەرعی لە ئیسلام لە بیرو بیردۆزە مرۆڤکردەکان بە پلەی یەکەم لەوەدایە کە قورئان هەموو ئاینە ئاسمانییەکانی بە رەسمی ناسیوەو قورئان بەڕاشکاویی دەفەرموێ: ﴿**لانفرق بين احد من رسله**﴾، بەڵام بە داخەوە هەرکەسێك تەماشای کولتووری نوسراوی جیهانی خۆرئاوای مەسیحی بکات وێنایەکی هێجگار شێواوی لەسەر ئیسلامو قورئانو موحەممەدی موستەفای بۆ دروستدەبێت، جابۆیە خەتای ئەم رووبەڕووبوونەوەو توندوتیژییانە یەکەجار دەکەویتە ئەستۆی ئەوان نەك ئوممەتی ئیسلام.

نووسینەکەی جەنابت ئومێدەوارم رۆڵێکی باشی هەبێت بۆ حاڵیبوونی نەوەی روناکبیر و خوێندەواری کوردەواری لە بنەڕەتو رەوتی قۆناغی پەیوەندی نێوان رۆژهەڵاتی ئیسلامیو رۆژئاوای مەسیحی، هەربۆیە دەستخۆشیت لێدەکەمو هیوادارم کەسانی تریش وەك جەنابت بە رۆحێکی زانستییانەو ئەکادیمییانەوە بێنە مەیدانەوەو مافێك بۆ حەقدار بهێننەوە. هەرشادو سەربڵندو سەرکەوتووبن .

**د.سەباح بەرزنجی**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**لەزانکۆی سلێمانی/ کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

## پێشەکی نوسەر

لــەمانگی ئــەیلولی ســاڵی (٢٠٠٥ز) رۆژنامــەی (یولانــدس بۆســتن ) ی دانیمارکی دوانزە وێنەی کاریکاتێری بڵاوکردەوە کەتیایدا وێنــەو کەســایەتی پێغەمبـــەری ئیـــسلام ﴿د.خ﴾ بەشـــێوەیەکی ناشـــیرین و ناشایـــستە وێناکرابوو،ئــەوەی زیــاتر قــەیران و گرفتــی دیکــەی لێکەوتــەوە دووبــارە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنــە کاریکاتێرییانــە بــوو لەلایــەن چــەند رۆژنامەیــەکی فەرەنسی (فرانس سوار ) ونەرویجی و تەنانەت عەرەبیشەوە بوو ...

لەو رۆژەوە جیهانی ئیسلامی بەشێوازی جیاواز رێ و شــوێنی گرتۆتەبــەر بــۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو وێنانەو ئەو پەیامانــەش کەلەپــشتی کاریکاتێرەکانــەوە ئامادەییان هەیە ، لەراستیشدا قەیرانی گەورە و گرانــی لــەنێوان خۆرهــەڵات بەگشتی و جیهــانی ئیــسلامی بەتایبــەت و خۆرئــاوا دروســتکرد، تــا ئــەو رادەیەی کە جگە لە باڵوێزخانەکانی وڵاتی دانیمارك، بەڵکو باڵوێزخانــەی زۆر وڵاتی دیکەش (کە دواتر وەك گرفتێکی سیاســی و ئــابووری بــەکارهات لــە لایەن هەندێ وڵاتی عەرەبییەوە ) کەوتنە بەر پەلامار و هەڕەشەی زۆرێك لــە خۆپیشاندەرانی دونیــای ئیــسلامی و عــەرەبی کــە بــۆ مەبەســتی نــاڕەزایی

دەربــڕین و ســەرکۆنە کردنــی ئــەو کاریکاتێرانــە ڕێپێــوان و خۆپیــشاندانیان سازکردبوو.

ئەم ڕووداوە ئەگەر وەك ڕەگەزی هەواڵ و ســەبقی ڕۆژنامــەوانی ،قورســایی و بەهای خۆی لەدەستدابێت ، ئەوا هێــشتا و بــۆ دواتــریش بــەهای فیکــری و قورسایی کولتورییانەی خۆی لەدەست نەداوە ،بەشێوەیەك گرنگە توێژینــەوەی زیــاتری لەســەر بکرێــت ، هــەم لــەڕووی نهێنییــەکانی بڵاوکردنــەوەی وێنــە گەلێکی وەها ، هــەم لــەڕووی ئەوەشــەوە کەدەبێتــە هــۆی هەراســانکردن و بێزارکردنی تەواوی جیهانی ئیسلامی.لەراســتیدا هێنــدەی ئــەم ڕووداوە وەك دیاردە و ڕووداوێکی کولتوری خۆی دەنوێنێ و ڕەگوریــشەی قــوڵی کولتــوری لەخۆ دەگرێت ، ئەوەندە ڕووداو و دیاردەیەکی ســاتەوەختی دونیــای ڕۆژانــەی کــاری ڕۆژنامــەوانی نیــە ، هاوکــات ئەوەنــدەی وێنــاکردنی گرژکردنــەوەی بەریەککــەوتنی نێــوان دوو کلتــوری جیــاوازبوو لــە لایــەن کەمینەیــەك لــە ڕاسیسزمی خۆرئاواوە ، هێندە ڕقلێبوونەوەی تــەواوی مرۆڤــی دانیمــارکی و خۆرئاوایی نییە لە موقەدەسترین کاراکتەری دونیای ئیسلام .

دەشێ ناکۆکی و جیاوازییەکان لەم نێوەندەدا پێشوەخت پێشینەیەکی قــوڵتر و مەودا فراوانتری هەبێ ، بەجۆرێك جیاوازی و لێکدووری و کەلێنــە فیکــری و مەعریفی و کولتورییەکانی دوو جیهان ئەم ڕەوشەی ئێستای لێدەکەوێتــەوە ، دوو دید و تێروانینی جیاواز بــۆ دونیــا و جموجــوڵ و چــالاکییە جیاوازەکــانی

ژیان، جیهانێك كه پێی دەوترێ خۆرئاوا و جیهانێكی دیكـەش كـه نـاونراوە خۆرهـەڵات ، كلتورێـك كـه پڕاوپـڕە لـە موقـەدەس و كایـەی پیرۆزكـراو ، كولتـــورێكی تـــر كـــە یـــاخود بەشـــێكی زۆری موقـــەدەس و خەســـڵتە موقەدەسەكانی لە خۆی داڕنیوە و پێی وانییە شتێك مابێتەوە كە موقـەدەس بێت تەنها لە چەند ڕێورەسم و سروت و بۆنە و سـوێندخواردنێكی رووكەشـی دا نەبێت .

هەرچەندە بۆچوونی مەعریفی و فیكری دیكەش هەیە ، تەواوی ئەم ململانـێ و بەریەككەوتنەی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە ئەفسانە لە قەڵـەم دەدات و بە میكانیزمێكیشی دەناسێنێت بـە دەسـت كەمینـە و گـروپ و لایـەنێكی بەرژەوەنـدیخوازی دیـاریكراوەوە لــە هــەردوو جیهانەكـەوە، بـەڵام نـاكرێ قـسەكردنو وردبوونـەوەو توێژینـەوەكان لـەم روانگەیـەوە ، قـسەكردنێكی زانستیو بابەتی و لێدوانی فیكری و مەعریفی نـەبن ، تـا ئـەو سـاتەی كـە دەبێ رەگەزەكانی سۆز و عـاتیفە و حەماسـەت و ئایـدۆلۆژیا دوور بخرێنـەوە، چونكە ئەوەی لە باگراوندی وێنە كاریكاتێرییەكانـەوە هەسـتی پێـدەكرێت ، كلتور و جیهانبینی بەشێك لە خۆرئاوایە ،هەروەك لەپشتەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەكانی جیهانی ئیسلامیـشەوە ئـەم حاڵەتـە بـەدی دەكـرێ و هەیـە، بەشێكی گەورەی ئەو ناڕەزایی و جموجوڵانەی لەدونیای ئیـسلامیدا بەگـشتی لەسەر ئەم دیـاردە و رووداوە دەكـرێ ، بـەدەر لـەوەی قـسەكردنێكی تـەواو

عـاتیفی و حەماسـی و ئایدۆلۆژییـە ئـەوا هـیچ کـات بەتـەواوی نـزیکیش نەبوونەتەوە لە خستنەرووی میتۆدێکی مەعریفی و فیکری بـۆزانینی دیـوی ناوەوەی دیاردەکە و زانیارییەکی ئەوتۆشیان بۆسەر رۆشنبیریی مـرۆڤ ، چ لـە خۆرهەلاّت و چ لە خۆرئاوا ئیزافە نەکردووە ، بگرە زۆرێك لەرەفتاری نێو ئەو قـسەکردن و نارِەزاییانـە بـەبارێکی نێگـەتیڤ و پێـچەوانە بەسـەر دونیـای ئیسلامیدا شکاونەتەوە و بەباشی لێشی حالّی نەبوون .

ئێمە برِوامان وایە کە بلاّوکردنەوەی ئـەو وێنانـە شـتێکی تـازە نـەبوو ، هێندەی دووبارە بوونـەوەی مێـژوو بـوو ، بـەلاّم لـە فـۆرم و دەرکـەوتنێکی جیـاوازتردا ، وردتـر بلّـێین دەرکەوتنـەوەی جـۆرێکی تـر بـوو لـە گوتـاری سێنترالیزمی خۆرئاوایی یاخود ئەوەی زۆرجار پێـی دەوتـرێ ئێرۆسـێنترالیزم. هاوکات ئەوەی رۆژنامـە دانیمارکییەکـە بـلاّوی کـردەوە بەوێنـە ، بەچـەند سـەدەیەك پێـشتر ئـەم وێنانـە وەك نوسـین و توێژینـەوە و لێـدوانی دونیـای خۆرئاوایی ، راستتر بوترێ بەشێك لـە خۆرئـاوا لەمـەرِ جیهـانی ئیـسلامیو خۆرهەلاّت بەگشتی و لەمەرِ محەمەد ﴿د.خ﴾ و موقەدەساتەکانی تریش بەدی دەکەین ، بەلاّم دەکرێ ئێمە لێرەوە بەدوای وردەکـاری ئـەم بەریەککەوتنـە و بابەتەکانی نێوان ئەم دوو جیهانەدا برِۆین.

لە هەردوو بارەکەدا ، لەوەدا ئاخۆ بەریەککەوتن و شـەرِی کلتـوری لـەنێوان خۆرهەلاّت و خۆرئاوا بوونی هەبووە و هەیە یان لەبنەرِەتدا ئەم بەریەککەوتنە

کلتورییە ئەفسانەیە و ئەوەی هەیە دیالۆگی کلتوری بووە؟ بۆیە رەگەزی یارمەتیدەر بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بەریەککەوتنەدا بریتیە لە روانگەی خۆرهەلاتناسی(ئۆرێنتالیزم) ، یاخود باشتر بلێین زانینی گوتاری خۆرهەلاتناسیە ، دیارە خۆرهەلاتناسی خۆی وەك کاراکتەرێکی گرژکردنی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوا ، دیسان خۆرهەلاتناسی وەك توێژینەوە و بەدواداچوون و بکەرێکی خزمەتکردنی نزیککردنەوەی نێوان ئەو دوو جیهانە.

هەروەها بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم پێکدادانە کلتورییەدا لەمیانەی بلاوکردنەوەی ئەو وێنە کاریکاتێرییانەوە بۆ ئەوەی شەقلێکی زانستی و مەعریفی ببەخشینە توێژینەوەکامان و لەوەش تێبگەین کەنەك لە دانیمارك ، بەلکو لەهەر جێگەیەکی تری خۆرئاوا ، دیاردەی لەم شێوەیە روویدایەوە و دەرکەوتەوە ، پێویستە پێشوەخت وەك حالەتێکی کلتوری و وەك مەسەلەیەکی فیکری و مەعریفی مامەلەی لەگەلدا بکەین و هەرلەو روانگەشەوە قسەی لەسەر بکەین و راڤە و شیکردنەوەی بۆ ئەنجام بدەین ئەم توێژینەوەیە لەماوەی کەمتر لە دوو مانگدا نوسراوە ، بێگومان هێشتا شتێکی مەعریفی و فیکری ئەوتۆ بۆخۆی لەسەر رووداو و دیاردەی بلاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان و دیاردەی سوکایەتیکردن بەموقەدەس بەمایەك لەماناکان نەنوسراوە ،بۆیە هەولدراوە سود لە تازەترین بیروڕاو زانیاری لەسەر ئەم دیاردەیە وەربگیرێت و بهێنرێتە نێو توێژینەوەکەوە .

بـەلام بەگـشتی هەولـّدراوە میتـۆدێکی ئـەکادیمی پـەیرەو بکرێـت ، تائـەو جێگەیەی مەعریفەیەك بە خوێنەر ببەخشێت ، هەروەها سـود لەسەرچـاوەی باش و نایابیش بۆ پشتگیری بیرو راکان وەرگیراوە ، دەشـێ زۆر سەرچـاوەی گرنگ مابن کەلەلایەن توێژەرەوە پێی نەزانرابێت ، یاخود لەبەر کەمی کات‌و مـاوەی نوسـین نـەتوانرابێ کـەڵکی لێوەربگیرێـت. هاوکـات لەکۆتاییـشدا پاشکۆیەك بوونی هەیە لـەم توێژینەوەیـەدادەربارەی وردەکـاری سـەرەتاکانی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان لەرۆژنامەی (یولاندس بۆسـتن)ی دانیمارکی‌و رۆژنامەکانی ترو هەروەها کاردانەوەکانی لەلایەن مـسوڵمانانەوە لـەجیهان بەگـشتی‌و لـەدونیای ئیـسلامیدا بەتایبـەت بۆئـەوەی باشـتر لەزانیاریەکانی نێو ئەم توێژینەوەیە ئاشنابین .

**سەلام عەبدولکەریم**

**قوتابی ماستەر لە بواری**

**مێژووی هاوچەرخ**

**زانکۆی سلێمانی**

salam_80jornalist@yahoo.com

# دەروازە

ئەگەر هەر مرۆڤێك لەخۆرهـەڵاتو جیهـانی ئیـسلامیدا بـڕوای وابێـت، کەبڵاوکردنــەوەی وێنــە کاریکاتێریــەکانی ڕۆژنامــەی یولانــدس بۆســتنی دانیمــارکی، تــەنها ئامــانج لێــی ناشــیرینکردنو ســوکایەتیکردن بــوو بەموقەدەساتو کاراکتەرەکانی دونیای ئیسلام، بـەبێ گەڕانـەوە بـۆرابردوو، بەبێ سـەرنجدانو تێڕوانینـی کلتـوری پێـشوەختو بـەبێ ڕوانینـی فیکـریو مەعریفی بۆجیاوازی جیهانبینی هەریەکە لەگوتاری ئیسلامو خۆرئـاوا، ئـەوا لەهەڵەیەکی گەورەدا دەژی، گەورە تائەوڕادەیەی کەبەئەنقەست خـۆی نـوقمی سۆزو عاتیفـەو ئایـدۆلۆژیا دەکـاتو نایـەوێت لـەنێو واقیـعو بیرکردنـەوەو میتۆدو ڕوانگە فیکریو کلتوریەکانو مێژووەوە ئەم دیاردەو ڕووداوە ببینێو هەر لەم ڕوانگەشەوە خوێندنەوەی بابەتی بۆبکاتو هـەرجۆرە داڕنینێـك لـەو گوتارەی کەبەشێك لەهێزە ئاینیە فەندەمێنتالیزمەکان لەمڕۆدا بەرجەســتەیان کردووەو بەشێکی زۆری وێنەی ئاینو کاراکتـەرەکانیان وەك مرۆڤـی دڕنـدەو بکوژو ناشارستانی وێنادەکـەن، نـاتوانێ پـەی بەحەقیقـەتی بڵاوکردنـەوەی وێنەگــەلێکی وەهــاو مەبەســتو مــەغزاکانی پــشتەوەشی ببــات. وەك کاریکاتێرســتەکانو ژمارەیــەك لەســتافی ڕۆژنامــەی یولانــدس بۆســتن ئــەم

مەسەلەیەیان خستبووەڕوو. لەلایەکیترەوە دواجار ناشتوانێ دەرئەنجامە کلتوری و مەعریفیەکانی لێدەربهێنێت. چونکە ئەم شێوازە مۆدێلێکی نوێ نیە لەگوتاری بەشێك لەرۆژئاواو یەکەمین قسەکردنی ئەو بەشەش لەخۆرئاوا نیە بەوێنەو کاریکاتێر لەسەر موحەمەدو خۆرهەڵات، تاکو پێویست بکات خۆمان لەکلتورو مێژوو دابڕین، بەڵکو لەراستیدا رووداوو دیاردەیەکە کەلەنێو قوڵایی کلتورو مێژووەوە دێتەدەرێو هەندێ ویناکردنی مسوڵمانانی ئەمڕۆش دەرکەوتنەوەی نزیکتر دەخەنەوە. هەروەك ئەم دیاردەیە مەدلولاتو ئاماژەی فیکری و مەعریفی و تەنانەت سیاسیشی هەیە بەگشتی، نەك رقلێبوونەوەو ناشیرینکردنو قسەپێوتنی وێنەیی و گاڵتەجاڕیی.

هاوکات ئەوەندەی ئەم وێنانە بەرجەستەکردنەوەی بەشێکە لەگوتاری مێژوویی هەندێك لەئۆرێنتالیستەکانو ئۆرێنتالیزم دەربارەی خۆرهەڵات بەگشتی و ئیسلام بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەتایبەت، هێندە رقو کینەی روژئاوای خاچپەرستو(وەك هەندێ لەهێزە ئاینیەکان بەکاریان دەهێنا)بوغزاندنێکی ئامانجدارو سیستماتیزەکراو نەبوو، واتە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنەوەی ئەم وێنانە بەدەر لەوەی لەهەمان کاتدا یەکێکە لەدەرهاویشتەکانی جەنگی دژە تیرۆرو کارەساتی (١١ی سیپتەمبەر)، هەروەها دەرکەوتنەوەیەکی دیکەی فۆرمێکە لەئۆرێنتالیزم، بەڵام بەشێوازو میکانیزمی تایبەت بەخۆی.

لەبنەڕەتدا گوتاری خۆرهەڵاتناسی لێدوانە دەربارەی دوو حاڵەت، بەشێکیان خوێندنەوەو زانیاریو مەعریفەیە بەخۆرهەڵات بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتو ساغکردنەوەی پێکهاتە کلتوریەکانیو هەوڵی دروستکردنی پردێکە بۆ گفتوگۆو دیالۆگی شارستانیو کلتوریو لەیەك گەیشتنو ڕەواندنەوەی جیاوازیو گرژیو ئالۆزیەکان. بەشەکەی تر ناسینی خۆرهەڵات بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتیو هەوڵدانە بۆدوورکەوتنەوە لێی وەك ڕوانینو فیکرو کلتورو جیهانبینی خۆرئاواو جۆرێکە لەگوتاری سێنترالیزمی خۆرئاوایی بۆخستنەرووی تەواوی جیاوازیە کلتوریو ئاینیو مێژووییەکان بەرامبەر خۆرهەڵاتو ئیسلام.

زانینی ڕوانگەو میتۆدی ئۆرێنتالیزم کارئاسانی گەورە دەکات لەتێگەیشتن لەقەیرانی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانو هێورکردنەوەی بارگرژیەکانی دونیای ئیسلامیشدا، چونکە ڕوانگەی ئۆرێنتالیزم نموونەی دیکەی لەم جۆرە گوتارە پێیە کەئێستا جیهانی ئیسلامی نیگەرانو بێزارو توڕەیە بەرامبەری، لەراستیشدا بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە کاریکاتێریانە لای دونیای ئیسلامی گرانو ناخۆشە، بەڵام بەزانینی رابردوو، بەئاشنابوون بەفۆرمی دیکەی ئەمجۆرە گوتارەی بەشێك لەخۆرئاوا نەك هەموو خۆرئاوا رووەو ئیسلامو کاراکتەرە موقەدەسەکانی، فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆزانینو تێگەیشتنی تەواو لەدیاردەکەو لەقەیرانەکەو دواجار لەلێکەوتەو دەرهاویشتەکانیشی.

ئەگـەر لـەمڕۆدا هەڵوێـستی زۆرینـەی جیهـانی ئیـسلامی بەرامبـەر بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانی تایبەت بەسـوکایەتیکردن بەموقـەدەس لـەدانیمارکو چـەند شـوێنێکیتر، کـەناوەڕۆكو مـەغزاو باکگراونـدێکی مێژوویی‌و کلتوری‌و سیاسی هەبوو، بریتی بێـت لـەناڕەزایی‌و خۆپیـشاندان، ئەی دەبێت هەڵوێستی هەمان جیهان بەرامبەر ئەو وتەو پەڕاوو نوسـراوانەی خودی ژمارەیەك لەخۆرهەڵاتناسان‌و هەندێکیتر لەخۆرئاواییەکان چـی دەبێـت کەبەرامبـەر ئـاینی ئیـسلام‌و موقەدەسـەکانی نـاوی بەتایبـەت کەسـایەتی پەیامبەر بەچـەندین سـەدە بـەر لەئێـستا نوسـیویانە؟ ئایـا بـۆ ئـەوانیش خۆپیـشاندان‌و نـاڕەزایی‌و باڵوێزخانـە سـوتاندن‌و وەڵامدانـەوەو راڤـەکردنی ئایـدۆلۆژی‌و عـاتیفی‌و حەماسـی ئـەنجام دراوەو دەدرێـت‌و کـەڵك‌و سـودی دەبێت؟ ئایا ئەم مۆدێل‌و ستایلە لەوەڵامدانەوەو نـاڕەزایی دەربڕینـی زۆرێـك لـەجیهانی ئیـسلامی کەبارگاویـە بەهەڵـسوکەوت‌و رەفتـاری ناعـەقڵانی‌و نامۆڕاڵیانە بۆئەو دیاردانەو هاوشێوەکانیان دەتـوانن ئیزافەیـەك بخەنـە سـەر رۆشـنبیری مرۆڤـی نێـو جیهـانی ئیـسلامی‌و ئینـسانە باوەڕدارەکـان؟ بەمانایەکیتر ئاخۆ دەتوانن رامانێکی فیکری‌و لێبوردبوونەوەو سـەرنجدانێکی مەعریفی‌و پرسیارکردن‌و گومانکردنێکی کلتـوری‌و عەقڵانیانـە لای مرۆڤـی مسوڵمان لەنێو دونیای ئیسلامیدا بەرهەم بهێنن؟ یـان ئـەم جـۆرە نـاڕەزایی دەربڕینانـە هێنـدەی تـر نیـشاندانی مرۆڤـی بـاوەڕدارە وەك بونـەوەرێکی

ناتێگەیشتوو، ناحاڵیو تورەو توندوتیژو دۆگما، بەشێوەیەك هەرشتێکی پێبگات دەیسوتێنیو وادەزانێت دارو بەردو باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە خۆرئاواییانە بکەرو بەرهەمهێنەری ئەم گرفتو قەیرانانەیەو توانای خوێندنەوەیەکی بابەتیو دوور لەتوندوتیژی نیە.
بۆیە لێرەوە تێدەگەین کەئەمجۆرە دیاردەیە، یەکێکە لەو قەیرانە کولتوریو مەعریفیانەی نێوان بەشێك لەخۆرئاواو خۆرهەڵات بەگشتیو جیهانی ئیسلامی بەتایبەتو ناکرێ بەبێ تێڕوانینی فیکریو کلتوری لەبڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانو لەلێدوانەکەی ئەم دواییەی پاپا (بندیکتۆسی شانزەیەم)ی پاپای ڤاتیکانو ئەو هەراسان بوونە عاتیفیو سۆزداریانەی جیهانی ئیسلامیش حاڵی ببین، لەم رووەوە روانگەی ئۆرێنتالیزم فاکتەرێکی یارمەتیدەری باشە بۆتێگەیشتنو حاڵیبوونی مەعریفیو کلتوری لەمجۆرە رووداووو دیاردەو پێشهاتانەداو قسەکردنو خوێندنەوەو راڤەکردنی مەعریفیو کلتوریو بابەتیش دەسەپێنێ بەسەر هەموو لایەکدا (ئەگەر کەسەکان خوازیاری بن). هاوکات جیاوازیو بابەتو ماهیەتی شتەکان لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا وەك کلتورو جیهانبینیو تێڕوانین یەکجار گەورەو فروانن، کەمرۆڤ دەخاتە سەر بەدواداچوونێکی فیکریو کلتوری قوڵ، نەك بڕیاردانێکی روکەشیو سەرپێیو سەسەرییانە(سگحی).
پێشئەوەی بچینە نێو توێژینەکەوە، گرنگە ئەوە بۆخوێنەر روون بکەینەوە

کەزۆرجار زاراوەی خۆرهەڵات بەگشتی بەکارهاتووە، لەراستیدا هەرچەندە زۆربەی بەریەککەوتنو دیالۆگو گرفتەکانی بەشێك لەدونیای خۆرئاوا لەگەڵ دونیای ئیسلامیو ئاینی ئیسلامو کاراکتەرەکانیدایە، وەك فیکرو تێڕوانینو گوتارو جیهانبینی، بەڵام ئێمە بۆزیاتر وردکردنەوەی زانیاریەکان لای خوێنەر لەزۆربەی شوێنەکاندا زاراوەی خۆرهەڵاتمان لەبری زاراوەی جیهانی ئیسلامی بەکارهێناوە کەزیاتر مەبەستیشمان دونیای ئیسلامی بووە نەك خۆرهەڵات بەگشتی، چونکە زۆرێك لەبیریارانو نوسەران کەدەربارەی ئەم جۆرە بابەتانەدواون زۆرجار زاراوەی خۆرهەڵاتیان لەبری جیهانی ئیسلامی بەکارهێناوەو لەم بەکارهێنانەشدا ناوەڕۆکی بیروراکانیان لاگرنگو مەبەست بووە، نەك زاراوەکە بەتەنها. واتە لێرەدا تەرکیز خراوەتە سەر لایەنی مەعنەوی زاراوەکەو پەیوەستی بەکێشەو قەیرانەکانەوەو ئەوەندە وەك بەکارهێنراوێکی جوگرافیو سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، هاوکات زۆربەی بەریەککەوتنو تێڕوانینەکان پەیوەستن بەسەرچەمك پێکهاتەکانی خۆرهەڵاتەوە، نەك تەنها جیهانی ئیسلامی.

# بەشی یەکەم

## (ئۆرێنتالیزمو کولتور)

باسی یەکەم( دەربارەی ئۆرێنتالیزمو ئۆرێنتالیست)

باسی دووەم مێژووی سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتناسی( ئۆرێنتالیزم)

باسی سێیەم (پێناسەکانی ئۆرێنتالیزم)

باسی چوارەم (رۆڵی ئۆرێنتالیزم لەپەیوەندی ئاشتیانەو بەریەککەوتنی زبری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا)

باسی پێنجەم (کولتورو تایبەتمەندێتیەکانی)

# باسی یەکەم

## ( دەربارەی ئۆرێنتالیزمو ئۆرێنتالیست)

بیروڕای جیاواز دەربارەی زاراوەی ئۆرێنتالیزمو کەسی ئۆرێنتالیستو مێژووی سەرهەڵدانی ئۆرێنتالیزم لەئارادایە، ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆدیدو تێڕوانینی کەسەکانو کاراکتەرەکانی پەیوەندی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیو لەبنەڕەتیشەوە زاراوەکان بابەتی جیاوازیەو دیدی جیاوازیشی لەسەرە[1].

رەنگە سادەترین بیروڕا ئەوەبێت کە " ئۆرێنتالیزم بریتیە لەو زانستەی کەهەڵدەستێت بەتوێژینەوەی خۆرهەڵات "[2]، بەڵام ئەو گرژیو ئاڵۆزیانەی کەلەقۆناغە مێژووییەکاندا لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا روویانداوە، پێدەچێت گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکی ئەم بۆچوونەدا هێنابێ‌و تەنها ئەوەندە بەس نەبێت کەئۆرێنتالیزم زانستێك بێت بۆتوێژینەوەی خۆرهەڵات ، بۆنموونە بیرمەندی گەورەی خۆرهەڵاتو شارەزا لەبواری خۆرهەڵاتناسیدا (ئیدوارد سەعید) پێی وایە" ئۆرێنتالیزم گوتاری باڵادەستیو هەژمونە"[3].

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کەلەم سەرەتایەوە میتۆدێکی ئەکادیمیو

زانستی ڕەخنەگرانە بگرینەبەر، وەك ئەوەی دەشـێ ئۆرێنتـالیزم لەیەککاتـدا هەردوو حاڵەتەکە بێتو لەهەمانکاتیشدا هیچ یەکێك لەو مانایانە بەتـەنها، چونکە هەموو تاکڕەویکردنێك یاخود هـەر لایەنگیریـەك لەبـەهای زانـستی توێژینـەوە کـەم دەکاتـەوە، هێنـدەی ئـەوە گرنگـە کەبابەتیانـە بیروڕاکـان هەڵبسەنگێنرێت.

بۆیـە بەتـەنها دانـانی ئۆرێنتـالیزم وەك زانـستو توێژینـەوە دەبێتـە هـۆی لەدەستدانی کۆمەڵێك زانیاریو ڕووداو کـەرۆڵیان لەبەریەککـەوتنی کلتـوری نێوان بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا هەبووە، هـەروەك چـۆن دیـسان بەتەنها ناساندنی ئۆرێنتالیزم وەك گوتاری دەرونبەرزانەو هەژمونی خۆرئـاوا، ئەو هەموو خزمەتە بەرچاوەی خۆرهەڵاتناسان فەرامۆش دەکـەین، کەرەنگـە مسوڵمانان بەتایبەتو خۆرهەڵاتیەکان بەگشتی هێندە خزمەتیان بـەکولتوری ئیسلامیو خۆرهەڵات نەکردبێت. بەهەرحاڵ ئەم جیاوازی بیروڕایـە بۆخـودی زاراوەی خۆرهــەڵاتناس(ئۆرێنتالیــست) یــش بــوونی هەیە،ئەگــەر زاراوەی خۆرهــەتناس بەگــشتی بەســەر هــەمو زانایــەکی خۆرئاواییـدا بـچەسپێت، کەســەرقاڵی توێژینــەوەی خۆرهــەڵات بەگــشتی بێــت لــەڕووی زمــانو شارســتانیەتو دابو نــەریتو ئــادابو ئاینەکانــەوە(٤)، ئــەوا ئێمــە ڕۆڵو بەرهەمو ماندوو بوونی زۆرێك لەخۆرئاواییەکان خۆشیان پـشتگوێ دەخـەین، کە وەك بازرگـانو وێنـەکێشو گەڕیـدەو گەشـتیارو مـوژدەدەرو ئەفـسەری

سەربازیو هەواڵگریو راوێژکاری حکومی وڵاتە ئــەوروپیو خۆرئاواییــەکانو تەنانەت وەك خوێندکار بۆئەنجامــدانی توێژینــەوەی زانــستیو هــەروەها وەك سیخوڕیش هەندێکیان هاتوونەتە ناوچەکانی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیو زانیاریان کۆکردۆتەوە لەنموونەی (مارکۆ پۆلۆ، مارتن فان برونەسن، دێلاکروا، لویس ماسینیۆن، ریچو فرەیزەرو ئەدمۆندزو ..تاد)، جگــە لــەوەی کــەرۆڵو بایەخی ئەوکەسە ئــاینیو ئیــسلامیو خۆرهەڵاتیانــەش لەســەردەمی کــۆنو نوێدا لەبیر دەکەین، کەوەك بازرگانو بانگخوازی ئاینی لەکۆنــدا رۆیــشتونەتە خۆرئــاواو لەســەردەمی نوێــشدا لــەنێو کۆمەڵگــەو دامــەزراوە زانــستیو مەعریفیــەکانی خۆرئــاوادا کاردەکــەنو دەخــوێننو توێژینــەوە دەکــەن، کــە ئەوانیش لای خۆیانەوە توانیویانە زانیاری گەروەو فراوان دەربارەی خۆرهەڵات ببەخشنە خۆرئاواو خزمەتێکی بەرچاو بکەن، کەئەمە بــیروڕای بیرمەنــدێکی گەورەی وەکــو (محەمــەد ئــارکۆن)ە[٥]، کەتائێــستاش لــەنێو دامــەزراوەکانی خۆرئــاوادا ، بــەردەوام دەربــارەی ئــاینو کلتــوری ئیــسلامی بەدیــدێکی مەعریفیو رەخنەگرانەوە دەدوێو رۆڵی گــەورەو مــەزنی هەیــە لەپەیوەنــدی کلتــوری نێــوان خۆرئــاواو کلتــوری ئیــسلامیدا بەتایبــەت.بۆیــە نــاکرێ خۆرهەڵاتناس(ئۆرێنتالیست) بەو مانا کورتو بەرتەسکە بــچوك بکرێتــەوە، چــونکە خۆرهــەڵاتناس وەك توێــژەرو لێکۆڵــەر زانیاریمــان دەداتــێ، دیــسان دواتــریش وەك روانینــی گــەورەییو خۆجیاکردنــەوەی دەرونبەرزانــەو دیدگــە

جیاوازیی خۆرئاواییانەش بەرامبەر جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵات خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام لێرەدا گرنگە باس لەوە بکەین کەبەشێك لەخۆرئاوا ئەم روانینە دەرونبەرزانەو ئەم سەیرکردنە خۆرهەڵاتناسیانەیان هەیە، نەك هەموو خۆرئاوا.

خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی(مەکسیم رۆدنسۆن) دەڵێت:" وشەی خۆرهەڵاتناس **orentalist** لەئنگلتەرا ساڵی ۱۷۷۹،هەروەها زاراوەی خۆرهەڵاتناسی **orentalism**لەفەرەنسا لەساڵی ۱۷۹۹ دەرکەوتوون، دواتر وشەی **orentalism** بەمانای خۆرهەڵاتناسی هات لەفەرهەنگی زانستی فەرەنسیدا لەساڵی ۱۸۳۸". واشدادەنرێت کەخۆرهەڵاتناسی دەربڕینێکی نوێ بێت لەرووی بەکارهێنانەوە لەزمانی عەرەبیدا. هەروەها خۆرهەتناسی لەوشەی خۆرهەڵاتەوە وەرگیراوە"[٦].

## باسی دووەم

## مێژووی سەرهەڵدانی خۆرهەڵاتناسی ( ئۆرێنتالیزم)

لەبەردەم مێژووی سـەرهەڵدانی خۆرهەڵاتناسـیدا دەکەوینـە بـەردەم چـەندین بیرورِای جیاوازەوە، بەشـێوەیەك ئەسـتەمە بتـوانرێ سـەرەتاو مێژوویيـەکی دیاریکراو بۆدەسـتپێکردنی ئۆرێنتـالیزم دەسـت نیـشان بکرێـت[٧]. چـونکە ئۆرێنتالیزم پرۆسەیەکی یەکلایەنەو یەکشوێنی نیە، ئەوەندەی بابەتێکی پنـت فروانو پـەلو پـۆدارو فـرە شـوێنە، بـەجۆرێك هەنـدێك کـەس دەرکـەوتنی ئۆرێنتالیزم بۆجەنگەکانی خاچپەرستی لەنێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئـاوای مەسیحی لەکۆتاییەکانی سـەدەی یـانزە(١٠٩٦) دەگێرِنـەوە[٨]. لەکاتێکـدا هەندێکی دیکە سەرهەڵدانی ئۆرێنتالیزم دەبەستنەوە بەساتەوەختی دەرکردنی برِیارێکی مەجمەعی کەنیـسەی ڤیـەنناوە، لەسـاڵی(١٣١٢ ) بـۆدابینکردنی ژمارەیەك لەکۆرسی زمانە عەرەبیەکان لەزانکۆکانی (کـامبردج، سـلامنکا، پۆڵۆنیا، پاریس)[٩].

گروپێکـی تـر لەتوێـژەران برِوایـان وایـە کەسـەرەتاکانی سـەدەی یانزەیـەم ئۆرێنتـالیزم سـەری هەڵـداوە[١٠]، هاوکـاتی کەسـێکی وەك (رۆدی بـارت )

دەبیاتەوە بۆسەدەی دوانزەیەم، بەتایبەت کاتێك لەو سەدەیەدا قورئان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینیو یەکەم فەرهەنگی (لاتینی- عەرەبی)یش دەرکەوتووە[١١]. بەڵام زۆرکەسی دیکەش بڕوای وایە کەلەسەدەی دەیەمی زاینیەوە ئۆرێنتالیزم بوونی هەبووە[١٢]. گروپێکی تر بڕوای وایە کەدەربڕینی ئۆرێنتالیزم لوبنانیەکان لەسەدەی حەڤدەیەمدا وەریانگرتووە وەك بەڵگەیەك لەسەر زانستێکی نوێ کەخۆرئاواییەکان بەسەر توێژینەوەکانیاندا لەسەر گەلانی خۆرهەڵاتدا دایانبڕیوە[١٣]. هەروەها (**محمد البهی**) دەرکەوتنی خۆرهەڵاتناسی دەگێڕێتەوە بۆسەدەی سیانزەیەمی زاینیو دواجار چەند کەسێکی دیکە بۆماوەی دوای سەردەمی ریفۆرمی ئاینی لەئەورووپای دەبەنەوە[١٤].

بەدەر لەمانە زۆر بیروڕای تریش هەیە کەمێژوویەکی جیاوازتر بۆپەیدابوونی ئۆرێنتالیزم دیاری دەکات.

# باسی سێیەم
# (پێناسەکانی ئۆرێنتالیزم)

بێگومان لێرەشدا شوناسەکانی ئۆرێنتالیزم دەکەونەوە بەردەم تێڕوانین‌و راڤەکردنی جیاوازو لێدوان دەربارەی رۆڵی لەپەیوەندی ئاشتیانەی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی یاخود پێگەی لەتوندکردنی گرژی‌و بەریەککەوتنی نێوان ئەو دوو جیهانەدا. ئەگەرچی بەگشتی تێبینی دوو ئاراستەی جیاواز لەیەکتری دەکرێت لەمبارەوە، بەڵام بەسەرنجدان‌و تاوتوێکردن‌و پشکنین ئاراستەو بیروڕای سێیەمیش بەدی دەکرێت[١٥]، بەتایبەت دەربارەی رۆڵی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤی ئۆرێنتالیزم.

گرنگە ئەوە بوترێ کەزۆرجار پێناسەکردنی ئۆرێنتالیزم لەروانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوەیە لەلایەن جیهانی ئیسلامیەوەو بەردەوام بەگشتی شەقڵێکی نێگەتیڤ‌و ناشیرینی پێدەدەن، هەرچەندە خوێندنەوەی رەخنەگرانەشمان بۆپێناسەو چەمکی ئۆرێنتالیزم هەیە[١٦]، بەڵام لەهەموو ئەمانەدا راستیەکان رێژەیین، نەك رەهاو دەرفەتێکیش هەیە بۆگفتوگۆکردن‌و لێدوان لەسەریان، نەك بێدەنگبوون، بەتایبەت کاریگەریەکانی گوتاری ئۆرێنتالیزم

لەبەریەککەوتنی کلتوری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا.

ئەگەر سەرەتا دەربارەی پێناسەو جەوهەری ئۆرێنتالیزم بدوێین، دوو ئاراستەی داکەوتووی جیاواز لەیەك بەدی دەکەین. ئاراستەی یەکەم پێدادەگرێت لەسەر رەفزکردنەوەی ئۆرێنتالیزمو وەك پلاندانانی خۆرئاواش وێنای دەکات دژ بەخۆرهەلآت بەگشتیو دژ بەجیهانی ئیسلامی بەتایبەت. هەروەك لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە بڕواشیان وایە کەئۆرێنتالیزم ئەوەندەی شەڕی کلتوریو بەریەککەوتنی شارستانی دروستکردووە، ئەوەندە کاری لەسەر نزیککردنەوەی نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا نەکردووە، چونکە لەدیدی ئەم ئاراستەیەدا ئۆرێنتالیزم ئامرازێك بووە بەدەستی خۆرئاواوە بۆچەوساندنەوەو سەرکوتکردنی خۆرهەلآت بەگشتیو جیهانی ئیسلامی بەتایبەت[17]. کار بەمەشەوە ناوەستێو دەگاتە ئەوەی کەتەنانەت ئۆرێنتالیزم بەتەوژمی کۆلۆنیالیزمیانەی خۆرئاوا بزانرێ بۆداگیرکردنی زەوییەکانی جیهانی ئیسلامی [18]. جیاواز لەمانەش هەر لەنێو ئەم ئاراستەیەدا جارێکیتر ئۆرێنتالیزم وەك تێڕوانینی دەرەونبەرزانەو خۆبەگەورە زانینانەی خۆرئاوا بۆئیسلامو مسوڵمانان دەناسێنرێ[19]، ئەمەش گوایە لەدەرئەنجامی ئەو تێڕوانینە خۆبەگەورە زانینانەی خۆرئاواوە دێت رووەو جیهانی ئیسلامیو خۆرهەلآت، بەتایبەت کاتێکیش خۆرهەلآتناسێکی وەك (رۆیارد کپڵینگ) دەبێژێت:"خۆرهەلآت خۆرهەلآتەو خۆرئاواش خۆرئاوایە،

هەرگیز بەیەکتری ناگەن"[٢٠]. بەڵام ئەمە هێنـدەی روانینێکـی تاکەکەسـیە، ئەوەندە تەماشاکردنی دەسـتە جـەمعی مرۆڤـی خۆرئـاوایی نیـە بەرامبـەر خۆرهەڵات. هەروەها لەپشتی هەریەکێك لەم پێناسەکردنانەوە بۆ ئۆرێنتـالیزم لەگەڵ بـوونی هـەر راسـتیەکدا، ئایدۆلۆژیایـەکیش بـوونی هەیـەو هەسـتی پێـدەکرێت، واتـە پێناسـەکردنەکان راسـتیان تێدایـەو لەهـەمان کاتیـشدا ئایدۆلۆژیایەك کەتا رۆژگاری ئەمڕۆش لەنێو خۆرهەڵات بەگشتیو لـەجیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت کار بۆدژایەتیکردنو ناشیرینکردنی دەسـکەوتو پـرۆژە مێژووییەکانی خۆرئاوا دەکات، تەنانەت ئەو پـرۆژە فیکـریو مەعریفیانـەش کەزۆرترین مەبەستو سیمای مرۆڤدۆستانەو ژیاندۆستانەیان هـەبووەو هەیـە لەکۆنەوە تارۆژگاری ئەمڕۆ.

لەراسـتیدا نـاکرێ بـەبێ مەعریفـەو فیکـرو لێکۆڵینـەوە ئۆرێنتـالیزم هەڵبسەنگێنرێ، چونکە کەسانی وەکو (ئیدوارد سەعیدو محەمەد ئـەرەگۆن)و هـی دیکـەشمان هەیـە کەخوێندنـەوەی تایبـەتو مـەعریفیو تەنانـەت رەخنەییـشیان بۆگوتـاری ئۆرێنتـالیزمو شـێوازەکانی کارکردنیـشی هەیـە کەسەرنجەکانیان رەگی لەنێو قولایی زانستدایەو لـەوێوە سەرچـاوە دەگرێـت، نەك لەنێو سۆزو ئایدۆلۆژیاو رەفزکردنەوەی رەهـاو بێـسنوری پێـشوەختەوە، چـونکە کاراکتـەرەکانی تـری خۆرهـەڵات بەگـشتی، توێژینـەوە خۆرهەڵاتناسیەکانیان پێ قبوڵ نیەو ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، پێیـان وایـە

چەمكی راست لەشوناسی ئۆرێنتالیزمدا " زانستو زانیاریە لەخزمەتی سیاسەتو داگیركەردا".[٢١] هەرچی بیریارێكی گەورەی وەكو (مالیك بن نەبی)یە لەبارەی ئۆرێنتالیزمەوە دەبێژێت:" مەبەستمان لەخۆرهەڵاتناسان ئەو نوسەرە خۆرئاواییانەن كەدەربارەی فیكری ئیسلامیو شارستانیەتی ئیسلامی نوسیویانە".[٢٢] بێگومان لێرەوە تێگەیشتین كەئاراستەی یەكەم ئاراستەی رەفزكردنەوەی رەهای ئۆرێنتالیزمە، بەڵام ئاراستەی دووەم بۆخۆرهەڵاتناسی ئاراستەی قبوڵكردنی خۆرهەڵاتناسیو دەسكەوتەكانی تری ژیاری خۆرئاوایە، بەڵام هەروا قبوڵكردنێكی رەها نیە، بەڵكو لەتەنیشت قبەڵكردنەكەدا رەخنەگرتنێكی توندی مەعریفی لەخۆرئاوا هەیەو رۆڵی خراپی ئۆرێنتالیزمیشیان لەبەر یەككەوتنی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات بەگشتیو جیهانی ئیسلامی بەتایبەت خستۆتەڕوو، هاوكات رێ وشوێنو چارەسەریشیان بۆئۆرێنتالیزم دیاریكردووە، بەوەی چۆن ببێتە میكانیزمێك بۆ رێكخستنەوەی كلتوری نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات.

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە ئۆرێنتالیزم وادەناسێنن كە" بریتیە لەو زانستەی كەهەڵدەستێت بەتوێژینەوەی خۆرهەڵات بەگشتیو جیهانی ئیسلامی بەتایبەت لەرووی زمانو ئاینو شارستانیەتو تڕادیسیۆنو ...تاد"وە.[٢٣] واتە هێندەی ئۆرێنتالیزم گەڕانو خولیای بابەتیە لای ئەم ئاراستەیە بۆناسین، ئەوەندە بڕیاردان نیە بەوەی كەئۆرێنتالیزم ئامرازێك بێت بۆچەوساندنەوەی

جیهانی ئیسلامیو خۆرهـەڵات، هـەروەك لەپێناسـەکەوە شـتێك تێدەگـەین کەئۆرێنتالیزم بەدیویێکی تردا کلتور ناسینی خۆرهەتو جیهانی ئیسلامیشه، چـونکه ئۆرێنتـالیزم لەسـەرەتاوە بایـەخی داوە بـەوەرگرتنی شارسـتانیەتی خۆرهەڵاتو سود وەرگرتن لـەکلتوری ئیـسلامی، تەنانـەت ئـەم ئاراسـتەیه خۆرهەڵاتناسێکی وەکو (بیرنارد لویس) جەختی لەسەر دەکاتەوە لەوتارێکـدا بەناوی (بـارودۆخی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـەبارەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتەوە دەکرێـت) دەڵێـت:" ئەوروپیـەکان لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا دەچـوون بـۆ خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت بۆئـەوەی زمـانی عـەرەبی فێـربن، بتـوانن دەقـە فەلـسەفیەکانی یۆنـان بخوێننـەوە".[٢٤] رەنگـە لەباسـکردنی رۆڵـی ئۆرێنتالیزمەوە باشتر لەبیروڕاو ئاراستەکان تێبگـەین هـەم لەنزیککردنـەوەی نێـوان خۆرئـاواو جیهـانی ئیـسلامی، دیـسان بەپێـچەوانەشەوە هـەم لەبەریەککەوتنی نێوان ئەو دوو جیهانەشـدا، چـونکه بـەلای زۆرێـك کەسـی ترەوە پێیـان وایـە لەبنەڕەتـەوە ئۆرێنتـالیزم سیـستەمێکی مەعریفیـەو[٢٥] داواکاریە بۆزانینی خۆرهەڵات لەسەرجەم کارو رەوشەکانەوە.[٢٦]

# باسی چوارەم

## (رۆڵی ئۆرێنتالیزم لەپەیوەندی ئاشتیانەو

## بەریەککەوتنی زبری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا)

لە خستنەڕووی دیدو تێڕوانینو پێناسەکردنی هەردوو ئاراستەکەوە، دوو حاڵەتمان بۆدەرکەوت، یەکەمیان پێی وابوو کە ئۆرێنتالیزم رۆڵی خراپی گێڕاوە لەبەر یەککەوتنی زبری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیداو زیاتر وەك ئایدۆلۆژیاو دەمارگیری گوتاری ئۆرێنتالیزم هەڵدەسەنگێنێت، تەنانەت بەهۆکارێکیشی ئەژمار دەکات بۆشێواندنی وێنەی ئیسلامو مسوڵمانان لە خۆرئاواو چەندان شتی دیکەش.[٢٧] چونکە لایەنگرانی ئاراستەی یەکەم کە ئاراستەی رەفزکردنەوەی رەهای ئۆرێنتالیزمو دەسکەوتەکانیەتی بڕوایان وایە کە هەندێك لە خۆرهەڵاتناسان رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە یارمەتیدانی خۆرئاواو دروستکردنی تێڕوانینی دەروونبەرزانەی خۆرئاوا بەرامبەر ئیسلامو مسوڵمانانو[٢٨] بەتایبەتیش بەرامبەر خۆرهەڵات، بەدەر لەمانەش بیروڕایان وایە پلاندانانی خۆرئاوا دژی جیهانی ئیسلامی لەزۆر رووەوە پشتی بە توێژینەوە خۆرهەڵاتناسیەکان بەستووەو تائێستاش ئۆرێنتالیزم بایەخی گەورەی هەیە لە داڕشتنی تەسەورو روانینی خۆرئاوا دەربارەی ئیسلامو

لەدروستکردنی هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر ئیسلام.[٢٩] چونکە لەدیدی هەوادارانی ئەم ئاراستەیەدا گوایە ئیسلام بەنیسبەت خۆرئاواوە وێنای گرفتێکی دوور مەودا دەکات لەسەر ئاستەکان.[٣٠] بەبڕوای ئێمە ئەمە خوێندنەوەیەکی تەواو بابەتی نیە بۆرۆڵو دەسکەوتو گوتاری ئۆرێنتالیزم، چونکە لەخۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت بەردەوام ترسێك ئامادەیی هەیە لەبەرامبەر هەموو پرۆسەو دەسکەوتو دیاردەکانی خۆرئاوادا، لەبنەڕەتیشدا ترسێکی کلتوریە. هەرچەندە بیریارێکی مەزنو شارەزای لەبواری ئۆرێنتالیزمی وەکو ئیدوارد سەعید لەبەشێك بیروڕاکانیدا قەناعەتی وایە کەئۆرێنتالیزم لەرووی ناوەڕۆکەوە مەزهەبێکی سیاسی مومارەسەکراوە لەرووی ئیدارەوە لەسەر خۆرهەڵات، چونکە خۆرهەڵات لاوازترە لەخۆرئاوا[٣١]. بەڵام ئیدوارد سەعید روکەشیو سەرسەریانە ناڕوانێتە ئۆرێنتالیزمو دەسکەوتو گوتارو شێوازو میتۆدی ئۆرێنتالیزم، بەڵکو میتۆدی سەعید تەواو جیاوازترە لەتەواوی ئەو میتۆدانەی کەلەخۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیەوە دەڕوانێتە ئۆرێنتالیزم، چونکە ئەوەی لای سەعید بوونی هەیە بۆخوێندنەوەی ئۆرێنتالیزم پێوەری مەعریفیو زانستیو بابەتی بوونەو هیچ پاڵنەرێکی ئاینیو مەزهەبیو کلتوری لەپشتەوە نیەو لەروانگەیەکی قوڵی توێژینەوەوە دەربارەی ئۆرێنتالیزم دەدوێت. سەعید کاتێك رەخنە لەئۆرێنتالیزم دەگرێت، بڕوای وایە کەئۆرێنتالیزم وەڵامی ئەو رۆشنبیریەی

داوەتەوە کەرۆشنبیری ئەوروپا بەرهـەمی هێنـاوە، زیـاتر لـەوەی کـەوەڵامی بابەتەکەی خۆی دابێتەوە، واتە دەربارەی ئیسلامو خۆرهـەڵات.[٣٢] بێگومـان ئیدوارد سەعید بەتوندیش رەخنە لەتیڕوانینی ئۆرێنتالیزم دەگرێت.

هاوکات دیدو تێڕوانینی بیریـارێکی تـری وەکـو (محەمـەد ئـارکۆن) بـۆرۆڵو دەسکەوتو گوتاری ئۆرێنتالیزم دیسان تەواو جیـاوازترە لەهـەموو ئـەوانیتر، چـونکە ئـارکۆن بـڕوای بـەدوو دابەشـکردنو دوو پـۆلێنکردنی ئۆرێنتـالیزم هەیە،یـەکێکیان ناودەنێـت(ئیـسلامۆلۆژیکی کلاسـیکی)و ئـەوی تریـان (ئیـسلامۆلۆژیکی پراکتیکـی).[٣٣] ئـەو پێـی وایـە کـەئۆرێنتالیزم بـەباری ئیسلامۆلۆژیکی کلاسیکیدا زیانی گەیاندووە بەپەیوەندی نێوان خۆرهـەڵاتو خۆرئاوا لەسەردەمی ئێستادا ، نـەك تـەواوی پرۆسـەو گوتـارو دەسـکەوتی توێژینـەوەی ئۆرێنتـالیزم، چـونکە ئـارکۆن لەئاسـتی مەعریفـەوە رەخنـە لەئۆرێنتالیزم دەگرێت، نەك لەئاستی ئایدۆلۆژیاوە.[٣٤]

ئـارکۆن ئـەو رۆڵگێڕانـە نێگەتیفـەی ئۆرێنتـالیزم زیـاتر روون دەکاتـەوە لەبەریەککـەوتنی زبـری نێـوان خۆرئـاواو خۆرهەڵاتـدا کاتێـك دەڵێـت:" ئیسلامۆلۆژیکی کلاسیکی بریتیە لەخستنەرووی کۆمەڵێك زانیـاری وەسـفی ورد، واتـە زانیـاری دەرەکـیو سـارد لـەبارەی ئیـسلامەوە بۆجـەماوەری خۆرئاوایی کەهیچ لەبارەی ئیسلامەوە نازانێت".[٣٥] لەلایـەکیترەوە ئـارکۆن ئۆرێنتالیزم دەخاتە سەر مەحەکی رەخنەگرتنو گومانەوە، چونکە بڕوای وایـە

کەئیسلامۆلۆژیکی کلاسیکی بریتیە لەگوتاری خۆرئاوایی لـەبارەی ئیـسلامو کاتێکیش خۆرهەڵاتناسەکان لەبارەی ئیسلام دەنوسـن[٣٦]، ئـەوا لەڕوانگـەی کلتورێکی دیکەوە دەینوسن، بەو مانایـەی ئـەوان سـەر بـەکلتوری تایبـەتی خۆیـانن. هـەروەها ئـەرەگۆن داوای میتـۆدێکی تـری خۆرئـاوایی دەکـات بۆخوێندنەوەی خۆرهەڵات بەگشتیو ئیسلام بەتایبـەت، کەئـەویش میتـۆدی ئیـسلامۆلۆژیکی پراکتیکیـە، کـەوادادەنێت ئیـسلام بریتیـە لەیـەکێك لەدەرکەوتـەکانی ئـاینی یـان دیـاردەی پیرۆزگـەرایی، بـەوەی دیاردەیـەکی ئەنـسرۆپۆلۆژیە، بـەو مانایـەی هـیچ کۆمەڵگەیـەك نیـە خـاڵی بێـت لـەو دیاردەیە.[٣٧] هـەروەها ئیـسلامۆلۆژیکی پراکتیکـی چـالاکیەکی ئـەکتیڤی زانستیەو لەگەڵ تێکڕای فیکری هاوچەرخدا هاوکارە.[٣٨]

گرنگە ئەوە بوترێ کەئارکۆن لەسەر ئاستی هەردوو جیهـان رەخنـە دەگـرێو قسە دەکات، چـونکە لەلایـەکیترەوە بـڕوای وایـە کەئـەدەبیاتو توێژینـەوە خۆرهەڵاتناسـیەکان (بەتایبـەت ئەوانـەیان کەبـەمیتۆدی ئیـسلامۆلۆژیکی پراکتیکیانە نوسراون-توێژەر-) گۆڕانکاریـان بەسـەر تێڕوانینـی پەڕگیرانـەو بەدحاڵیبوون بەرامبەر جیهانی ئیسلامیدا هێنـاوەو[٣٩] کتێبەکـەی (نۆرمـان دانێل) بەناونیـشانی(ئیـسلامو خۆرئـاوا، چـۆنێتی دروسـتکردنی وێنەیـەك) بەنموونە دەهێنێتـەوە لەسـەر رۆڵـی پـۆزەتیڤی ئۆرێنتـالیزم، بـەڵام ئـەرەگۆن ئـەوەش دەڵێـت: "کەنوسـینە ئایدۆلۆژیـەکانو بەکارهێنانـە ئایدۆلۆژیـەکان

لەهەردوولا، لایەنی(ئیسلامی/خۆرئـاوایی) تائـەمرۆش زۆرتـرە لەتوێژینـەوە ئەکادیمیەکان". [٤٠]

جگە لەمە ئەرەگۆن هەر لەمیانەی مەعریفەوە رەخنە لەخۆرئاوا دەگریّو پێی وایە کەخۆرئاوا لەرووی مەعریفـەوە ئیـسلام ناخەنـە نـاو ئـەو ئیـشکالیەتە گشتیەی کەسەرانسەری دیاردەی ئاینی دەگرێتەوە، یان ئەگەر ئیسلام بهێننـە ناو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریەوە، ئەوا بابەتەکەیان پتر لێکۆڵینەوەیـەکی ئایدۆلۆژی یان لاهوتی دەبێـت، لـەوەی کەلێکۆڵینەوەیـەکی زانـستی بێـت، بۆنموونـە کتێبـی (دەروازەیـەك بۆزانـستی تیۆلـۆژی ئیـسلامی) هـەردوو خۆرهەڵاتناس( لویس گاردیّو جۆرج کنواتیّ)یە لەوبارەیەوە. [٤١]

ئێمـە لەخۆرئاواشـدا زۆر کەسـی دیکـەمان هەیـە کـەدژی روانینـی تـاك جەمـسەریانەی خۆرئـاوا دەوەسـتێتەوە بۆخۆرهـەڵات بەگـشتیو جیهـانی ئیسلامی بەتایبـەت، کەبەشـێك لـەگوتاری ئۆرێنتـالیزم بریتیـە لـەگوتاری سـێنترالیزمی خۆرئـاواییو دەروونبەرزانـەی خۆرئـاوا بۆدەرووربـەرو دەرەوەی خۆیانو ئـەم جـۆر گوتـارەش لەبەرهـەمی ژمارەیـەك لەخۆرهەڵاتناسـەکاندا بـەروونی دەبینرێـت. بۆیـە لای بیریـارانی پۆسـت مۆدێرنـە رەخنـەو هەڵوەشـاندنەوەیەکی تـەوای گوتـاری سـێنترالیزمی خۆرئـاواییو روانینـی خۆرهەڵاتناسـیانە بـوونی هەیـە، بۆنموونـە بیریـارێکی وەکـو (ژاك دێریـدا) لەروانگەی فەلسەفەو فیکرەوە رەخنـە لەسـێنترالیزمی خۆرئـاوایی دەگـریّ،

یاخود ئـەوەی پێـی دەوتـریٚ(ئێرۆسـێنترالیزم)یـان سـێنترالیزمی ئـەوروپی. بەجۆرێك دێریـدا دژی هـەموو ئـەو تێڕوانینانـەی سـێنترالیزمی خۆرئـاوایی دەوەستێتەوە کەوای دادەنێن خۆرئاوا لەسەرەوەیەو ئەوانیتر لەخوارەوە. دێریدا لەنێو پـرۆژەی (هەڵوەشـانەوەگەراییو پۆسـت مۆدێرنـە)دا کاردەکـات، ئـەم پرۆژەیەش لەمیانەی بەدواداچوونی جیاوازیو ناو دژییەکانـەوە، ئـەرزش بـۆ پەراوێز کراوو دوور خراوەو چـەپێنراوەکان دەگەڕێنێتـەوە.[٤٢] بۆیـە رەخنـەی دێریـدا، رەخنەیـە لـەتاك حەقیقـەتی خۆرئـاواو بەسـێنتەر بـوونی خۆرئـاوا لـەفیکرو لـەتاکڕوانین لەهـەموو شـتەکانیتر.[٤٣] چـونکە لـەنێو روانینـی ئۆرێنتالیزمیانەداو لەبەشێکی توێژینەوەکاندا هەست بەخۆ جەمسەر زانینـی خۆرئـاوا دەکرێـت، وەك شارسـتانیەتو کلتـورو مەعریفـەو عەقلانیـەتو تەنانـەت وەك رەسـەنێتیش، بەتایبـەت بەرامبـەر خۆرهـەلات، رەنگـە لەمبارەیەوە وتەکانی خۆرهەلاتناس (رۆیارد کپلینگ) دەربارەی خۆرهـەلاتو جیاوازی لەگەڵ خۆرئاوادا بەڵگەی بیٚ پاساو بێت.[٤٤]

هاوکات لەدەرەوەی هـەردوو ئاراسـتەکە، دیـدو تێڕوانینـی دیکـەش بـەدی دەکرێت، بەشێوەیەك ئەم دیدەی تر کەزیاتر وەکو دیـدی سـێیەم خـۆی وێنـا دەکاتـوبڕوای وایە کەلەبنەڕەتەوە بیرۆکەی بەریەککـەوتنو رووبەرووبوونـەوەو ململانێی کلتورو شارسـتایەتەکان بەگـشتیو بـەهۆی ئۆرێنتـالیزمو رووداوو هۆکارەکانیتریشەوە ئەفسانەیەو جگە لەتێزێکی خەیاڵی شتێکی دیکـە نیـە.

لەمبارەیەوە (فرید هالیدای) دەبێـژێت:" زۆرکـەس لەخۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت بڕوای وایە کەخۆرئاوا جیای کردوونەتەوەو تایبەتی کردوون، ئەو بیرۆکەیـەش نـاکرێ پـشتی پـێ ببەسـترێت لەفۆرمـە مێژووییەکـەی‌و فۆرمـە هاوچەرخەکەشـیدا، چـونکە ئـەو تێـزەی کـەدەڵێت: بەدرێـژایی مێـژوو دوژمنایەتی بەردەوامە لـەدژی خۆرهـەڵات، لـەدژی عـەرەب،دژی جیهـانی ئیـسلامی، ئەفـسانەیە، سـەرەڕای ئـەوەی کەئەفـسانەیە، بـەڵام زۆرێـك لەناوچەکەو لەخۆرئاواش هەوڵدەدەن کەبەردەوامی پێبدەن". [٤٥] واتـە لێـرەدا هالیـدای ئـەوەمان پـێ ئاشـنا دەکـات کـەرۆڵ پێدانەکـە بـە ئۆرێنتـالیزم بەپۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤ لەپێناوی دروستکردنی شەڕێکی کلتـوری‌و شارسـتانی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی‌و خۆرهەڵات بەگشتی سروشتی نیە، بـەڵکو دروستکراوە لەلایەن کەمینەیەکەوە لەهەردوو جیهانەکەو بەدرێـژایی قۆنـاغ‌و سەردەمە مێژووییەکانیش گـۆڕاون. بۆیـە تێبینـی دەکـەین کەئـەم دیـدەش دیدێکی زانستی‌و مەعریفی بێت. چونکە زۆرکەسی دیکەش پـشتگیری ئـەو بیروڕایە دەکـەن، بەشـێوەیەك گوتـارو هەڵوێـستی هـەموو خۆرهەڵاتناسـان نێگـەتیف نـەبوون دەربـارەی ئیـسلام‌و مـسوڵمانان. [٤٦] بەپێـچەوانەشەوە ئۆرێنتالیزم سـودی گـەورەی بۆخۆرهـەڵات‌و جیهـانی ئیـسلامیش هـەبووە، کەرەنگـە تـەنها گرنگترینیـان بـریتی بێـت لەچـاپکردن‌و سـاغکردنەوەی ژمارەیەك لەتێکست‌و دەقە کلاسیکیە عەرەبی‌و ئیسلامیەکان[٤٧]، هـەروەها

ژمارەیـــەك لەخۆرهەڵاتناســـان هونەرمەنـــدو وێنـــەكێش بـــوونو هاتوونەتـــە ناوچـــەكانی خۆرهـــەڵاتو جیهـــانی ئیـــسلامیو گەڕاونەتـــەوەو كۆمەڵـــە تابلۆیـــەكیان كێـــشاوە كەبایـــەخی خـــۆی هەیـــە لەناســـاندنی خۆرهـــەڵاتو ناوچەكانیو بەخشینی زانیـاری بەخۆرئاوا،بـەدەر لەهـەر سـود گەیانـدنێكی نێگـەتیف، وەك تابلۆكـانی خۆرهەڵاتناسـی ئـسكوتلەندی دێفیـد روبرتـز (١٧٩٦- ١٨٦٤ز) كەگەشـتێكی دەسـتپێكردووە لـەقاهیرەوەو لەبـەیروت كۆتایی پێهێناوە. هاوكات ئەگەر لەپاڵنـەرەكانی ئۆرێنتالیزمیـشەوە بـڕوانین تێبینی ئەوە دەكەین كـەرۆڵی ئۆرێنتـالیزم چـەندێك بـەخراپی شـكابێتەوەو مایەی تێكدانو پێكداچوونی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی بووبێت، ئەوا زیـاتر بـەهۆی پاڵنـەرە بازرگـانیو تاكەكەسـیەكانەوە بـووە.(٤٨) توێژینـەوە خۆرهەڵاتناسـیەكان بەگـشتیو كـەمێكیان نـەبێت كەبەمەبەسـتو ئامـانج نوسراون، رۆڵی پۆزەتیفیان گێڕاوە لەناساندنی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیـسلامی بـــەخۆرئاواو دواجـــار دروســـتكردنی پـــردێكیش بۆگفتوگـــۆو دیـــالۆگو بەیەكگەیشتن.

# باسی پێنجەم
# (کولتورو تایبەتمەندێتیەکانی)

لەو باسانەی پێشترەوە تێبینی ئەوەمان کرد کەوەزیفەی ئۆرێنتالیزم بەدەر لەپۆلێنکردنی رۆڵو پێگەی لەپەیوەندی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا، توێژینەوەو مەعریفەیە لەسەر کولتور، واتە بەدیوێکی تردا کولتور ناسینی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیشە، چونکە تەواوی ئەو پانتاییو گۆڕەپانانەی کەئۆرێنتالیزم کاری تێداکردووە لە(ئاینو زمانو دابو نەریتو شارستانیەتو ئەتنۆگرافیاو...تاد) هەموویان دەچنەوە نێو پێناسەو چوارچێوەی کولتورەوە. لێرەوە هەوڵدەدەین چەند گۆشەنیگایەك لەسەر شوناسو رەگەزو پێکهاتەو تایبەتمەندێتیەکانی کولتور بخەینەڕوو:

سەرەتا وشەی کولتور(**culture**) لەوشەی (**cult**) ەوە هاتووە بەمانای ئەو شتەی کەکۆمەڵگە چاندوویەتی.(٤٩) چەمکی کولتور بەم مانایەی ئێستای لەنێو جیهانی ئیسلامیدا، چەمکێکی نوێیەو مێژووی بەکارهێنانی بۆسەرەتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە(واتەسەدەی بیستەم-توێژەر-). هەروەها ئەم چەمکە لەبنەڕەتدا هەڵقولاوی ئایدیای خۆرئاوایەو

لەســەرەتاكانی ســەدەی رابــردوودا پەڕیوەتــە نێــو نێوەنــدی ئیــسلامیو بیركردنەوەی مرۆڤی نێو ئەو نێوەندەوە.[٥٠]

لەفەرهەنگی ئۆكسفۆرد دا " كولتور بریتیە لەهونەرو ئەدەبو سیــستەمی ژیانی هەرگەلێك كەمرۆڤەكان لــەرابردوودا بەرهــەمیان هێنــاوەو لەئێــستادا پەیڕەوی لێدەكەن".[٥١] فەرهەنگی ئەنسرۆپۆلۆژیاش بــەم شــێوەیە پێناســەی كولتور دەكات بەوەی "هەموو ئەوانەیە كەبۆ كۆمەڵگە جێمــاوە لەنــەوەكانی پێشووەوە لەسیستەمو بــەهاو بیروبــاوەڕی كۆمەڵایــەتیو فیكــریو ئــاینیو شێوازی رەفتارو ..... ئەوەش وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێتــەوە".[٥٢] هــەروەها (ئیدوار تایلۆر) پێی وایە كە"كولتور ئەو گشت ئاڵۆزەیە كەزانــستو هونــەرو بیرۆكــەو بیروبــاوەڕو یاســاو دابو نــەریتو ســوننەتەكان دەگرێتــەوە.[٥٣] لەلایەكیترەوە (د. محەمەد عابد ئەلجابری) دەڵێت:"كولتــور بریتیــە لەهــەموو ئەو شتانەی لەئێستاماندایەو لەرابردووشدا لەگەڵماندابوون، ئیــدی رابــردووی خۆمان بێــت یــان هــی خــەڵكی دی، نزیــك بێــت لێمــان یــاخود دوور".[٥٤] هەروەها چەمكی كولتور لای(ریاز نەجیب) پێكهاتووە لــە" پاشمــاوەی مــرۆڤ لەهزرو رۆشنبیریو بەهاو دیمەنە ژیاریەكانو شــێوازی بیركردنــەوەی ئــاینیو بیروباوەڕی ئاین".[٥٥]

هەرچی (مەریوان وریا قانیع)ە،كولتور بەیەكێك لەئاڵۆزترینو پڕكێــشەترینی چەمكی ناو زانستە كۆمەڵایەتیەكان دەناسێنێو پێی وایە زەحمەتە بتوانرێــت

پێناسێکی گشتگیرو لەبارو هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، بەجۆرێك کەهەموان لەسەری تەبابن، لای مەریوان کولتور" ئەو هێزو دینامیکیەتە گەورەیەیە، کەلەپشتی هەڵسوکەوتی پراکتیکە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانەوە ئامادەیە، شوناسی تاکەکەسو شارستانیەتەکان دەست نیشان دەکاتو راڤە دەکات"، بەدەر لەمانەش تێڕوانینی وایە کەکولتور بریتیە لەپێدراوێکی کۆمەڵایەتی.(٥٦)

دەکرێ ئەوە بوترێ کەکولتور پێکهاتووە لەکۆمەڵێك رەفتارو رەوشی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا کەدێنەکایەوەو دەگوێزرێنەوە، هەروەها رەگەزەکانی وەك زمان، رێورەسم، تراديسيۆنو جلو بەرگو خانوو، پیشەو هونەرو زانستەکان لەبنەماکانی ئەون".(٥٧) ئەمەو (د.حەسەن حەنەفی) پێناسەی کولتور وردتر دەکاتو دەبێژێت:" ئاین وەك بەشێکی گرنگە لەژینی کۆمەڵگەدا دەکەوێتە ناو خانەی کولتورەوە، بەڵام پێچەوانەکەی راست نیە، واتە کولتور ناکەوێتە ناو خانەی ئاینەوە، ئاین بەشێکە لەکولتور، کولتور بەشێك نیە لەئاین".(٥٨) کەوابوو لێرەوە تێدەگەین کاتێك خۆرهەڵاتناسان دەربارەی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی دواونو روانیویانە، ئەوا لەهەمان کاتدا دەربارەی کولتورەکەی دواونو روانیویشیانە، لەنێو کولتوری خۆرلاهەتو جیهانی ئسلامیشدا یەکێك لەپێکهاتەکانی بریتیە لەئاین بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتی. بۆیە لەوێدایە کەئۆرێنتالیزم بووەتە

مایــــەی بەریەککـــەوتنو بەیەکگەیـــشتنی نێوانـــەخۆرئاواو خۆرهـــەڵات. لەلایەکیترەوە لەنێو کولتوری خۆرهەڵاتداو لـەنێو ئـاینی ئیـسلام خۆیـشیدا، کلتوری ئیسلامی بواری فیکری ئیسلامی ناو ژیـاری ئیـسلامی دەگرێتـەوە لەوانە عەقیدەو شـەریعەتو زمـانو ئـەدەبو هونـەرو کـەلامو فەلـسەفەو تەسەوف[٥٩]، کەئۆرێنتالیزم دەربارەی تـەواوی ئەمانـە دواوەو لێـی روانیـون لەسیاقی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیدا. بێگومان خۆرئـاواش لەروانگـەی پێکهاتەکانی نێو کولتوری خۆیەوە ئـەم روانینـەی پـەیڕەو کـردووە. محەمـەد ئارکۆن لەمبارەیەوە دەڵێت:" کاتێك خۆرهەڵاتناسـان دەنوسـن، ئـەوا ئـەوان سەر بەکولتوری تایبەتی خۆیانن، لەکۆمەڵێ ئەگـەرو شـیمانەی پێـشوەختو لـەتێڕوانینێکی فەلـسەفیو لاهـوتیو ئایـدۆلۆژی تایبەتیـەوە قـسە لەسـەر ئیسلام دەکەن". [٦٠]

بۆیـــە ئێـــستاشی لەگەڵـــدا بێـــت هـــەموو بەریەککەوتنـــەکان، یـــاخود بەیەکگەیشتنەکان،لەهەمان کاتدا بەریەککەوتنی کولتـوریو بەریەککـەوتنی کولتورین، کەتەواوی قسەکردنەکانیش بەگشتی تەنانـەت خۆرئـاوا دەربـارەی خۆرهـــەڵاتو جیهـــانی ئیـــسلامیو پێکهاتـــەکانی نێـــو کولتورەکـــەیو بەپێچەوانەشەوە، بەشێکن لەقسەکردنی کولتوری. چونکە لەپـشتی زمانـەوە رۆحی نەتەوە، کولتوری نەتـەوە راوەسـتاوەو دەدوێ لـەبارەی یـەکترەوە.[٦١] لەبەشێکی تری ئەم توێژینەوەیەدا باشتر لەم بەریەککەوتنەو هۆکارو پاڵنـەرو

دەرئەنجامەکانی تێدەگەین.

ئەگەر دەربارەی تایبەتمەندێتیەکانی کولتوریش بدوێین، تێدەگەین کـەکولتور شتێکی بەسەرچوو، مردوو نیەو قسەکردنی ئەمڕۆ، وێنەکێـشانو وێنـاکردنی ئەمڕۆ سەرچاوەکانی، رەگو ڕیشاڵەکانی لەنێو کولتـوری دوێنێدایـە. چـونکە یەکێك لەتایبەتمەندێتیەکانی کولتور تەواوکاریە، وەك ئەوەی کەپەیوەندیـەکی چڕوپڕو تـەواوکار لـەنێوان دانـەو بەشـە جۆربـەجۆرەکانی وکلتـوردا هەیـە، هەروەك بەردەوامی یەکێکیترە لەتایبەتمەندێتیـەکان کولتـور، بـەو مانایـەی کەلایەنە سـەرەکیو بنەڕەتیـەکامی کولتـور لەنەوەیەکـەوە بۆنەوەیـەکی تـر دەگوازرێتەوەو بەردەوامی پێدەدرێت. لەلایەکیتریشەوە ناونیشان کەگرنگترین شـتە لـەو کولتـورەدا دەمێنێتـەوەو دواجـار کولتـور بـەردەوام خۆیـشی نوێدەکاتەوە.(٦٢)

تایبەتمەندێتیـەکی تـری کولتـور ئەوەیـە کەماهیـەتێکی ئـاڵۆزی هەیـەو لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر و لەپەسەندکردنو راگرتنی شتەکاندا هەڵبـژاردن دەکات.(٦٣) هەروەها گشتگیری بە یەکێکی تر لەتایبەتمەندێتیـەکانی کولتـور دادەنرێت، بەشێوەیەك کەکولتورێك دەتـوانێ پـاوانی چـالاکیو گۆڕانکـاریو گەشەو پێکهاتـەکانی نـاو جەسـتەی خـۆی بکـات بەشـێوەیەکی گـشتگیر، بەمانای دەست نیشانکردنی رەفتارو بیرو بۆچوونەکانی نـاو جەسـتەی خـۆی دەکاتو بەشێوەیەك یاخود سیستەمێك لەرەفتارو روئیا(رەفتـار وەك لایـەنی

مادیو روئیا وەك لایەنی رۆحی) بۆکەسو گروپـەکانی نـاو جەسـتەی خـۆی بەرهەم دەهێنێت.[٦٤] واتە ئەوە کولتورە چ جۆرە هەڵسوکەوتو بیرکردنـەوەو قسەکردنو رەفتارێك دەبەخشێتە تاکـەکانی، چـونکە کولتـورە پێمـان دەڵـێ بۆفلانە هێزی کۆمەڵایەتی، فلانە هەڵوێست وەردەگـرین، بۆیـەکێکی تـریش فلان هەڵوێست. هەرچەندە ئەو بیروڕایەش هەیە کەپێی وایە کولتـور بۆخـۆی پێدراوێکی کۆمەڵایەتیەو لەلایـەن هێـزە کۆمەڵایەتیەکانـەوە تایبەتمەنـدێتی دەدرێتێ، نەك خۆی لەبنەڕەتەوە هەبێت، بەمانایەکی تر ئـەم بۆچـوونە پێـی وایە کلتوریش وەکو شتەکانیتر لەنێو هەژموونی هێزەکانی ناو کۆمەڵگەدایە. بێگومان ئەمە بۆچوونی ژمارەیەك لەزانایانی کۆمەڵناسیشە.[٦٥]

بۆیە ئەگـەر لەپێناسـەو تایبەتمەندێتیـەکانیو پێکهاتـەی کلتـورەوە بـڕوانین بۆهـەموو قـسەکردنو وێناکردنـەکانی خۆرئـاوا بەنێگـەتیفو پۆزەتیفـەوە بەرامبەر جیهانی ئیسلامیو خۆرهـەڵات، ئـەوا هـەموو بەریەککەوتنـەکان، هەموو بەیەکگەیشتنەکان، هەموو گفتوگۆو دیالۆگو شـەڕە کلتوریـەکانیش لـەنێوان خۆرئـاواو جیهـانی ئیـسلامیو خۆرهەڵاتـدا دەدۆزینـەوە، چـونکە ئۆرێنتالیزم خۆیشی بەشێکی گەورەی لەنێو تێڕوانینی کلتوریـەوە سەرچـاوەی گرتووە، بەڵام بەکۆمەڵێك میکانیزمی تایبەتی خۆیەوە.

بەهـــەمان شـــێوە لەبلاوکردنـــەوەی وێنـــە کاریکاتێرییـــەکانی رۆژنامـــە دانیمارکیەکەوە کەپێدەچێت باکگراوندو پەیامی کولتـوری بێـت، بـەڵام ئـەو

میکانیزمەی لەم نێوەنـدەدا لەهـەمووان زیـاترو خێراتـرو باشـترو لەپێـشتر ئاگایی‌و زانیاریمان دەداتـێ سیاسـەت‌و ئـابوری‌و کایـەی کۆمەڵایـەتی نیـە، بەڵکو روانگەی ئۆرێنتالیزمی‌و کولتوریە، وەك ئـەوەی پێـشتر ئۆرێنتـالیزم‌و کولتور رۆڵیان لەو بەریەککـەوتن‌و بەیەکگەیـشتنە شارسـتانی‌و کولتوریـەدا هەبوویێت‌و هەندێك شتیان دیاریکردووەو وتووە دەربارەی ئاین‌و کاراکتـەرە موقەدەسـەکانی نێـو ئیـسلام‌و ئـەوانیتریش کەئـەمڕۆ هەنـدێکی بەوێنـە دەردەکەونـەوە( وەك وێنـە کاریکاتێریـەکانی رۆژنامـەی یولانـدس بۆسـتنی دانیمارکی لەسەر کەسایەتی پەیامبەری ئیسلام).

# پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. فرید هالیدای : الاسلام والغرب، خرافة المواجهة، الدين والسياسة فى الشرق الاوسط، وەرگێرانی (عبد الاله النعيمى)، چاپی یەکەم، دار الساقى، بيروت- لبنان، الطبعة العربية، **١٩٩٧ ، لا( ٢١٣ )**.

٢. د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، گۆڤاری (المسلم المعاصر)ی چاپی کوەیتی، ژمارە(٦٦،٦٥)، ساڵی حەڤدەیەم، لا(١٥).

٣. فرید هالیدای : الاسلام والغرب، سەرچاوەی پێشوو،، لا (٢٠٣)

٤. د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٤).

٥. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەتو ئایین، ئیسلام، مەسیحیەت، خۆرئاوا، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز، (پێشەکی وەرگێڕی کوردی).

٦. حسن السعيد: خبراء الاختراق الاستشراقى...گۆڤاری(التوحيد)ی چاپی تارانی، ژمارە(٨٧)،ساڵی پانزەیەم، ئازاری ١٩٩٧،لا(٨٢).

٧. عمر صفحوف: حركة الاستشراق وصلته باستعمار الغربي، گۆڤاری( الثقافة العربية )، ژمارە(٦)، ساڵی دووەم، حوزەیرانی ١٩٧٥ز، لا(١٦).

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە.

٩. د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦).

١٠.	سەلام عەبدولکەریم: پەیوەندی بزاڤی خۆرهەڵاتناسی بەکۆلۆنیالیزمەوە، گۆڤاری (سۆسیالیست)، ژمارە(٣٥)، ئابی ٢٠٠٣ز، لا(١٧).

١١.	د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٧).

١٢.	د.مصطفى السباعى: الاستشراق والمستشرقون، ماله‌م وماعليهم، چاپی سێیەم، بیروت- لبنان، ١٩٨٥ز، لا(١٣).

١٣.	د.صالح زهرالدين: الاسلام والاستشراق، بيروت-لبنان، ١٩٩١ز،**لا(٨٣)**.

١٤.	د.محمد البهی: الفكر الاسلامى الحديث **وصلته** بالاستعمار الغربي،چاپی پێنجەم، بیروت-لبنان،١٩٧٠ز، لا(٥٣٢).

١٥.	د.عماد الدين خليل: الاستشراق، گۆڤاری (المسلم المعاصر)ی چاپی کوەیتی، ژمارە(٧٩)، ساڵی بیستەم، لا(١٣).

١٦.	د.احمد البرقاوی: الاستشراق من الايديولوجيا الى الابستمولوجيا، گۆڤاری (العالم)ی ئێرانی چاپی لەندەنی، ژمارە(٥٤٣)، ساڵی سیازدەیەم، حوزەیرانی ١٩٩٦ز،لا(٣٦).

١٧.	سەلام عەبدولکەریم: ئۆرێنتالیزم لەدیدی ئیدوارد سەعید دا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣١٩٦).

١٨.	د.محمود عكام: رؤية بانورامية عامة للاستشراق، گۆڤاری (العالم)ی ئێرانی چاپی لەندەنی، ژمارە(٥٤٣)، لا(٣٨،٣٧).

١٩.	فاروق عبدالحق: نحو لقاء سلمى بين العالمين، الاستشراق والغرب والاسلام، گۆڤاری (العالم)، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٨).

٢٠.	د.محمود الزقزوق: فى مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٠).

٢١. ابراهيم النعمة: الاسلام والمسلمون امام التحديات الغزو الفكري، لا(١٩-٢٣).

٢٢. حسن السعيد: خبراء الاختراق الاستشراقى، گۆڤاری (التوحيد)ی چاپی تاران، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٢).

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٤. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو رۆشنگەری، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆلێکۆڵینەوەی کوردی، بەهاری ٢٠٠٣ز، لا(١٣١).

٢٥. د.احمد البرقاوی: الاستشراق من الايديولوجيا الى الابستمولوجيا، گۆڤاری (العالم)، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٦).

٢٦. السيد ياسين: حوار الحضارات، تفاعل الغرب الكونى مع الشرق المتفرد، مختارات ميريت ،چاپی یەکەم، ميريت للنشر والمعلومات، قاهیرە- میسر، ٢٠٠١، لا(٥٣٩)، هەروەها بڕوانە د. صالح زهرالدين: الاسلام والاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٣).

٢٧. د.محسن عبد الحميد: ازمة المثقفين تجاه الاسلام فى العصر الحديث، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،١٩٩٨، لا(٨٣).

٢٨. فاروق عبدالحق: نحو لقاء سلمى بين العالمين، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٨).

٢٩. د. محمود الزقزوق: فى مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣١).

٣٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣١).

٣١. ئیدوارد سەعید: الاستشراق، السلطة، المعرفة، الانشاء، وەرگێڕانی، (کمال

ئەبو دیب)، چاپی یەکەم، بیروت-لبنان، ١٩٨١ن لا(٢١٥).

٣٢. هەمان سەرچاوە، لا(٥٥).

٣٣. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەتو ئایین، وەرگێرانی لەعەرەبیەوە (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٨٨)، پاشکۆیەك بۆ بیری محەمەد ئارکۆن.

٣٤. هەمان سەرچاوە، لا(١٧٤)، پاشکۆ(دەروازەیەك بۆ بیری محەمەد ئارکۆن).

٣٥. هەمان سەرچاوە، لا(١٨٨)، پاشکۆ(دەروازەیەك بۆبیری محەمەد ئارکۆن).

٣٦. هەمان سەرچاوە، لا(٥٠).

٣٧. هەمان سەرچاوە، لا(١٨٨)، پاشکۆ(دەروازەیەك بۆبیری محەمەد ئارکۆن).

٣٨. هەمان سەرچاوە، لا(١٨٩)، پاشکۆ(دەروازەیەك بۆبیری محەمەد ئارکۆن).

٣٩. هەمان سەرچاوە، لا(٥٢).

٤٠. هەمان سەرچاوە،لا(٥٣).

٤١. هەمان سەرچاوە، لا(٥١،٥٢).

٤٢. دێریدا: رەخنە لەسێنترالیزمی خۆرئاوایی، وەرگێرانی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی زنجیرە کتێبی گیرفان، ژمارە(٧٠)، لا(پێشەکی وەرگێر، ( ٧،٥).

٤٣. هەمان سەرچاوە، لا(٨٨).

٤٤. د.محمود الزقزوق، في مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣١).

٤٥. فرید هالیدای: الاسلام والغرب، خرافة المواجهة، سەرچاوەی پێشوو، لا(٢١٥).

٤٦. کاوە هاوراز: ڕۆژهەڵاتناسیو پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزم، گۆڤاری (بوار)، ژمارە(٢٩، هاوینی ٢٠٠٠ز، دەزگای لێکۆڵینەوەو ڕووناکبیی(بزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو)، لا(٢٧٨).

٤٧. سەلام عەبدولکەریم: ئۆرێنتالیزم لەدیدی محەمەد ئارکۆن دا، ڕۆژنامەی (چاودێر)، ژمارە(٧٢)، دووشەممە، (١٠/٤/٢٠٠٦)، ساڵی دووەم.

٤٨. حسن السعيد: خبراء الاختراق الاستشراقي، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٤).

٤٩. ئەبوبەکر عەلی سەعید: ڕوانینێك بۆ کلتور، مرۆڤو کۆمەڵگە، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠ز،هەولێر، لا(٥).

٥٠. ئومێد قەرەداغی: کلتورو ڕێنیسانس، گۆاری (ژیار)، ژمارە(٥)، لا(٨٢).

٥١. ئەبوبەکر عەلی سەعید: ڕوانینێك بۆکلتور، سەرچاوەی پێشوو، لا(٥).

٥٢. هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٥٣. هەمان سەرچاوە، لا(٦).

٥٤. د.محمد عابد الجابري: التراث والحداثة/ دراسات ومناقشات، المركز الدراسات الوحدة العربية، چاپی یەکەم، تەموزی ١٩٩١ز، لا(٤٥).

٥٥. ئومێد قەرەداغی: کلتورو ڕێنیسانس، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٣).

٥٦. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزمو سەفەر، کورد لەدیاسپۆرا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥،لا(٩٠).

٥٧. ئومێد قەرەداغە: کلتورو ڕێنیسانس، گۆڤاری (ژیار)، سەرچاوەی پێشوو.

**٥٨.** ئومێد قەرەداغی: کولتورو ڕێنیسانس، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٣)

٥٩. ابراهيم العبادى: جدليات الفكر الاسلامى االمعاصر، مؤسسة الاعراف للنشر، كتێبی یانزەیەم، ١٩٩٩ز، لا(١٥٠).

٦٠. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەتو ئایین، سەرچاوەی پێشوو، لا(٥٠).

٦١. ئومێد قەرەداغی: سەرەتایەك بۆتێگەیشتن لەپەیوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەئیسلامەوە، گۆڤاری (روانگەو رەخنە)، ژمارە(١٠٩، بەهاری ٢٠٠٥ز، ساڵی چوارەم، لا(٣٥).

٦٢. رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵاندا، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەرەوەندی ئیسلامیو ئیسلامی سیاسی لەهۆڵاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،٢٠٠٦ز، لا(٧٣). هەروەها بڕوانە: ئەبوبەکر عەلی سەعید: روانینێك بۆکلتور، سەرچاوەی پێشوو، لا(١١-١٣).

٦٣. د. منوچهر محسنی: کولتورو کۆمەڵگا، وەرگێرانی (تحسین تەها)، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠ز، لا(٥٨).

٦٤. داریۆش شایگان: ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێرانی (شۆڕش جوانڕۆییو مامەند رۆژە)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لا(١٩-٣٩).

٦٥. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزمو سەفەر، کورد لەدیاسپۆرا، سەرچاوەی پێشوو، لا(٩١،٩٠). هەروەها بڕوانە رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: ئیمارەتی ئیسلامی هۆلاندا، سەرچاوەی پێشوو، لا(٧٢،٧٣).

# بەشی دووەم

# (بەریەککەوتنی کولتوری نێوان جیهانی

# ئیسلامیو خۆرئاوا)

باسی یەکەم (وێنەی خۆرئاوا لەدیدی جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتدا)

باسی دووەم (وێنەی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی لەدیدی بەشێك لەخۆرئاوادا )

باسی سێیەم (هۆکارەکانی بەریەککەوتنی کولتوری نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا)

باسی چوارەم (وێنەکاریکاتێریەکان وەك دەرکەوتنەوەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزمی خۆرئاوایی)

باسی پێنجەم (وێنەکاریکاتێریەکان وەك پێکدادانی کولتوری نێوان بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامی)

## بەشی دووەم

## (بەریەککەوتنی کولتوری نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا)

بێگومان بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی رۆژنامەی (یولاندس بۆستن) ی دانیمارکیو دواتریش هەندێ رۆژنامەی نەرویژیو فەرەنسیو وڵاتانی دیکەی ئەوروپاو ئەو خۆپیشاندانو رێپێوانو نارەزاییو باڵوێزخانە سوتاندنو ئەو رەفتارانەی تریش کە لەجیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتدا بەدوایدا هاتنو تەنانەت کۆبوونەوەو کۆنفرانسو مێزگردەکانیش لەنێوان ژمارەیەك لەکەسایەتی سیاسیو فەرهەنگیو زانستی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو هێورکردنەوەی قەیرانەکانو دروستکردنەوەی گوتاری دیالۆگی شارستانیەتەکان ، ئاماژەبوون بۆ بەریەککەوتنێکی نوێی کلتوری نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، کەئەم حاڵەتە لەدایکبووی ئەمرۆ نیە ، بەڵکو لەنێوقوڵایی مێژووەوە جارێکیتر دێتە دەرەوەو لەفۆرمێکی نوێداو بەکەرەستەو ماکیاژێکی نوێوە خۆی نمایش دەکات ، کەجگە لەهۆکارەکانی تر بەڵام وێناکردنەکانی هەریەکە

لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا لای خۆیانەوە بۆ یەکتری بەدرێژایی قۆنـاغو سـەردەمە مێژوویـیـەکان دەگاتــە بەریەککــەوتنی ئــەمڕۆ، کــەزۆرجاریش گفتوگــۆو بەیەکگەیشتنی کولتوری‌و شارستانی دروستکردووە. بەڵام بۆ ئەوەی لەنهێنی باکگراوەنــدی ئــەو بەریەککەوتنــە تێبگــەین پێویــستمان بەگــەڕانو بەدواداچــوونێکی کلتــوری‌و تاڕادەیــەکیش پــشکنینێکی مێــژوویی هەیــە کەتائەمڕۆش درێژەی هەیە.

## باسی یەکەم

## ( وێنەی خۆرئاوا لەدیدی جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتدا )

یەکێك لەو گرفتانەی کەهەمیشە بەریەککەوتنی نێـوان جیهـانی ئیـسلامیو خۆرهەڵاتو خۆرئـاوا نزیـك دەکاتـەوەو خێـرای دەکـات ، وێناکردنـەکانن . وێنەی خۆرئاوا لەدیدی جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتـدا تـەنها لەفۆرمێکـدا خۆی نانوێنێت ، بەڵکو بەشێکی گەورەو قەبەی ئەم جیهانە بەچاوی گومـانو رقو کینەوە بۆ هەموو کایەو بوارو دەسـکەوتو گۆڕانکارییـەکانی خۆرئـاوا دەڕوانێـت . بێگومـان ئـەم حاڵەتـەی خۆرهـەڵاتیش ترسـێکی کلتوریـیە لەبنەڕەتداو لەپێناوی پاراستنی کلتورەکەیداو نایـەوێت بـچێتە نـاو کلتـوری خۆرئاواوە یاخود تێ‌نانەت کارلێکیشی لەگەڵدا بکـات ، بۆیـە قـسە لەسـەر تەواوی چەمکەکانی خۆرئـاوا هەیـە لـە ( مۆدێرنـە، مـافی مـرۆڤ، ریفـۆرم ....تاد ) ،بەشێوەیەك ئەو پێناسەو بەرجەستەکردنانەی لەکلتورو رۆشنبیریی خۆرئاوادا هەیـە بـۆ ئـەم چـەمکانەو زۆر شـتی تـریش ، تـەواو جیـاوازترە لەکلتورو روناکبیریی بەشێکە خۆرهەڵاتیەکانـدا. ئەمـەش وایکـردووە نـەك تێگەیشتن ، بەڵکو بەریەککەوتنی کلتوری دروست بکات لەو نێوانەدا .

لەمبارەیەوە (مونیر شەفیق ) دەڵێت: "راستیەکان ئەوەیان سەلماندووە کەزەمینەی خۆرئاوایی لەژێر دروشمی مۆدێرنەدا خۆی دەنوێنێ، هیچ پێشکەوتنێکی مادیو مەعنەوی لەسەر ئاستی رۆشنبیریو فیکری بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو فاکتەرەکانی گەشەکردنیشی تێکشکاندووە ."[1] ئەم کەسە توندتر دەڕواو دەبێژێت :"مۆدێرنە واتە شنەبای خۆرئاوا، واتە شنەبای کۆیلەکردنی وڵاتو بەشبەشکردنیو تاڵانکردنیو تێکشکاندنی پێکهاتە فیکریو رۆحیو مرۆییەکان ".[2]

هاوکات بەشێکی زۆری خۆرهەڵات جگە لەم کەسەش مۆدێرنە وەك بەرهەمو دەسکەوتێکی خۆرئاوا رەتدەکاتەوەو گومان دەخەنە سەریو بڕوایان وایە ئەو مۆدێرنەیەی کەوا بڕوا دەکرێ بانگەشەبێت بۆ پێشکەوتن، هەموو پاساوێکی شەرعی بەخشیوە بەخۆی تەنانەت ئەگەر خۆیشی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا بەڕێگەیەکی توندوتیژیو زۆرداری دەبێ ". [3]

رەنگە ئەم ترسە لەبەردەم مۆدێرنەو دەسکەوتەکانی خۆرئاوادا ، ترس بێت لەناسنامە ، چونکە مۆدێرنە بەمایەی لەنێوچوونی ناسنامە دەزانن ، پێیانوایە گرفتی لەدەستدانی ناسنامە بەتایبەت دوای زاڵبوونو سەرکەوتنی خۆرئاواو بەرزبوونەوەی شارستانییەتەکەیو فراوانبوونی لەجیهاندا سەری هەڵداوە".[4] چونکە ناسنامە گرنگترین بەشو پێکهاتەی کلتورە . هەرچەندە لەنێوجیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵات بەگشتی بیروڕاو بۆچوونی دیکەمان

هەیە کەجیاوازتر لەم ئاراستەیە لەمۆدێرنەو دەسکەوتەکانی خۆرئاوا دەڕوانێ ، بەڵام دیدگای ڕەفزکردنەوەی خۆرئاواو نزیك نەبوونەوەی کلتوری لەخۆرئاوا زاڵتربووە لەکۆنەوە تا ئەمڕۆش .نمونەی ئەو بیروڕا جیاوازانەش بۆچوونی (بورهان غلیون)ە، کەدەڵێت:" ئایدۆلۆژیای مۆدێرنە بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگە پەرەی سەندووە لەسەر بەعەقڵانیکردنی ئەو بزاڤە ، بەشێوەیەك کەکۆمەڵگە ناتوانێ بەچالاکی فراوانو دەستپێشخەریو گۆڕانکاری مێژووی گەورە هەستێ ، بێئەوەی لەتۆماری عەقڵانیدا خۆی تۆمارنەکردبێت ".[٥]
هەروەها (د.محەمەد عابد ئەلجابری) ش بیروڕای وایە کە" مۆدێرنە بەمانای نوێکردنەوەی میتۆد ، نوێکردنەوەی تێڕوانین دێ ، ئامانج لێی ڕزگارکردنی تەسەورمانە بۆکلتور لەناواخنی ئایدۆلۆژیو....تاد".[٦] بەڵام گرفتەکە تەنانەت لەوێدایە کەچەمكو دەسکەوتێکە دیکەی وەکو (مافی مرۆڤ)یش ، وەك بینراوێکی نێو جیهانی خۆرئاوا دیسان وەك مۆدێرنەو چەمکەکانی تر ڕەفز دەکرێتەوە لەلایەن بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتەوە ، بەشێوەیەك مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و سەربەستییەکانی نەك لەم نێوەندەدا نزیکبوونەوەو بەیەکگەیشتنی کولتوری لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا دروستناکەن ، بەڵکو بگرە زیاتریش دەبنەمایەی دوورکەوتنەوەو پێکدادانو نزیککردنەوەی بەریەککەوتنی کولتوریش لەدواتردا .
کەسسێکی وەکو (محەمەد مەهدی شەمسەدین ) دەڵێت:"دروشمی مافی

مرۆڤ کەلەم ساڵانەی دواییدا وروژێنراوە لەسەر چوارچێوەیەکی جیهانی فـراوان ، تێبینی دەکەین کە لەزۆربەی کاتـدا دژی ئیـسلامو مـسوڵمانانو عـەرەب بەکاردێت". [٧] جگە لەم بیروڕایەش کەسانی دیکەش چـەمکی مـافی مـرۆڤ رەفز دەکەنەوەو وەك میکانیزمێك بۆ بەدەست هێنـانی ئامـانجو مەبەسـتو بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆرئاوا وێنای دەکەن ، بەجۆرێك بڕوایان وایە کـە خۆرئاوا هەوڵدەدات دروشمەکانی مافی مرۆڤ بۆ مەبەسـتی سیاسـی تـەوزیف بکات ، کەهیچ پەیوەندییەکی بەلایەنە سیاسـیو بـەهاییو مۆراڵییەکانـەوە نیە ، بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەندی بەئاینی ئیسلامو جیهانی ئیـسلامییەوە هەیە. [٨] یاخود بیرمەنـدی ئیـسلامی ( ئەبوعـەلای مـەودودی ) دەڵێـت:" هەرگیز وشەی دیموکراسیەت بۆ سیستێمی دەوڵەتی ئیـسلامی راسـت نیـە ، بەڵکو راسترین گوزارشت حکومەتی ئیلاهییە ". [٩] بـەبڕوای ئێمـە گرفتـی ئەمجۆرە وێناکردنە لەخۆرهەڵاتەوە بۆخۆرئاوا ، بەشـێکی دەکەوێتـە ئەسـتۆی خۆرئاوا خۆیەوە ، چونکە خۆرهەڵات بەگشتی لەبەردەم دوو وێنـەی جیـاوازی خۆرئاوادا بووە، لەقۆناغەکانی پێشوودا و لەسەردەمێکی مێژووییدا . وێنـەی خۆرئـاوا وەکـو پیـاوێکی رۆشـنگەرو عـەقلانیو هیومانیـست لەسـەرەتای سەدەی نۆزدەدا خـۆی بەرجەسـتە دەکـرد ، بـەڵام هەرچـی وێنـەی دووەمـە لەسەدەی بیستدا، وێنـەی پیـاوێکی کۆلۆنیالیـست وەك هێزێکـی داگیرکـەر خـۆی نمـایش دەکـردو نیـشتمانی گـەلانی ئیـسلامی خـستە ژێـر تێـزی

کۆلۆنیالیزمیانەی خۆیـەوەو شۆڕشـی ئازادیخوازانـەی گـەلانی سـەرکوتکردو هێرشێکی هەمەلایەنەی فەرهـەنگیو ئـابوری بـۆ سـەر گـەلانی داگیرکـراو دەسـتپێکرد.[١٠] بێگومـان ئەمـەش کاریگـەری هـەبوو لەسـەر مرۆڤـی خۆرهەڵات کە لەدۆخی یەکەمـدا، خۆرهـەڵات کرایـەوە بـەرووی خۆرئـاوادا، بەڵام لەدۆخی دووەمدا بەتەواوی داخـرا کەتەنانـەت کەوتـە بەرپەرچـدانەوەی خۆرئـاواو هـەموو دەلاقـەو پەنجـەرەکانی روانـینو بەیەکگەیـشتنو بینینـی خۆرئاواشی داخست . لەدۆخی یەکەمدا کرانەوە بەرووی خۆرئـاوادا گەیـشتە ئـەوەی کـە کەسـێکی وەك ( جەمالـەدینی ئـەفغانی ) لـەبارەی ریفـۆرمو چاکسازییەوە لەخۆرهەڵاتدا بڵێ:" لەسەر مـسوڵمانانە پێویـستە کرانـەوەیان بەسەر رۆشـنبیریو شارسـتانیەتی ئـەوروپا، هۆکـارێکی یارمەتیـدەر بێـت بۆزانینی ئاینەکەیان بەشێوەیەکی راست".[١١] هەروەها هەرچی ( موحەمەد عەبدە)شە ، زیاتر بایەخی بـەم کرانەوەیـە دەداو لـەزۆرێك لەبۆچـوونەکانیدا بزاڤێکـی گـەورەو گرنگـی ریفـۆرمی ئـاینی بـەدی دەکرێـت، بەتایبـەت دیارترینیان ئەوەیە کەدەڵێت:" پێویستە لەسەر هەریـەکێك لەخـەڵك بـەپێی توانای خۆی لەئایەتەکانی کیتاب تێبگات". یان لەشوێنێکی تـردا دەبێـژێت :" خوای گەورە لـەرۆژی قیامەتـدا پرسـیارمان لێناکـات دەربـارەی گوتـەی خەڵكو چۆنێتی تێگەیـشتنمان لـەو گوتانـە، بـەڵکو پرسـیارمان لێـدەکات دەربارەی ئەو کتێبەی کە بۆ رێنمایی کردنمانی ناردووە".[١٢]

# باسی دووەم

## (وێنەی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی
## لەدیدی بەشێك لەخۆرئاوادا )

چـۆن وێنــەی خۆرئــاوا و دەســکەوتو کایــەو بوارەکــانی لەدیــدی جیهــانی ئیسلامیو خۆرهەڵاتــدا بــەرەفزکردنو قبوڵکردنیــشەوە ئامــادەیی هــەبووە، بێگومان هەمان حاڵەتو وێنەی خۆرهەڵاتیش لای خۆرئاوا بوونی هەیە. ئــەو وێنە کاریکاتێریانەی رۆژنامەی ( یولاندس بۆستن) لەوڵاتی دانیمارك ، جگــە لەدەرکەوتنەوەیەکی دیکەی مێــژوویی بەرامبــەر خۆرهــەڵات هیــچی دیکــە نەبوو ، جگە لەوەی بەشێك لــەکولتوری خۆرهەڵاتناســی ،کــەزۆر تێڕوانینــی دەمارگیرانەو دەروونبەرزانــەی هەنــدێ لەخۆرئاواییــەکان بەرامبــەر تــەواوی پێکهاتەکانی کولتوری خۆرهەڵات لە ( ئاین ، زمان، هۆزەکان، دابو نــەریت ...تاد) ،هۆکاربوون بۆ دروستکردنەوەی شەڕی کولتوری نێــوان خۆرهــەڵاتو خۆرئاوا، ئەو دیــدو تێڕوانینانــەی کــەخۆرئاوا هەیــەتی بــۆدەرەوەی خــۆی ، وێناکردنێکــە یــاخود تێڕوانینێکــە کەلــەدەرەوەی خــۆی بەرەگەزپەرســتو ناشارستانیو کێویو بێ مێژوو وێنا دەکات.[١٣]

هەروەها مرۆڤی خۆرهەڵات لای خۆرئاواو لەعەقڵی خۆرئاوادا لۆژیکی نیـە ، بەڵکو بەرەڵاو مشەخۆرەو لەمرۆڤی خۆرئاوا جیاوازە.[١٤] لـەم وێنەکێـشانەی خۆرهەڵاتدا بەشێکی گـەورە لەخۆرهەڵاتناسـی پـشکی زۆری بەردەکـەوێت ، چونکە دیدگاکانی خۆرهەڵاتناسی بناغەی زۆر تێڕوانینی دیکـەی خۆرئاوایـە بۆ خۆرهەڵات . روونتر بدوێین ئەو وتەیەی خۆرهەڵاتناس (رۆیـارد کپلێـنگ) کــەدەڵێت :" خۆرئاواییــەکان ژیــرنو خۆشەویــستی ئاشــتین ،ئــازادیخوازن، لۆژیکین، زاڵو بەتوانان بەســەر بەدەســتهێنانی بــەهای راســتەقینەدا، بــەڵام خۆرهەڵاتیەکان هیچ شتێکیان لەو سیفەتانە نیە ".[١٥]یان لەشـوێنێکی تـردا دەڵێت :" خۆرهەڵات خۆرهەڵاتەو خۆرئاواش خۆرئاوایـە، هـەرگیز بەیـەکتری ناگەن".[١٦] لەراستیدا ئەمـە وێنـاکردنێکی تـەواوە بـۆ خۆبەگـەورە زانینـی مرۆڤی خۆرئاوایی لەلایەکەوەو لەلایەکی تریـشەوە بـۆ بـچوكو بـێ ئـەرزش سەیرکردنی مرۆڤی خۆرهەڵاتی. یاخود کاتێك (رینیە دیکارت ) دەڵێ:" منە بیردەکەمــــەوە ، کەواتــــە مــــن هــــەم " ئەمــــە بەمانایــــەك لــــەماناکان جەختکردنەوەیە لەهەژموونی ئەورووپا بەسەر تەواوی جیهاندا ، کەئـەوروپاش تەوەری سەرەکی خۆرئاوایە ، هەرچەندە ئەمە دیـدێکی فەلـسەفیانەیە بـەڵام دەچێتە نێو گوتاری سـێنترالیزمی خۆرئاواییـەوە.[١٧] هـەروەك ئـەم وتەیـەی دیکارت بەم ماناو گوتارە لای کەسێکی وەکو ( ژاك دێریدا)و بیری ( پۆسـت مۆدێرنە)ش قبوڵناکرێو دەخرێتە بەر راڤـەکردنو لێکدانـەوەی جیـاوازەوە ،

بەجۆرێك دێریـدا لـەو وتەیـەی دیكارتـەوە خـۆ بەسـێنتەر زانینـی ئـەوروپا دەبـینێ، بەشـێوەیەك كەجگـە لەئـەوروپا فیكـر لـەهیچ شـوێنێكی دیكـە نادۆزرێتەوە، هاوكات لەنێوان بیركردنەوەی دیكارتو مندا بـەهیچ شـێوەیەك بۆشاییو دەرفەتێك نیە بۆ منو بیركردنەوەی یەكێكی دی بەدی ناكرێـت.[18]
كەئەمە خەسـڵەتێكی دیـاری نێـو گوتـاری كولتـوری خۆرئاوایـە بەگـشتیو لەبەرامبەر خۆرهەڵاتدا بەتایبەت . یان زۆرێكی تر لەخۆرهەڵاتناسـان كاتێـك دەربارەی هۆزو نەتەوەو گەلانی خۆرهەڵات نوسیویانەو دەدوێن ، بەچـاوێكی نزمو سوكو دەروونبەرزانەوە شرۆڤەیان كردوون، بۆنموونە كەسانی وەكو ( ڤـۆن بیخستیدو ڤۆگەلو هـانس تیمـاو فاولـەرو ڤاگنـەرو بـارۆن نۆلـدە ) گـەلی كوردیان بـەدزو جـەردەو خوێنرێـژو پیـاوكوژ داوەتـە قەڵـەم.[19] هـەروەها ژمارەیـەك لەخۆرهەڵاتناسـان بەچـاوی پوچـگەراییەوە بـۆ دابو نـەریتو فەرهەنگو كولتـورو بـەهای كۆمەڵایـەتی گـەلانی خۆرهـەڵاتیان روانیـوە، نموونەی دیكەش زۆرە.
ئەگەر لەچوارچێوەی ئۆرێنتالیزمو خۆرهەڵاتناسەكانیشدا بچینەدەرەوە ، ئـەوا لەئەمڕۆشدا وێناكردنێكی خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی لەلایـەن خۆرئـاواوە بەدی دەكەینەوە.(صامۆئیل هنتنگتۆن ) كەبەم دواییانە تیۆری ( پێكـدادانی شارستانیەكان)ی نوسی ، تێیدا بەروونی خۆبەگەورە زانینی خۆرئاواو بەبچوك نیـشاندانی خۆرهـەڵات بەرجەسـتەدەكات ، كاتێـك دەڵێـت:" مـەزنێتی

شارستانێتی خۆرئـاوا تـەنها لـەوەدا نیـە کـە جیهانییـە ، بـەڵکو لەوەدایـە کەتاکانەیە لەجیهاندا " پێشنیارەکانی هنتنگتۆن دەنگدانەوەیـەکی فراوانـی تەنها لەسەر جیهانی زانستو مەعریفە نەداوەتەوە ، بـەڵکو لەسـەر ئاسـتی ڕەوایـەتی لەسـەر ڕەفتـاری سیاسـی خۆرئـاوا بەرامبـەر خۆرهەڵاتیـشی داوەتەوە،[٢٠] تەنانەت لەوێناکردنێکی خۆرهەڵاتـدا زۆر توندوتیـژ دەڕواتو لەئاستێکی نزمی عەقڵانیدا تەماشایان دەکـاتو دەڵێـت:" تەنانـەت ئـەوان (کەزیاتر مەبەستی خۆرهەڵاتیەکانـە - توێـژەر-) ناتوانـان لـەدەرك کـردنو بڵاوکردنـەوەی بـەهای مرۆیـی خۆرئـاوایی لەجیهانـدا ، نـەك دەسـتکورتن بەگوتاری عـەقڵانی لەنموونـەی ئێمـە، بـەڵکو ناتوانـان لەبەدەسـت هێنـانی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە ،خراپتر لەوەش ئەوان هەمـەجو شـوانن و هەڕەشە دەکەن بەداڕماندنی تاکە ڕۆشنبیرییەکەمان لەجیهاندا ".[٢١]

هـەروەها لاپـەڕە هـەژدەی کتێبـی ( سـپی ) بـەرگری فەرەنـسی سـاڵی (١٩٩٤) ئەم گوزارشتەی تێدایە کەدەڵێت:" بێگومان توندوتیـژی ئیـسلامی وێنای زۆرترین مەترسیو هەڕەشە بۆئێمـە بەرجەسـتە دەکـات ، زیـاتر لـەو جێگەیەی کە شیوعیەت وەك دوژمنێك بۆ جیهانی خۆرئاوایی داگیرکـردووە، بۆیە ئەگەر ڕاست بێـت بێگومـان ئێمـەی خۆرئـاوایی لـەپێناوی بونیادنـانی خۆماندا وێنەی ئەوانی تر بشێوێنین ، ئەوا پێویستە بـەگوێرەی ئـەم لۆژیکـە کاربکـەین لەسـەر دامـاڵینی سـیفەتی مـرۆڤ لـەوانیتر ".[٢٢] بۆیـە ئـەم

وێناکردنانەو پێشتریش روانینی بەشێك نەك هەموو خۆرهەڵاتناسان لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستدا سیفەتی شەرعیان دابڕیوە بەسەر زاڵبوونی خۆرئاوا بەسەر خۆرهەڵاتدا ،هەروەها هاوکاریشیان کردوون بۆ خولقاندنی وێنەیەك بۆ خۆرهەڵاتی دوژمنو مەترسیو پێچەوانەی عەقڵ.[٢٣] بەڵام بەبڕوای ئێمەو بەگوێرەی بەڵگەی خۆرهەڵاتناسیش، پێش ئەم مێژووەش ژمارەیەك لەخۆرهەڵاتناسان وێنای خۆرهەڵات بەگشتیو تەنانەت کەسێتی پێغەمبەرو ئیسلامو هۆزو نەتەوەو گەلانی خۆرهەڵاتیشیان بەتایبەت بەرجەستەکردووە . وەك روانینی دەروونبەرزانەو نابابەتییانە- توێژەر - .

هەروەها زۆر وێنەشیان بۆ ئەم کاراکتەرانەی خۆرهەڵات کێشاوە، رەنگە دیارترینیان ئەوەبێت کە وتوویانە:" ئیسلامو کتێبە پیرۆزەکەی بەسروشتی خۆی بەندیخانەیەکە بۆ ئازادی عەقڵو گرێ کوێرەیەکە لەبەردەم بوژانەوەی فەلسەفیدا". یان دەیانووت :" فەلسەفەی ئیسلامی شتێك نییە جگە لەوێنەیەکی شوێنراوی رێبازگەی ئەرستۆ یاخود راڤەکردنی ".[٢٤] لەراستیدا ناکرێ لێدوانە مەعریفیو بابەتیە جوانەکانی تری هەم خۆرهەڵاتناسانو هەم فەیلەسوفو بیریارانی خۆرئاواش فەرامۆش بکەین کەلەروانگەی توێژینەوەی زانستیو بابەتیەوە وێنەی خۆرهەڵاتیان کێشاوە ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم وێنەکێشانەی پێشووی خۆرهەڵاتناسیو باشتر بڵێین وێناکردنەکانی رابردووی خۆرهەڵات تائەمڕۆش زیاترە لەروانینە بابەتیەکانو لە توێژینەوە

زانستیەکان ، واتەئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەوەنــدەی ئیــسلام وەك هێــز، وەك روئیای پێش وەختو وێنە بۆکێشراوی داکەوتوو ، بەجێماو دەناسرێ، هێنــدە وەك توێژینەوەی ئیسلامناسی ئامادەیی نیە.[٢٥]

# باسی سێیەم
# ( هۆکارەکانی بەریەککەوتنی کولتوری نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا)

ئەو وێنە کاریکاتێرییانەی وڵاتی دانیمارك کەبڵاوکرانەوە لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر﴿د.خ﴾و ئەو نارەزایی دەربڕینانەی خۆرهەڵاتو دونیای ئیسلامی بەتایبەتو هەرچەشنە بەریەککەوتنێکی تر هەروا ساکارو سانا نیە، بەڵکو چەندین هۆکار لەپشتیانەوە ئامادەییان هەیە ، بەشێوەیەك هەرکەسێك وێنەکانی رۆژنامەی (یولاندس بۆستن)ی دانیمارکی بینیبێت ، تێدەگات کە هەموو دەلالەتەکانی ناو وێنەکان ، هەموو رەخنەکانی پشت وێنەکان ، هەموو گاڵتەجاڕی وێنەکان، دواجار پەیامی هەموو کاریکاتێرەکان لەبنەڕەتدا دەلالەتو رەخنەو قسەکردنی توندی کولتوری بوون لەسەر کولتوری خۆرهەڵات بەگستیو کولتوری ئیسلامیو خودی پەیامبەرەکەشی بەتایبەت .

بەفراوانتر روانین بۆ ئەم بەریەککەوتنە زبرەی نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا چەند هۆکارێکمان لاگەڵاڵە دەبێت کەدەکرێ کورتو پوختیان بکەینەوە :

## * دژایەتیکردنی هەریەکە لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا بەبەردەوامی بۆ یەکتر )

لەمبارەوە پرۆفیسۆر ( فرنر کلاوس روف)ە دەڵێت :" دوو هۆکاری سەرەکی هەیە ،لەلایەك لاساییکردنەوەیەکی رەگداکوتاوی دوژمنایەتی لەخۆرئاوا بۆ ئیسلام هەیە، لەلایەکیترەوە رەگو ڕیشەی قوڵی دوژمنایەتی خۆرئاوا لەخۆرهەڵاتیشدا هەیە، رەگو ڕیشەی ئەم دوژمنایەتیەی نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاواش لەبنەڕەتدا گوزارشتکردنە لەنێوان دوو شێواز بۆ ژیان کەهەر یەکێکیان ئەوی دیکە نەفی دەکاتەوە".[٢٦] بیرورایەکی تریش پێی وایە کەلەتوندترین جیاوازییەکانی نێوان جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا لەکاتی ئێستادا بریتیە لەجیاوازی نێوان خۆرئاواو ئەوەی پێی دەوترێ بزوتنەوە فەندەمێنتالیزمەکان.[٢٧] لەلایەکیترەوە ڕووندەبێتەوە هەژموونی نفوزی سیاسیو رۆشنبیری خۆرئاوا لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا لەگرنگترین ئامانجەکانی هەموو بزوتنەوە فەندەمێنتالیزمو هاوچەرخەکانە ، گرنگترین هۆکار لای فەندەمێنتالیزمەکانیش بریتیە لەهاندانو جوڵاندنی جەماوەر بەدروشمەکانی دژی خۆرئاواو ئەو مەترسیەی کە نفوزی خۆرئاوا لەکۆمەڵگەکاندا بۆ ئاینی ئیسلامی پێکهێناوە.[٢٨] ئەم دژایەتیکردنە لەسەر ئاستی هەردوولا دەبینرێ، بەڵام لەسەر ئاستێکی کەمینە نەك زۆرینە.

دژایــەتیکردنی نفــوزی خۆرئــاوا لای بزوتنـــەوە ئیـــسلامیەکان راســتیەکی حاشاهەڵنەگرە ، چونکە " فیکری ئیسلامی نوێ بــەرەنجامی بەریەککــەوتنی نێــوان خۆرهــەلاتو خۆرئاوایــە "[٢٩] و" بزاڤــە ئیـــسلامیەکانو کۆمــەڵگــە مــسوڵمانەکان نــاتوانن بــەو فیکــرەی کەئێــستا هەیــە رووبــەرووی ئەرکــە سیاسییو فیکریو شارستانیەکانی قۆناغی داهاتوو ببنەوە ".[٣٠]

لەبارەی ئــەم دژایەتیکردنــەوە ( ئیــدوارد ســەعید) وادەبــینێ کــە" ئیــسلام بەنیسبەت بەشێکی زۆر لەئەوروپاو خۆرئــاواوە ، تــەنها ســیمبۆڵێك نیــە بــۆ ترساندنو لــەنێوبردنو فــەوجێك نیــە لەبەربــەرەکان ، بــەڵکو هۆکــاری ئــەم بەریەککەوتنە ئەوەیە کــە ئیــسلام بــەردەوام کارەســاتێکی تراژیــدیا ئــامێزە ".[٣١] بەتایبــەتیش کەدژایــەتیکردنی ئیــسلام لــەخۆرئاوا بــووە بەنیمــچە ئایدۆلۆژیایەك.[٣٢] هەر لەم روانگەوە (محەمەد ئارکۆن ) دەڵێــت:" هۆیــەکانی راگەیاندنی فەرەنساو ولاتە خۆرئاوایەکانی تــریش ئــەو خەیاڵدانــە نێگەتیڤــە بەهێزدەکەن کەلەدژی ئیــسلامە ".[٣٣] هاوکــات ئــارکۆن لــەبارەی ئاگــاییو هۆشیاری هاوچەرخی ئیسلامیەوە دەدوێو بــڕوای وایــە کــە ئــەم ئاگاییــە ، ئاگاییەکی تەواو نەخۆشەو بگرە زۆریش نەخۆشە. تەنانەت تــا ئــەو جێگەیــە دەڕوات کەفیکری ئیسلامی بەهەموو کۆپییەکی عــەرەبی یــان فارســی یــان تورکی یان پاکستانیو ....تاد، تائەمڕۆش کەوتۆتە ژێر قورسایی هەژمونی سیستەمی بیری سەدەکانی ناوەڕاستەوە.[٣٤] ئارکۆن داوای گــۆڕینی دەکــات

بەو شێوەیەی کەدەڵێت:"کاتی ئەوە هاتووە مەیلی مۆرالیستی یان ئەوەی گوایە مۆرالیستیەو وەعزدانانی باوی عەرەبی ئیسلامیە تێبپەڕێنین، کەهیچی وای بۆ خاوەنەکانیان تێناچێت ، بۆئەوەی بخرێنە ناو رەخنەیەکی مەعریفی قوڵەوە ". (٣٥)

هەروەها بەشوناسکردنی ئیسلامو بەئایدۆلۆژیکردنی گوتاری ئاینی لەخۆرهەڵاتدا، کاریگەری گەورەی هەبووەو هەیە لەسەر بەریەککەوتنی کلتوری نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا ، چونکە ئەمڕۆ پرۆسەی بەشوناسکردنی ئیسلام ، تەنها وەك شوناسی عەرەبی یاخود ( هەرنەتەوەیەکی تریش-تویژەر-) لێکنەدراوەتەوە، بەڵکو وەك شوناسی ژیاریی بەرامبەر شوناسی خۆرئاوا لێکدەدرێتەوە، هەروەها پرۆسەی بەشوناسکردن لەژێرکاریگەری وێنەکانی دەرەوەدا دروستبووە، لەوانە وێنەی داگیرکاری خۆرئاوا.(٣٦)

## * (جیاوازی جەوهەری نێوان کلتورەکان لەبنەڕەتەوە)

هەندێکی دیکە بڕوایان وایە ، ئەم بەریەککەوتنە کلتورییە دەگەڕێتەوە بۆبوونی جیاوازی کلتورەکان لەبنەڕەتەوە، کەتەواوی کلتوری خۆرهەڵاتو خۆرئاوا لەیەکتری جیاوازن .لەمبارەوە ( ماکس گالۆ) دەڵێت:" دوو عەقڵیەتی تەواو جیاواز هەیە، عەقڵییەتی جیهانی ئیسلامی ، سەرتاپا نقوم بوو بەپیرۆزییەکان ، کەهێشتا نوێگەریو بەعەلمانیکردنو ئازادی

بیرکردنـــەوەی بـــەخۆوە نـــەدیوە، لەگـــەڵ عـەقڵییـــەتی خۆرئـــاوایی(ئـــەوروپی‌و ئەمریکی) کەهەموو ئەوەی دیوەو هەندێ جاریش تائاستی لەئەنـدازە بـەدەر پێی تێربووە، پاشانیش ئیدی چۆن دەشێت ئەم دوو عەقڵیەتە بەیـەك بگـەن؟ ئەوەی لۆژیکییە پێکدادانیانە ". [37]

وەك پێشتریش باسمان کرد کەهەنـدێ کـەس ململانـێ‌و بەریەککەوتنـەکانی نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا واشرۆڤە دەکات کەگوزارشتە لـەململانێ لـەنێوان دوو شێوازدا بۆژیان کەهەریەکەیان ئەویتریان نەفی دەکاتەوە.[38]

بەڵام هۆکارەکە لای محەمەد ئارکۆن جیاوازترە، چونکە ئەرەگۆن بڕوای وایە ئەو ئیـسلامەی کـەخۆرئاوا بـۆ یەکـەمجار ناسـیویەتی، ئیـسلامی چـەرخی شارستانییەتی کلاسیکی‌و چەرخی زێڕینی خۆی نەبووە، بەڵکو ئیـسلامێکی سیکولاستیکی بوو، بۆیە لێرەوە ئەو هەموو حوکمە پێشوەخت‌و کێـشەدارانە بەرهەم هێنراون.[39] واتە ئارکۆن بۆ جیاوازی نێوان کولتورەکانی ناگێڕێتەوە، هێنـدەی بۆجیـاوازی ئـەو میتۆدانـەی دەگێڕێتـەوە کـەخۆرئاوا بەگـشتی‌و خۆرهەڵات‌وجیهانی ئیسلامی بەتایبەت پێناسیوە،چونکە ئارکۆن بڕوای وایە کەجیاوازی گەورە هەیە لـەنێوان هەڵوێـستی گومانکـاری کەدەبێتـە مایـەی نەزۆکی‌و مەرگ‌و هەڵوێستی گومانکردنی داهێنەرانە لـەپێناوی دۆزینـەوەی حەقیقەتی نوێدا.[40] جگە لەمانە هەندێك هۆکاری دیکەش هەن کەبوونەتـە هـــۆی بەریەککـــەوتنی کولتـــوری نێـــوان ئـــەو دوو جیهانـــە بەتایبـــەت

بەمەرجەعبوونی کولتورو مردنـی پـرۆژەی رۆشـنگەریو ریفـۆرمی ئـاینیو پاشەکـشەپێکردنی عەقلانییـەتی ئیـسلامی لەخۆرهەلاتـدا، بـەجۆرێك ئـەم بەمەرجەعبوونەی کولتـور سـەراپای کایـەکانی ژیـانی داپۆشـیوە، ئەوکاتـە کولتور بریتی نابێت لەمەخلوقێکی دێـرین کەلـەناو تـەپوتۆزی مێـژوودا ون بووبێـت، بـەڵکو کولتـور بۆخـۆی ئەبێتـە مەرجـەع،رەمزەکانی نـاو ئـەم مەرجەعییەتە کولتورییـەش دەبێتـە دەسـەلات، دەسـەلاتێك کەسیـستەمی بیرکردنەوە لەهـەر کۆمەڵگەیەکـدا بینادەکـات.(٤١) لەلایـەکیترەوە نـەبوونی گوتـاری رۆشـنگەریو ریفـۆرمی ئـاینی هۆکـارێکی تـر بووە،بەشـێوەیەك (د.محەمەد عابد ئەلجابری) بڕوای وایە کەهەندێك لەو پرسیارانەی کـەبیریارانی فیکریو ریفۆرم خوازییەکانی سەدەی نـۆزدە وروژاندویانـە ، تـاکو ئێـستاش هـەروەکو پرسـیار ماونەتـەوەو نـەتوانراوە تێبپـەڕێنرێت.(٤٢) کەئەمـەش وایکردووە گوتاری خۆرهەلات بەگشتیو گوتـاری ئیـسلامی بـەرەو خۆرئـاوا گوتارێکی رووناکبیرانەو تەندروست نـەبێت، بـەڵکو گوتـارێکی تـەواو زبـرو کلتوریو داکەوتوو بێت کـەریفۆرمی بـەخۆوە نـەدیوە . هـەروەها جـارێکیتر لەسەر بەئایدۆلۆژیکردنی گوتاری ئاینی دەدویو پێی وایە مسوڵمانان نـوقمی نێـو ئایدۆلۆژیایـەکی تـەواوو لـەم چەشـنە کـەشو هەوایـە نـاو جیهـانی ئیسلامیشدا هیچ بیرۆکەیەکی دروستو جدی بوونی نابێت.(٤٣)

هەروەها مەترسی گەورەی بەئایـدۆلۆژیکردنی گوتـاری ئـاینی لەوەدایـە

کەجگەلەوەی تراژیدیاو کەلێنی گەورە لەبەردەم خۆرئاوا دەخولقێنێت، بەڵکو تراژیدیای گەورە بەرامبەر خودی ئاین خۆی دروست دەکات ، بۆیە پێویستە ئاین لە تەفسیرە ئایدۆلۆژییەکان پاکبکرێتەوە.[٤٤] بەتایبەت ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بگوێزینەوە بۆ دۆخی جیهانی ئیسلامیو دوای بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان، باشتر تێدەگەین کەلەبری لێکدانەوەی فیکریو مەعریفیو وەڵامدانەوەی بابەتی، تەفسیرو لێکدانەوەی سیاسیو ئابوریو ئایدۆلۆژی بۆکرا، هەروەك وەڵامی ئایدۆلۆژیو سیاسی زۆریشی درایەوە، وەك سوتاندنی باڵوێزخانەکانی دانیماركو نەرویژو سوتاندنی ئاڵای ئەمریکاو ئیسرائیلو راگرتنی بەکارهێنانی خواردنو کەلوپەلی دانیمارکیو نەرویژی لەلایەن وڵاتانی جیهانی ئیسلامییەوە، کەتەنها لەم دواییانەدا چەند دیدارێکی تارادەیەك مەعریفیو فیکریو شارستانی لەسەر دیاردەکە رێکخرا.

ئەگەر بڕوانینە وێنەکاریکاتێرییەکان زۆربەیان ئاماژەبوون بۆ گوتاری توندوتیژیو پیشاندانی پەیامبەر وەك کاراکتەرێکی توندوتیژو لەوێشەوە وێناکردنی کلتوری خۆرهەڵات وەك کلتورێکی توندوتیژو خوێناوی. ئەمە ئەگەر چی هەڵەیەکی رۆژنامەوانی گەورەبوو لەدیدی ئێمەدا ،بەڵام لەپشتی ئەم وێناکردنەوە ، هەست بەبوونو ئامادەیی هۆکارێکی تر دەکەین کەوای کردووە ئەم بەریەککەوتنە کلتورییە دروست بکات.

## * (توندو تیژبوونی گوتاری جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا لەئاستی یەكتری)

ئـەوەی ئـەمڕۆ تاڕادەیـەكی زۆرو بەبەرچـاوی زۆر میـدیای جیهانییـەوە بەگـشتی وێنـای گوتـاری ئـاینی یـاخود ئیـسلامی خۆرهـەڵاتو جیهـانی ئیسلامی بەتایبەت دەكات ، بریتیە لـەگوتاری توندوتیـژی ئـاینی قاعیـدەو تالیبان . رۆژبـەرۆژ ئـەم گوتـارە لـەرووی مامەڵەكردنـەوە خەریكـە شـوێن بەگوتارە ئاینیە میانڕەوەكان لێژدەكات، كەگوتاری قاعیدەو تالیبانو گروپـە هاوشێوەكانیشیان ، گوتارێكی توندوتیژو رادیكاڵو موحافیزكارانەیەو ئیلهام لەبیرورِا ئاینیەكانی كەسانی ئیسلامی وەك (ئەبوعـەلای مـەودودیو سـەید قوتب)ەوە وەردەگرن، كەبەگشتی لێیان بڕوانین دەرفەتێكی تێدا نابینرێو نیـە بۆ گفتوگۆی شارستانیو كولتـوری، بۆدیـالۆگی ژیـاریی نێـوان خۆرهـەڵاتو خۆرئاوا ،هەروەها كۆمەڵگەی خۆرهـەڵاتو كۆمەڵگـەی خۆرئـاوا، بـەجۆرێك دابەشكردنی كۆمەڵگەی بەشەری بۆ سەر باوەڕداریو بێباوەڕیو ئیمانو كوفر نكوڵی لێناكرێت.[٤٥] كەنەك هەر پێكەوەژیان قبوڵ ناكات ، بەڵكو كوشـتنی بەرامبەر وەك ئـەركو پاداشـت وەرگـرتنیش دەزانێـت .هەرچـی خۆرئاواشـە گوتارەكـانی خـۆی تونـدتر كردۆتـەوە، بـەجۆرێك گوتـاری ئـەمریكا وەك جەمسەرێكی بنەڕەتی خۆرئـاوا رۆژانـە بـەناوی جەنگـە خاچپەرسـتیەكانەوە

درێژەی هەیە دژی خۆرهەڵات بەگـشتیو زۆرێـك لـەوڵاتانو هێزەكـانی نێـو دونیای ئیسلامی . ئەوەی ئەمڕۆ ئەمریكا لەشەڕی تـیرۆردا دەڵـێ:" ئـەوەی لەگەڵ من بێت دژە تیرۆرەو ئەوەی لەگەڵ من نەبێت لەبـەرەی تـیرۆر دایـە"، ئەمە روونتریـن گوزارشـتە لـە شـەڕانگێزبوونی بەشـێكی گـەورە لـەگوتاری خۆرئاوا، نەك تەنها توندوتیژ بـوونی، ئـاخۆ لـەدۆخێكی وادا دەرفـەتێك بـۆ بەیەكگەیشتنی كلتوریو شارستانی دەمێنێتەوە ؟! كەلەراسـتیدا هـیچ كـام لەم دوو گوتارە توندوتیژە خزمەت بەپێكەوەژیانی مرۆڤایـەتی ناكـات. بۆیـە (نعـــوم چۆمـــسكی) لەوبارەیـــەوە دەڵێـــت:" ئـــەوەی بـــەدوای شـــەڕی شارستانیەتەكاندا دەگەڕێت، بۆشو بن لادنـن". [٤٦] بێگومـان ئـەوەی لـەم نێوەندەشدا لەهەمووان زیانی زیاتری پێدەگات، ئەوانەن كەبەڕاستی خوازیاری ژیانێكی مرۆڤانەترن. ئەوانەش وێنەی كاریكاتێرەكانیـان كێـشابوو وتیـان:" ئێمـە وێنـای پەیامبـەری راسـتەقینەی ئیـسلامان نـەكردووە، ئێمـە ئـەو وێنەیەمان كردووە ، كەلەلای پەڕگیرەكانی گروپی قاعیدە فۆرمەڵـە دەبێـت، پاشانیش ئێمە نەمان شێواندووە ، بەڵكو ئەوان شێواندویانە". [٤٧]

## * ( کاڵبوونەوەو پاشەکشەکردنی گفتوگۆو دیالۆگی شارستانیەتەکان)

پوکانەوەی دیالۆگی شارستانیەکان لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا لەمڕۆدا هۆکارێکی تری بەریەککەتنی کلتورییە، چونکە کاتێك لەبەرەی خۆرئاواوە (صاموئیل هنتنگتۆن) تیۆرەکەی بەناوی (پێکدادانی شارستانیەکان ) نوسی، ئیتر دەرفەتێکی بچوکیشی بۆ بەیەکگەیشتنی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا نەهێشتەوە، تەنانەت بەرەواشی نەزانی بەهیچ شێوەیەك خۆرئاوای عەقلانیو هیومانیستو رۆشنگەر بخرێتە ئاستی خۆرهەڵاتێکی ناعەقلانیو دواکەوتوو دڕندەوە. هەرچەندە لەنێوجیهانی ئیسلامییەوە کەسێکی وەك ( محەمەد خاتەمی ) بانگەشەی بۆ (دیالۆگی شارستانیەتەکان ) کرد، بەتایبەت لەنێوانو خۆرئاواو مسوڵمانان‌دا ، ئەوا زۆرێك لەخۆرئاواییەکان بەشدارییان لەگەڵ خاتەمیدا کرد لەو بیروبۆچوونانەیدا کەتایبەت بوون بەدیالۆگی جدیو کراوە لەنێوان مسوڵمانانو خۆرئاواداو ئەو پرۆژەیە بەپێویست زانرا ، تائەو ساتەی کەپێشبینییەکانی هنتنگتۆن لەبەریەککەوتنی ئەو دوولایەنەدا نەیەتەدی.[٤٨]

هەرچەندە خاتەمی بەم بانگەشەکردنەی جیاوازیەکی سەپاند لەنێوان جیهانی کۆنو جیهانی نوێدا،[٤٩] بەڵام گرفت لەوەدابوو کەبانگەشەی خاتەمی

نەیتوانی سەرکەوتنی کرداری وەدەست بهێنێ، چونکە خاتەمی خۆی بەتەنها بوو لەم بانگەشەکردنەداو لایەنگرانیشی لەنێو خۆرهەلاتو جیهانی ئیسلامیدا کەمبوو، بۆیە تەنانەت لەبەرامبەر هێزە موحافیزکارەکانی نێوخودی ئێران هیچ هەنگاوێکی کرداری پێنەنراو هەولەکانی تەنها لەبواری تیۆرییدا مانەوە. دواجار گرنگە ئەوەش بوترێ کەلەکۆنیشدا دەرفەتی چاوپێکەوتنی رەسمی نێوان شەرعزانو زانا مسولمانەکان لەلایەکو خۆرهەلاتناسان لەلایەکی ترەوە کارێکی ئاسان نەبووە، بەهۆی هۆکاری زۆرەوە.[٥٠] کەئەمەش بێگومان کاریگەری هەبووە لەدروستنەبوونی زەمینەی کلتوریو شارستانیو بگرە بەپێچەوانەشەوە کەئەو زەمینە لەبارە نەبووبێ ئەوا بەریەککەوتنی لێکەوتۆتەوە لەنێوان هەردوو جیهانەکەدا. هەر لەمبارەیەوە (داریۆش شایگان) دەلێت:" بەریەککەوتنی شارستانیەتەئاسیاییەکان بووە هۆی دابڕان نەك ژیانەوە، بووەهۆی لێکترازان نەك هەلقولێنی هێزە تازە لەدایکبووەکان".[٥١] تەنانەت شایگان پێ لەسەر دیالۆگو گفتوگۆی شارستانیەتەکان دادەگرێو بەپێویستیشی دەزانێ ، یەك نمونەش دێنێتەوە کەچەندە بەیەکگەیشتنی کلتورەکان بەخزمەت شکاوەتەوە بۆ مرۆڤایەتی ، کاتێك دەلێت:" پەیدابوونی قوتابخانەکانی وەرگێڕان لەکارلێکی شارستانیەتەکاندا ، فاکتەرێکی کاریگەربووە لەپەیوەندی مەعنەوی نێوان شارستانیەتەکاندا".[٥٢]

# باسی چوارەم

## (وێنەکاریکاتێریەکان وەك دەرکەوتنەوەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزمی خۆرئاوایی)

بەسەرنجدان لەو وێنە کاریکاتێریانەی کەرۆژنامەی (یولاندس بۆستن)ی دانیمارکی بڵاوی کردنەوە لەسەر کەسایەتی پەیامبەرو چەندین ئاماژەو مەدلولاتی توندوتیژیو کولتور لای خرابووە پاڵ ، پاشان بەگەڕانەوە بۆ نێو کولتوری نوسراوو وتراوو کێشراوی بەشێك لەئۆرێنتالیزم لەبارەی کەسایەتی پەیامبەرەوە(د.خ)و دەربارەی ئاینی ئیسلامیش بەتایبەت، زۆرباش ئەو راستیە تێدەگەین کەئەو وێنانە جگەلە دەرکەوتنەوەیەکی دیکەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزمی خۆرئاوا هیچی تر نەبوو، فۆرمێك کەپێشتر بەنوسین ئەم ئاماژەو دەلالەتانەی وێناکردووە لەسەر موحەمەد(د.خ)و کاراکتەرە موقەدەسەکانی نێو ئاینی ئیسلام، بەشێوەیەك جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکەین لەنێوان وتەی یەکێك لەخۆرهەڵاتناسەکانو یەکێك لەو وێنە کاریکاتێریانەدا کەرۆژنامە دانیمارکیەکە بڵاوی کردنەوە، هاوکات یەکێك

لەوێنە کاریکاتێریەکانیش بریتیە لەوێنەی محەمەد بەدەمو چاو هەڵپێچراوەوە کەشمشێرێکی هەڵکێشراوی بەدەستەوەیەو ئاماژەیە بۆتوندو تیژی کەسایەتی پەیامبەر، هەست بەهیچ جیاوازیەك ناکرێت لەم نێوانەدا. بێگومان ئەمەش جگە لەئالۆزکردنی گرێ کوێرەکانو جگە لەبەیەکدادانەوەی نێوان بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامیو دروستکردنی کێشەی قوڵ لەو نێوانەدا هیچی دیکەی بەرهەم نەهێناوە لەئێستاو لەرابردووشدا، بەڵکو هەردوولای خستۆتە سەر خۆئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی کولتوریو بەریەککەوتنی شارستانی. هەروەك ئەم کاریکاتێرانەو پاشهاتەکانی لەخزمەتی ئەوانەدایە کەبەدوای شەڕی شارستانیەتەکاندا دەگەڕێن،(٥٣) نەك دیالۆگی ژیارەکان. کەوتارەکەی پاپا بندیکتۆسی شانزەیەم دیسانو رەخنەگرتنی ئەو لەئیسلامو لەموقەدەسێکی گەورەی نێو ئەو ئاینە هەمانە مۆدێلی وێنە کاریکاتێریەکان بووە بۆگرژ کردنەوەی پەیوەندی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی.

کاتێك دەڵێین وێنە کاریکاتێریەکان بریتین لەدەرکەوتنەوەیەکی دیکەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزم، ئەوا بەلامانەوە سەیر نیە کەچەندین نموونەی نێو مێژووی ئەو فۆرمە لەئۆرێنتالیزم بهێنینەوە کەلەسەر ئیسلامو پەیامبەرەکەی وتویانە، بەجۆرێك پەیامی پشت وێنە کاریکاتێریەکان بەچەند سەدە پێش ئێستا ئامادەییان هەبووە، بەڵام ئەو بەنوسراوو ئەمیان بەوێنەی کاریکاتێریی.تەنانەت ژمارەیەك لەخۆرهەڵاتناسان زاراوەی (موحەمەدی)یان

بۆوەسفی ئاینی ئیسلام بەکارهێناوە، وەك (هاملتون جب‌و فون گرونباوم)، بگرە لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا مسوڵمانانیان بەم زاراوەیەوە ناوبردووە.[٥٤] خۆرهەڵاتناسێکی وەك(لاڤن)لەکتێبێکدا کەساڵی (١٩٨١ز) بڵاوکراوەتەوە، لەبەندێکی کتێبەکەیدا بەناوی(هەڵسەنگاندن لەتێڕوانینی خۆرئاوا)، پێغەمبەری (د.خ) لەگەڵ کەسێکی دیکتاتۆری وەکو (ئەدۆڵف هیتلەر)ی سەرکردەی نازیەکانی ئەڵمانیا بەراورد کردووەو دەڵێت:" چۆن هیتلەرو تاقمەکەی بەدەمارگیری نەتەوەپەرستی دەجولانەوە، پێغەمبەرو شوێنکەوتوانیشی بەهەمان نەریتی دەمارگیری جولاونەتەوە".[٥٥] خۆرهەڵاتناسێکی تری بەناوی(موير **Muir**) دەڵێت: "شمشێرەکەی موحەمەدو قورئان زۆرترین دوژمن پێکدەهێنن کەتائێستا جیهان ناسیبێتی بەوەی کەدژی شارستانیەت‌و ئازادی راستەقینەن".[٥٦] یان کاتێك (تۆماس ئەکینۆ) دەبێژێت:" پێغەمبەرایەتی ئاراستەیی بەزەرورەت مانای عیصمەت‌و کەماڵێتی نیە"، مانای ئەمەش بریتیە لە ئیعتراف نەکردن بەوەی کەموحەمەد هەڵبژاردنێکی خواوەندی‌و نیگایەکی ئاسمانی‌و رەبانی بێت.[٥٧] هەروەها (شێڵدۆن نامۆس ) بڕوای وایە کە"شەریعەتی موحەمەد هەر ئەو یاسا رۆمانیەی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆرهەڵاتە بەگوێرەی حاڵەتی سیاسی ناوچە عەرەبیەکان بەکاردەهێنرا، یاخود دەڵێت: یاسای موحەمەدی تەنها یاساکەی (جستنیان)ە لەبەرگێکی عەرەبیدا".[٥٨] هاوکات شاعیری ئیتالی

(دانتی ئەلاگێری) لەشانۆنامەی (کۆمیدیای ئیلاهی)دا وێنای پەیامبەری وەك کەسێکی شایانی ئازار چەشتن دەکاتو پێی وایە شایستەی ئەوەیە بچێتە دۆزەخ، چونکە بەئاسانی موحەمەد وەك دوژمنێك سەیردەکات.[٥٩] بۆیە لەبارەی ئاینی ئیسلامیشەوە کەوەك پەیامێك بەموحەمەد دا(د.خ) نێردراوە زۆر شت وتراوە، بەشێوەیەك خۆرهەڵاتناس (گرۆنباوم) لەکتێبی (شارستانیەتی ئیسلام)دا دەڵێت:" ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە دانی بەرێزی مرۆڤدا نەناوە، تەنها بەکەمێکیدا نەبێت، قورئانیش دەیەوێت مرۆڤ بەو قەناعەتە بگەیەنێت کەبەچاوی سوك سەیری بونیادی جەستەی خۆی بکات".[٦٠] لەلایەکیترەوە (مۆنتیگمری وات) سەردەمی پێغەمبەر بەسەردەمێکی پڕ لەتوندوتیژیو وەحشیگەری ناو دەبات.[٦١] دواجار زۆرێکی تر لەخۆرهەڵاتناسان وتویانە:" ئیسلام هێزێکی پیسو بەدخووە، موحەمەد هیچ نیە جگە لەبتێك یاخود خودای قیبلەو شەیتانێك".[٦٢] لەم نموونانەوە تێدەگەین کەوێنە کاریکاتێریەکانو بەشێك لەوتەکانی پاپا بەگشتی دەرکەوتنەوەیەکی دیکەی فۆرمێك لەئۆرێنتالیزم بوو، سەرەڕای ئەوەی دەبێت ئەو نهێنیەش بخەینەڕوو کە هەم وێنە کاریکاتێریەکان بەرهەم دێنێتو هەم کەسایەتیەکی رۆحی وەکو پاپا کەنزیکترین تەماسی لەگەڵ ئاینێکی ئاسمانی وەك ئیسلامدا هەیەو لەگەڵ مەسحیەتدا بەئاینە یەکتاپەرستیو ئاسمانیەکان ناسراون ئەو وتەیەی ئیمپراتۆر (ئیمانوێلی دووەم)

دێنێتەوە لەسەر کەسایەتی موحەمەد، کەدەبێت لەم نێوەندەدا ئەو جۆرە مسوڵمانانەش بەتاوانبارو بکەری سەرەکی بزانین کەئەم وێناکردنە دەبەخشنەوە بەپەیامبەری ئیسلامو بەئاینەکەشیان کەهەموو ژیانیان کردووە بەتوندوتیژیو ئیسلام لای ئەوان لەرستەیەك حەڵاڵو حەرام زیاترو لەئەهلی کوفرو ئەهلی ئیمان زیاتر نیەو رۆژانە دەستیان سور دەکەن بەخوێنی دەیەها مرۆڤی بێتاوان، وەك ئەوەی ئیسلام بۆ تۆقاندنی مرۆڤایەتی هاتبێت لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتیو جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هاتووەو پەیامبەرەکەشی سۆزو میهرەبانیەن بۆ جیهانیان، واتە ژمارەیەك لەمسوڵمانانو ئەو مۆدێلەی قاعیدەو تالیبان بەرپرسی یەکەمن لەو وێناکردنانەی کەئەمڕۆ بەشێك لەخۆرئاواو بەوێنەو بەوتە دەیکات بەرامبەر کەسایەتی موحەمەدو دواجار ئاینی ئیسلامیش.

کاتێکیش نموونەی وێنە کاریکتێریەکانی رۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکی دێتە ئاراوە جیهانی ئیسلامی لەبری خوێندنەوەی مەعریفیو کلتوریانە بۆئەم دیاردەیە، کەچی بەپێچەوانەوە ئەوپەڕی ناهۆشیارانە رەفتار دەکاتو وادەزانێت بەحەماسەتو جۆشدانی مسوڵمانانو سوتاندنی باڵوێزخانەو خۆپیشاندانو تەنانەت دەستدرێژیکردنە سەر کەنیسە کێشەکە چارەسەر دەبێتو دەتوانن ئیزافەیەك بخەنەسەر رۆشنبیری تاکی نێو جیهانی ئیسلامی. بەڵام جیهانی ئیسلامی بێ ئاگاکراوەو هۆشیاریش نیە، چونکە

وێنە کاریکاتێریەکان لەمانگی ئەیلولی ساڵی(٢٠٠٥ز)دا بڵاوکرانەوە، کەچی لەمانگی یەکی ساڵی (٢٠٠٦ز)دا جیهانی ئیسلامی نارەزایی دەربڕی، ئەویش پاش ئەوەی دووبارە وێنە کاریکاتێریەکان لەرۆژنامەیەکی نەرویژیەوە بلاوکرایەوە٠هەرچەندە ئەم حاڵەتە هۆکاری تریشی هەیە-توێژەر-).

لەلایەکیتریشەوە تێدەگەین بۆچی جیهانی ئیسلامی لەبەرامبەر نوسینەکانی رابردوو بەم شێوەیەی ئێستای رەفتاری نەکرد؟ رەنگە هۆکارەکەی جگە لەزاڵبوونی رەکەزی سۆزو عاتیفەو ونبوونی فیکرو مەعریفە، ئەوەبێت کەراستە وێنە لەگەڵ خۆیدا پەیامێك هەڵدەگرێت، بەڵام کاریکاتێر ئەو پەیامە بەجۆرێکی زەقترو بازارێتر روون دەکاتەوە، بۆیە لەراستیشدا هەروابوو، بەجۆرێك ستایلی وێناکردنەکانی کەسایەتی پەیامبەر و شتەکانی تری دەوروبەریشی لەشێوەی گاڵتەجارێدابوون، بۆیە ئەمە قبوڵ نەکرا، چونکە ئەوەی روویدا جگە لەسوکایەتیکردن بەپیرۆزی مسوڵمانان هیچی تر نەبوو، لەهەمان کاتدا داکۆکیکردن بوو لەئێرۆ سێنترالیزم.[٦٣] واتە خۆ بەسێنتەرو ناوەند زانینی خۆرئاواو ئەوروپا بەرامبەر خۆرهەڵات بەگشتیو ئیسلام و جیهانی ئیسلامی بەتایبەت.

دواجار ئەم فۆرمە لەئۆرێنتالیزم کەلەرابردوودا هەبووەو ئێستاش بەشێوەی جیاوازتر دەرئەکەوێتەوە، دیسان فاکتەرێکی گەورە بوو لەدوور خستنەوەی دیالۆگی کلتورەکانو گفتوگۆو نزیك بوونەوەی ژیارەکانو خولقاندنی کەشو

هەواو بارودۆخێکیش بوو کەبەهیچ شێویەك مرۆڤایەتی سودی لێنەکرد. هەردوولاش بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامیش ئەوەی کردیانو ئەنجامیاندا بەرامبەر یەکتری جگە لەعەبەسیەت شتێکی مەعریفیو زانستیو بابەتیو تەنانەت لۆژیکیش نەبوو.

# باسی پێنجەم

## (وێنەکاریکاتێریەکان وەك پێکدادانی کولتوری نێوان بەشێك لەخۆرئاواو جیهانی ئیسلامی)

لەراستیدا وێنەکاریکاتێریەکانو نارەزاییەکانی جیهانی ئیسلامیش بەدیوێکی تردا بریتی بوون لەجۆرێك لەبەریەککەوتنی کولتوری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی، بەشێوەیەك کەدەمانباتەوە بۆسەر قسەکردن لەچەمکی موقەدەسو ناموقەدەس لەتێروانینو جیهانبینی ئەو دوو کولتورەدا. بێگومان دەمێکە لای زۆرێك لەخۆرئاوا بەتایبەت لەدوای رێنیسانسی خۆرئاواو شۆرشی فەرەنسیو هەیمەنەی عەقلانیەتی ئەوروپاوە شتێك نەماوەتەوەو لەئێستاشدا بوونی نیە بەگشتی لەبواری فیکرو مەعریفەدا پێی بوترێت موقەدەسو پیرۆز، بەتایبەتیش لای روناکبیرانو بیریارانو تەنانەت لەئەدەبیاتو رۆژنامەگەری خۆرئاوادا لەمەر ئاینو پەیامبەرو کاراکتەرەکانی تریشی. ئەوان بەچەندین شێوە (لەنوسین،کتێب، وێنە، دراما، شانۆ، فیلمی سینەمایی،...تاد) سوکایەتیان بەئاینەکەی خۆیان کەمەسیحیەتە کردووەو بەپەیامبەرەکەشی کەمەسیح عیسایە، هەموو رۆژێکیش گاڵتە بەمەسیح

یان کەسایەتی پاپا یاخود عەقیدەی کاسۆلیکەکان دەکرێت لەسەر شاشەی (T.V)و کەسیش ناتوانێت دەنگ بکات.[٦٤]

بەمانایەکی تر ئەوان ئاینو پەیامبەرو مەزهەبە ئاینیو کاراکتەرە پیرۆزو موقەدەسەکانی خۆیان لا پیرۆز نیەو گاڵتەو سوکایەتی پێدەکەن، ئێستا مەحاڵە ئێمە بمانەوێت ئاینی ئیسلامو پەیامبەرەکەی بەموقەدەسو پیرۆز ببینن. چونکە ئەوان لەدەرەنجامی هەژمونی کەنیسەو ئاینی مەسیحیەتو ئەو هەموو تراژیدیایانەی کەمەسیحیەت لەکۆمەڵگەی ئەوروپیو کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەرهەمیان هێنا، بەعەلمانیەتێکی زۆر توندوتیژو رادیکاڵانە دەستیان پێکرد، کەئەمڕۆ ئاکامو بەرئەنجامەکانی دەبینین لەسەر ئاینو لەسەر کارەکتەرەکانیشی، بەشێوەیەك لەکۆمەڵگە بەعەلمانیکراوو سیکولاریزمیە ئەوروپیەکاندا بەتەواوەتی شتێك بەپیرۆزی نەماوەتەوە، لێرەشەوە هۆکاری سەرەکی بەدحاڵیبوون لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا دەردەکەوێت.[٦٥] بەجۆرێك جیهانی ئیسلامی پڕاوپڕە لەموقەدەسو کایەی موقەدەسکراوو مرۆڤ ناتوانێ دەستیان لێبداتو دەربارەیان بدوێت، بەپێچەوانەوە لەخۆرئاوا تەنانەت مافی سوکایەتیکردن بەموقەدەسیش بەدەست هاتووە لەماوەی سەدەی بیستەمەوە، بەشێوەیەك هەموو جۆرە شێواندنو ئابڕوو بردنێکی ئاینیو بگرە کوفرکردنو حورمەت شکاندنێکی مەسیحیەت بەتایبەتی رەهەندێکی تازەترو نوێترو توندوتیژ تری

وەرگرتووە.[٦٦] هاوکات سوکایەتیکردن بەموقەدەس تەنانەت سنورێکی دوورترو دوایین هێڵی سوری نێو کایەی موقەدەس‌و ئاین تێدەپەڕێنێت لەرۆژگاری ئەمڕۆی خۆرئاوادا، ئەویش کاتێك رۆژنامەی (فرانس سوار)ی فەرەنسی هەر هەمان ئەو رۆژنامەیەی کەدوای رۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکی وێنە کاریکاتێریەکانی لەسەر موحەمەد بلاوکردەوە"،[٦٧] جارێکیتر لەوتارێکدا کەبلاوی کردەوە بەناونیشانی(بەڵێ مافی خۆمانە کاریکاتێریانە نیگاری خودا بکێشین) زۆر بەراشکاوانە دەربارەی مافی سوکایەتیکردن بەموقەدەس تەنانەت خوداش بەمافێکی ئاسایی دەزانێت، بۆیە لێرەوە تێدەگەین مەسەلەی بلاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان لەسەر کەسایەتی پەیامبەری ئیسلام لای بەشێکی زۆری خۆرئاوا پەیوەندی بەمافی سوکایەتیکردن بەموقەدەسەوە هەیە، بەشێوەیەك خۆرئاوا دەیەوێت شتێك نەمێنێتەوە لای کەناوی موقەدەس‌و پیرۆز بێت، نەك ئەو تێگەیشتنە ئاینی‌و تابۆییەی جیهانی ئیسلامی‌و خۆرهەلات کەلەبەرامبەر بلاوکردنەوەی وێنە گەلێکی کاریکاتێری وادا بالۆێزخانەکانی نەرویژو دانیمارك دەسوتێنێت‌و وادەزانێت بەخۆپیشاندانێکی حەماسی‌و سۆزاویانە هیچی نەهێشتۆتەوەو توانیویەتی وەلامێکی عەقلانی‌و لۆژیکیانەی ئەو رۆژنامەیەو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی داوەتەوە.

لەلایەکیترەوە لەلایەن زۆرێك لەخۆرئاواوە ئەم سوکایەتیکردن بەموقەدەسەو ئەم رەخنە گرتنە توندوتیژە لێی، وەك بەشێکی گەورە لەئازادی رادەربڕین وێنادەکەن. لێکۆڵیار (ئۆلیڤەر روا) لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئەوە سادەکردنەوەیە بوترێت، ئەو کێشمە کێشەی لەئێستادا لەبارەی وێنە کاریکاتێریەکانی دانیمارکەوە هەیە بریتیە لەپێکدادانی ژیارەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، بەشێوەیەك خۆرئاوا کەبڕوای بەئازادی رادەربڕین هەیەو جیهانی ئیسلامیش کەبەتەواوەتی نکوڵی لێدەکات". (٦٨) هەروەها بەچەند سەردەمییێك بەر لەئێستا زانای بواری سۆسیۆلۆژیا(ئۆگۆست کۆنت) بیروڕای وابووە کەقۆناغی تیۆلۆجی لەژیانی بەشەریدا بەسەرچووەو سەر بەقۆناغی رابردووەو مرۆڤ تێی پەڕاندووە، ئەم هەڵوێستەش لەئەوروپاو خۆرئاواو بەتایبەتیش لەفەرەنسا بۆماوەیەکی درێژ هەژمونی هەبووە. (٦٩)

بۆیە دەبینین کاتێك خۆرئاوا سوکایەتی بەموقەدەسێکی ئاینی دەکات، ئەوا بەمافێکی رادەربڕینی خۆی دەزانێت، چونکە لەکولتوری خۆرئاوا لەسەردەمی ئێستا بەگشتی بڕوانین شتێك نەماوەتەوە پێی بوترێت موقەدەس و پیرۆز، بەڵام لەجیهانی ئیسلامی و لەخۆرهەڵاتدا رەخنە گرتن لەموقەدەس نەك سوکایەتیکردنیش، نەك هەر رێگەی پێنەدراوە، بەڵکو تاوانی گەورەشەو جێگەی وەرگرتن و قبوڵکردن نیەو بکەرو ئەنجامدەرانیشی رووبەڕووی سزای توند دەبنەوە، چونکە کولتورەکەی رەخنەگرتن و سوکایەتیکردن بەموقەدەس

قبولّ ناكات. بۆیە ئەم دوو كولتورە لەوخاڵەدایە كەبەریەك دەكەون، چونكە ئەم دوو كولتورە دیدو تێڕوانینیان بۆ موقەدەسو ئاینو كاراكتەرە پیرۆزەكانی ناوی جیاوازە لەیەكتری، بەشێوەیەك گەر ئاینو موقەدەسەكانی قسەكردنو وتن دەربارەیانو رەخنەگرتن لێیان بقەو قەدەغەكراوو حەرامكراو بێت، ئەوا لای كولتوری خۆرئاوا بەگشتی تەنانەت سوكایەتی پێكردنو حورمەت شكاندنو ئابڕوو بردنیشیان رێگە پێدراوو ئاساییەو بگرە وەك مافی رادەربڕینو وەك مافی ئاسایی ژیان تەماشا دەكرێت، چونكە بەڵگەش لەسەر ئەم جیاوازیە ئەوەبوو كەتەنانەت ئەو پەیامەش كەلەپشتی وێنە كاریكاتێریەكانەوە ئامادەییان هەبووە لەبنەڕەتدا بریتی بوو لەوەی كەهیچ شتێك پیرۆزو موقەدەس نیەو دەكرێ بكرێتە مایەی قۆشمەو گاڵتەجاڕیش.[٧٠]

لەكولتوری خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیدا تادواجار موقەدەسو پیرۆزەكان وەك خۆیان دەمێننەوەو پیرۆزیو تابۆیی لەدەست نادەنو بەردەوام درێژەشی پێدەدەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لەخۆرئاوا نەك پیرۆزیو موقەدەس درێژەو بەردەوامی نابێت، بەڵكو رۆژ بەرۆژ دەكەونە بەردەم گاڵتەجاڕیو سوكایەتی پێكردن بەمیكانیزمو ستایلی جیاوازەوە.

بێگومان سوكایەتی كردن بەموقەدەس سەرەتاكەی لەم وێنە كاریكاتێریانەی رۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیماركیەوە دەستی پێنەكردووە لەخۆرئاوا،

بەڵكو دەمێكە ئەم سوكایەتی كردنە وەك مافی سوكایەتی كردن بەموقەدەس بوونی هەیەو لەمبارەیەشەوە نموونــە زۆرە. وەك (جــۆرج گــرۆس) كەبــەباوكی نیگاركێـــشە حورمـــەت شـــكێنەكان دادەنرێـــت، هـــەروەها گروپـــی كۆمیــدی(مۆنتــای پــایتۆن)و دەرهێنــەری ئــەمریكی(مــارتین سیكۆریــسی) لەفیلمی (دواهەمین فریوی مەسیح)داو وێنەگری سویدی(ئێڵـزابێس ئۆلـسۆن) كەمەســیحی وەك كەســێكی هۆمۆسێكــسواڵ(نێربــاز) نیــشانداوە، لەگــەڵ وێنەگری فەرەنسی(بێتینا رایمز) كەوێنەی مەسـیحی لەشـێوەی لـەشو لاری ژنێكی لەخاچدراوی رووتدا بەرجەسـتە كـردووە، ئەمانـە جگـە لـەكارەكانی هەریەكە لە(والتەر مۆریس)ی كاریكاتێریستو نوسەری ئەمریكی (تیرانـیس ماك نالیو...تاد).[٧١] هەموو ئەمانــەو زیــاتریش نموونــەی ســوكایەتیكردن بوون بەموقەدەس لەخۆرئاوا.

هەروەها بەدەر لەوەی كەخۆرئاوا بەچاوی موقەدەسەوە بۆ پیرۆزیەكانی خـۆیو جیهانی ئیسلامیش ناڕوانێـت، بـەڵكو هەسـت بـەوەش دەكـەین كەهـەمان فـۆرمی ئۆرێنتـالیزمو هـەمان روانـین لـەنێو ئۆرێنتـالیزم لـەنێو روانـینو تەماشاكردنی هەندێك لەخۆرئاواوە رووەو دەرەوەی خۆیـان ئامـادەیی هەیـە، كەدەبێتە هۆی ئـەوەی وێنـە كاریكاتێریـەكان وەك بەریەككـەوتنی كلتـوری نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی خۆیان بەرجەستە بكەن.

محەمەد ئركۆن لەمبارەیـەوە دەڵێـت:"ئەگـەر خۆرئـاوا بەچـاوی خۆبەگـەورە

زانینەوە بڕوانێتە مێژووی خۆرهەڵات بەگشتی، ئەوا دوو دڵیش نابێت لەسوکایەتیکردن بەوێناکردنە ئاینیو سیاسیە دواکەوتووەکانی میللەتانی ئیسلامی".[72] واتە ئەگەر هاتوو خۆرئاوا خۆی مەزنتر لەبەرامبەر خۆرهەڵاتدا نیشاندا، ئەوا دوو دڵ نابێت لەوەی کەگاڵتە بەپیرۆز ترین کاراکتەری موقەدەسی خۆرهەڵات بکات. دواجار وەك وتمان ئەمجۆرە مامەڵە کردنانە خزمەت بەپێکەوە ژیانی مرۆڤایەتیو دیاۆگی شارستانی ناکەن لەنێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامی بەتایبەتو خۆرهەڵاتدا بەگشتی.

هاوکات هەموو جۆرە کارکردنێك بۆ رووبەڕوو بوونەوەی نێوان کلتوری خۆرهەڵاتو کلتوری خۆرئاوا، یاخود شەڕی شارستانیەتەکان بەزیانی مرۆڤایەتی کۆتایی دێتو دەشکێتەوە. هەروەك زۆر کەسی دیکە بڕوای وایە لەبنەڕەتەوە ئەم شەڕو پێکدادانو ململانێ کولتوریو شارستانیە ئەفسانەیەکی درێژ کراوەیە لەلایەن گروپێکی کەمینەوە لەسەر ئاستی هەردوو جیهان لەخۆرئاواو سەربازگەکەیەوە بەپلەی سەرەکی کەهەوڵدەدات جیهانی ئیسلامی بگۆڕێت بۆدوژمنێکی ترو لەخۆرهەڵاتو لەسەربازگەی جیهانی ئیسلامیو لەنێو وڵاتانی ئیسلامیشەوە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ جیهانی نائیسلامیو نامسوڵمانو خۆرئاوادا.[73]

بێگومان دەشتوانرێ ئەم ئەفسانەیە بگۆڕدرێو لەواقیع دوور بخرێتەوە بەسەلماندنی هەندێ خاڵی سەرەتایی بەوەی کەئیسلام تاکە دیاردەیەك نیە،

بەڵكو فرە دیاردەیە، هەروەها دەوڵەتە ئیسلامیەكان هەڕەشەیەكی ستراتیژیان بـۆ خۆرئـاوا پێكنـەهێناوە لەسـەدەی حەڤدەیەمـەوە.[٧٤] جگەلـەوەی كـە بەگرتنەبەری چەند ڕێو شوێنێكی تـر دەتـوانرێ گفتوگـۆی شارسـتانیەتەكان جێگەی ئەم بەریەككەوتنە كلتوریە بگرێتـەوە، بەتایبـەت پێكـەوە گرێـدانی ئاشـتیانە باشـترین سـتراتیژیەتە بۆدیـالۆگی ژیارەكـانو بۆپەیوەنـدی نێـوان هەردوو جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا.[٧٥] هەروەها سەرپەرشتیكردنی ناوەنـدە ئیـسلامیەكان لەلایـەن مـسوڵمانانەوە لـەخۆرئاواو پێـداگرتن لەسـەر بـەها هاوبەشو بنەڕەتە هاوبەشەكانی هەرسێ ئاینەكە.[٧٦] مەرج نیە ئێمە لەگـەڵ ئەم بیروڕاو بۆچوونانەدا بین كەپێیان وایە بـەم شـێوازو میكانیزمانـە گرفتـی نێوان خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامیو خۆرئاوا چارەسەر بەیەكجاری‌ـدەكرێت، چونكەی كێشەكانو جیاوازیەكان هێندە دوور مەوداو قوڵن، مەحاڵە ئـەم ڕێ و شوێنانە بتوانن بەئاسانی هێور بوونەوەیەك لەم نیوەندەدا بخولقێنن.

هاوكات گرنگیشە باس لەوە بكـەین كەدووركەوتنـەوەی جیهـانی ئیـسلامی لـەفیكری ئـاینی توندوتیـژو كـاركردن لەسـەر بـرەودان بەپێكـەوە ژیـانو لێبـوردەیی ئـاینی فاكتـەرێكی باشـەو لەولاشـەوە پێویـستە خۆرئـاوا دەستبەرداری گوتارو تێڕوانینە رادیكاڵو راسیـسزمی تـاك جەمـسەریەكانی خۆی ببێت رووەو جیهانی ئیـسلامیو پێویتسیـشە میكانیزمـەكانی شـەڕی دژە تیرۆر بگۆڕێت بۆ فۆرمەكانی تری شەڕی مەدەنیو دیموكراسـی بەرامبـەر

هێزە ئاینیەکانو بەرامیەر جیهانی ئیسلامی بەگشتی بۆئەوەی هەموان لەخەمی پێکەوە نانی ژیانێکدا بین کەپڕاوپڕ بێت لەخەونی ژیاندۆستیو بەهای مرۆڤدۆستانەو خاڵی بێت لەتوندوتیژیو بەریەککەوتنو لێوان لێوبێت لەتەساموحو لێبوردەیی.

# دەرئەنجــام

پاش تاوتوێکردنی بیروڕاو سەرنجو دونیابینییەکانی نێو ئەم توێژینەوە کورتو پوختە گەشتووین بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

* وێنەکاریکاتێرییەکانی ڕۆژنامەی (یولاندس پۆستن)ی دانیمارکی شتێکی تازەی تێدانەبوو، هێندەی خۆشکردنی ئاگری شەڕی کلتوریو بەریەککەوتنی شارستانی نێوان خۆرئاواو جیهانی ئیسلامیو خۆرهەڵات بوو، هەرچەندە ئەوان سنورەکانی موقەدەسیان تاڕادەیەکی گەورە تێپەڕاندووەو ئاینو سیمبۆڵە ئاینیەکان پیرۆزنین وەك خۆرهەڵاتو جیهانی ئیسلامی.

* باکگراوندی وێنەکاریکاتێرییەکان بەرجەستەکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو خەیاڵدانەی هەندێك لەخۆرهەڵاتناسانە کەرۆژگارێك لەرێگەی نوسینەکانیانەوە لەسەر خۆرهەڵاتو ئاینی ئیسلام بەگشتی ئەو وێناکردنەی ئەمڕۆیان بۆ جیهانی خۆرئاوا تاڕادەیەکی زۆر جێهێشتووە. هەروەك جیهانی ئیسلامیش نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی کلتوریو مەعریفی بۆ ئەم دیاردەیە بکاتو لەو پێگەوە سەرنجەکانی بخاتەوە ،چونکە قەدەغەکردنی خواردنو کەلوپەلی دانیمارکیو نەرویژیو سوتاندنی باڵوێزخانەکانی ئەو وڵاتانە هیچ

قازانجێك بەگوتاری مەعریفی دونیای ئیسلامی ناگەیەنێت.

* دەشێ ئەم دیاردەیە لەخۆرئاوا وەك بەشێك لەراسیسزمی خۆرئاواو جۆرێك لەگوتاری سێنترالیزمی خۆرئاواشی وێنا بکەین، کەتائەمڕۆش درێژەی هەیەو لەفۆرمی جیاوازدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، هەروەك جۆرێك لەئۆرتۆدۆکسیزمی ئاینیو ئیسلامیش لەبەرامبەر ئەم دیاردەو زۆر مەسەلەی تردا لەجیهانی ئیسلامیدا ئامادەیی هەیە نەك تێگەیشتنی قوڵی ئەبستمۆلۆژیی.

* دیوی ناوەوەی وێناکاریکاتێرییەکان هێندەی دەلالاتی کلتوریو مەعریفی هەیە بەجۆرێك پەیوەندی بەزۆر هۆکارەوە هەیە، ئەوەندە خستنەڕووی رقلێبوونەوەی مرۆڤی دانیمارکیو خۆرئاوایی نییە لەکاراکتەرێکی پیرۆزی نێو خۆرهەڵاتو دونیای ئیسلام ،جگە لەوێناکردنە بەردەوامەکانی ئەو دوو جیهانە بۆ یەکتریو رەنگە دیارترینیان ئەوەبێت کەبەشێك لەهێزە ئاینییەکانی نمونەی قاعیدەو تالیبانو گروپە فەندەمێنتالیزمەکانی نێو دونیای ئیسلامی، خۆی بەرپرسیاری گەورەبێت لەو وێناکردنو ناشیرین کردنەی بەرامبەر کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) لەخۆرئاوا دەکرێ .

* هەروەك دەکرێ ئەم دیاردەیەو پاشهاتەکانی وەك بەشێك لەکێشەی موقەدەسو ناموقەدەس لێکیش بدرێتەوە لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا، بەشێوەیەك یەکێکیان دەیەوێت موقودەس بکاتە دەرەوەی فەزاکانی

دونیابینیو روانینــی خۆیــەوە، بــەڵام ئــەویتر ئامادەنیــە دەســتبەرداری ئــەو کاراکتەرە رۆحیو سەرمایە ئاینیە ببێت.

* لەراستیدا لەئاینی ئیسلامیشدا بەگوێرەی دەقــەکانی قورئــانو فــەرمودە بەهیچ شێوەیەك رێگە نادرێت بەسوکایەتیکردنو گاڵتــەپێکردنی بیروبــاوەڕو ئاینو بەرنامەکانی ترو دەبێت رێزیــان لێبگیرێــت. هــەروەك چــۆن پێویــستە ئازادی بیروڕاو رادەربڕین هۆکارێك نەبێت بۆســوکایەتی پێکردنــی بیروبــاوەڕە ئاینیەکان لەئیسلامەوە تادەگاتە هەموو ئەو ئاینانــەی تــریش کــەلای مــرۆڤ موقەدەسنو مرۆڤەکان ئینتیمایان هەیە بۆی، سەرەڕای ئەوەی نابێت بــەهۆی هیچ هۆکارێکی ئاینیو ئەتنیو رەگەزییەوە سوکایەتی بەهیچ ئاینو رەگــەزو نەتەوەیەك بکرێت، ناشکرێ لەم نێوەندەدا بەشــێکی زۆر لەهەڵــەو تاوانــەکان نەدەینــە پــاڵ بەشــێك لــەخۆرئاوا بەرامبــەر بــەم ســوکایەتی کردنــە بەموقەدەسەکانی ئیسلام، بەتایبەت بەکەسایەتی پەیامبەری ئیسلام.

* هەرچەندە بیروڕای دیکەش پێی وایە ئــەم بەریەککەتنــە کولتورییــە هــیچ بنەمایەکی مەعریفی نیە، بەڵکو لەزۆربەی کاتدا بەریەککەوتنی بەرژەوەنــدی سیاســی کەمینەیــەکی دیــاریکراوە لەهــەردوو جیهانەکــەوەو هــەردوولاش جارجار ئاگری ئەم شەڕە خۆشدەکەن.

دواجار زۆر شتی تریش ماون کە هەموو توێژەرێك دەتــوانێ خوێندنــەوەیان بۆ بکاتو بگاتە ئەو دەرئەنجامانە.

# پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی دووەم

١. منير شفيق: الاسلام في معركة الحضارة، بيروت، دار الناشر، تونس، البراق، ١٩٩١ز،لا(٨٤).

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣. زكی الميلاد: الفكر الاسلامی، قراءات ومراجعات، چاپی یەکەم، مؤسسة الانتشار العربی، لندن- بيروت، ١٩٩٩ز، لا(٦٥).

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٦٩).

٥. د.بورهان غليون: اغتيال العقل، محنة الثقافة العربية بين السلفية والتبعية، ، دار التنوير، بيروت **١٩٨٧ز، لا( ٢٦٩ )**.

٦. محمد عابد الجابری: التراث والحداثة، دراسات ومناقشات، بيروت، مركز الدراسات الوحدة العربية، **١٩٩١ز، لا( ١٦ )**.

٧. زكی الميلاد: الفكر الاسلامی، سەرچاوەی پێشوو، لا(١١٥).

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١١٤).

٩. ئومێد قەرەداغی: کلتورو رێنیسانس، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠ز، لا(٩٥).

١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا(٨٥و٨٦).

١١. کامەران محەمەد: جەمالەدینی ئەفغانیو پرۆژەی بوژانەوەی رۆژهەڵات، گۆڤاری (هەژان)، ژمارە(١٤و١٥)، ٢٠٠٤ز،سلێمانی،لا(١٨٧).

١٢. ئومێد قەرەداغی: کلتورو رێنیسانس، سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٨-٩٠).

١٣.	ئەرسەلان تۆفیق محەمەد: مرۆڤ..بەربەرییەت.. مۆدێرنێتە، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(١٩٤)، مایسی ٢٠٠٥ز،لا(١٠٨).

١٤.	کاوە هاوراز: رۆژهەڵاتناسیو پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزم، گۆڤاری (بوار)، ژمارە(٢)، لا(٢٥١٩.

١٥.	د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، گۆڤاری (المسلم المعاصر)ی چاپی کوەیتی، ژمارە(٦٥و٦٦)، ساڵی حەڤدەیەم،لا(٣١).

١٦.	هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧.	دێریدا : رەخنە لەسێنترالیزمی خۆرئاوایی، وەرگێڕانی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا)، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، کتێبی گیرفان، ژمارە(٧٠)، لا(٦).

**١٨.**	السید یاسین: حوار الحضرات، تفاعل الغرب الکونی مع الشرق المتفرد، مختارات میریت، قاهیرە-مصر، میریت للنشر والمعلومات،٢٠٠١ز،لا(٥٢).

١٩.	هاشم صالح: الاستشراق بین دعاتة ومعارضیة، محمد ارکون واخرون، دار الساقی ، چاپی دووەم، بیروت، ٢٠٠٠ز، لا(پێشەکی وەرگێر، ( ٨). هەروەها بڕوانە کاوە هاوڕاز: رۆژهەڵاتناسیو پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزم، گۆڤاری (بوار)، ژمارە(٢)،لا(٢٤١).

٢٠.	بروفیسور فرنر کلاوس روف:الاسلام والفکر السیاسی، الدیمقراطیة، الغرب، ایران، چاپی یەکەم، **٢٠٠٠ز**،المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء-المغرب، بیروت — لبنان، لا(٢١).

٢١.	هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٤).

٢٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپڕە.

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٣،٢٤).

٢٤. ئومێد قەرەداغی: کولتوورو ڕێنیسانس، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، سەرچاوەی پێشوو.

٢٥. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەتو ئایین، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٣٨).

٢٦. بروفیسور فرنر کلاوس روف: سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٢،٢٣).

٢٧. د.اندریاس ریك: تحولات جدیدة فی الجمهوریة الاسلامیة الایرانیة، لەکتێبی(الاسلام والفکر السیاسی)یەوە، لا(١٨٣).

٢٨. هەمان سەرچاوە، لا(١٨٤).

٢٩. ئەبوبەکر عەلی: سەرنجێك لەهەڵکشانو داکشانەکانی فیکری ئیسلامی نوێ، گۆڤاری (هەژان)، ژمارە(١٤و١٥)، ٢٠٠٤،لا(١٥٩).

٣٠. هەمان سەرچاوە، لا(١٦٢).

٣١. ئیدوارد سەعید: الاستشراق، لا(٨٠).

٣٢. فرید هالیدای : الاسلام والغرب، خرافة المواجهة، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٣).

٣٣. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەتو ئایین، سەرچاوەی پێشوو، لا(١١٥).

٣٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٨٧).

٣٥. هەمان سەرچاوە، لا(١٧٤).

٣٦. ئومێد قەرەداغی: سەرەتایەك بۆتێگەیشتن لەپەیوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەئیسلامەوە، سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٤٩).

٣٧. هاشم صـالّح: رۆشـنبيرانى فەرەنـساو كاريكـاتێر، ديمـەنێك بۆقـولّیو ديـسان بۆلێكدژيش، وەرگێڕانى (ئومێد عوسمان)، رۆژنامــەى (چـاودێر)، ژمـارە(٧١)، رۆژى دووشەممە(٢٠٠٦/٤/٣)، سالّى دووەم، لا(١٨).

٣٨. بروفيسور: فرنر كلاوس روف: لـەكتێبى :( الاسـلام والفكـر الـسياسى) يـەوە، لا(٢٢،٢٣).

٣٩. د.محەمــەد ئـاركۆن: عەلمانيــەتو ئـايين، سەرچـاوەى پێـشوو، لا(١٣٧)، پەراوێزەكانى هاشم صالّح.

٤٠. هەمان سەرچاوەى پێشوو، لا(١٣٩).

٤١. ئومێــد قــەرەداغى: كلتــوورو ريێنيــسانس، گۆڤــارى ژيــار، ژمــارە(٥)، سەرچاوەى پێشوو، لا(٧٩).

٤٢. ئەبوبەكر عەلى: سەرنجێك لەهەڵكـشانو داكـشانەكانى فيكـرى ئيـسلامى نوىّ، سەرچاوەى پێشوو، لا(١٦٠).

٤٣. د.محەمەد ئاركۆن: عەلمانيەتو ئايين، سەرچاوەى پێشوو، لا(١٠٨).

٤٤. ئومێد قەرەداغى: كلتورو رێنيسانس، سەرچاوەى پێشوو،لا(٨١).

٤٥. ئەرسـەلان تۆفيـق محەمــەد: مــرۆڤ ..بەربەريــەت.. مۆدێرنێتــە، گۆڤـارى (كاروان)،سەرچاوەى پێشوو، لا(١١٠).

٤٦. سـەردار عــەزيز: كاريكاتێرەكـانى موحەمــەدو پێكـدادانى كلتورەكـان، رۆژنامەى (ئاوێنە)، ژمارە(٧)، رۆژى سىّ شەممە(٢٠٠٦/٢/٢١)، لا(١٢).

٤٧. هاشم صالّح: رۆشنبيرانى فەرەنساو كارێكاتێر، سەرچاوەى پێشوو، لا(١٨).

٤٨. د. رضوان جودت زيادة: خطاب الحرية.. خاتمى وسؤال التجديد، سەرچـاوەى

پێشوو،لا(١٨٤)، هەروەها بڕوانە السيد ياسين: حوار الحضارات، سەرچاوەی پێشوو، لا(٤٢،٤١).

٤٩. هەمان سەرچاوە، لا(١٧٥).

٥٠. بروفيسور غير نورت روتر: ايران والفكر السياسی الاسلامی، لەکتێبی(الاسلام والفكر السياسی)یەوە، لا(٢٠٨).

٥١. داریۆش شایگان: ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا، سەرچاوەی پێشوو، لا(١٩٧).

٥٢. هەمان سەرچاوە،لا(١٩٥).

٥٣. سەردار عەزیز: کاریکاتێرەکانی محەمەدو پێکدادانی کلتورەکان، رۆژنامەی ئاوێنەن سەرچاوەی پێشوو، لا(١٢).

٥٤. کاوە هاوڕاز: رۆژهەڵاتناسیو پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزم، گۆڤاری بوار، سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٥٦). هەروەها بڕوانە د.محمود الزقزوق: فی مواجهة الاستشراق، سەرچاوەی پێشوو،لا(٣٣).

٥٥. کاوە هاوراز: رۆژهەڵاتناسیو ... سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٥٦).

٥٦. د.محمود الزقزوق: سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٤).

٥٧. هەمان سەرچاوە،لا(٣٢).

٥٨. کاوە هاوراز: سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٧٢).

٥٩. سەردار عەزیز: سەرچاوی پێشوو.

٦٠. کاوە هاوراز: سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٧٣).

٦١. هەمان سەرچاوە،لا(٢٥٨).

٦٢. د.محمود الزقزوق: سەرچاوەی پێشوو، لا(١٧).

٦٣. سەردار عەزیز: سەرچاوەی پێشوو.

٦٤. هاشم صالح: رۆشنبیرانی فەرەنساو كاریكاتێر، سەرچاوەی پێشوو.

٦٥. هەمان سەرچاوە.

٦٦. كاترین گیسلاین: مافی سوكایەتیكردن بەموقەدەس، وەرگێڕانی (بڕوا عەلادین)، رۆژنامەی (ئاوێنە)، ژمارە(١٣)، رۆژی سێ شەممە (٢٠٠٦/٤/٤).لا(١٠).

٦٧. هەمان سەرچاوە.

٦٨. هاشم صالح: رۆشنبیرانی فەرەنساو كاریكاتێر، سەرچاوەی پێشوو.

٦٩. د.محەمەد ئاركۆن: عەلمانیەتو ئایین، سەرچاوەی پێشوو،لا(٨٦،٨٧).

٧٠. سەردار عەزیز: كاریكاتێرەكانی موحەمەدو پێكدادانی كلتورەكان، سەرچاوەی پێشوو.

٧١. كاترین گیسلاین، سەرچاوەی پێشوو.

٧٢. د.محەمەد ئاركۆن: سەرچاوەی پێشوو، لا(١٠٦).

٧٣. فرید هالیدای: الاسلام والغرب، خرافة المواجهة، سەرچاوەی پێشوو، دەروازە،لا(١٢).

٧٤. هەمان سەرچاوە، لا(١٦٦).

٧٥. فاروق عبدالحق:نحو لقاء سلمى بين العالمين، سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٩).

٧٦. هەمان سەرچاوە.

# پاشـــکـــۆ

## سەرەتاکانی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان
## لەرۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکیو کاردانەوەکانی
## لەلایەن مسوڵمانانەوە

## ( بڵاوكردنەوەی وێنە كاریكاتێریـەكانی رۆژنامـەی یولانـدس پۆستنی دانیماركیو كاردانەوەكانی )

لـەرۆژی (٢٠٠٥/٩/٣٠) رۆژنامـەی (یولانـدس بۆسـتن = posten- jyllands)[1] ی دانیماركی هەستا بەبڵاوكردنـەوەی (١٢) دوانـزە وێنـەی كاریكاتێری لەسەر پەیامبـەری ئیـسلام محەمـەدی كـوڕی عەبـدوڵڵا (د.خ)و دوای كـەمتر لـەدوو هەفتـەش لـەرۆژی (٢٠٠٦/١/١٠)دا رۆژنامەیـەكی مەسـیحی نەرویـژی بـەناوی (magazinet)و رۆژنامـەی (die welt)ی ئـەڵمانیو هـەروەها رۆژنامـەی (france soir)ی فەرەنـسیو هەنـدێ رۆژنامـەی دیكـە لەئـەوروپا هەسـتان بـەدووبارە بڵاوكردنـەوەی وێنـە كاریكاتێرییـەكان. بڵاوكردنـەوەی ئـەو كاریكاتێرانـەش هەسـتی زۆرینـەی موسڵمانانی بریندراركردو جیهانی ئیسلامی لەسەر هەردوو ئاسـتی سیاسـیو میللی بەشەپۆلێكی توند رووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوویەوە، بەهۆی كاریگەری ئەو پێداگریو نارەزاییانەوە گەورە نوسـەری رۆژنامـەی (france soir)ی فەرەنـسی لەلایـەن سەرنوسـەرو خـاوەنی رۆژنامەكـەوە (رامـی لكـح)[2]ی فەرەنسی بەرەچەڵەك میسریو بەئاین كاسۆلیكی مەزهـەب دەسـتی لـەكار

کێشایەوە. هەروەك ناڕەزاییەکان لەشاری دیمەشقی پایتەختی سوریا شەقڵێکی توندوتیژی لەخۆگرت، بەشێوەیەك ئاگر بەردرایە ئەو دوو بینایەی کە باڵوێزخانەی دانیماركو نەرویژی تێدابوو لەرۆژی (٢٠٠٦/٢/٤)، هەروەها باڵوێزخانەی دانیمارك لەشاری بەیروت لەرۆژی (٢٠٠٦/٢/٥) بەتەواوی سوتێنرا.

## سەرەتاکانی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان

رۆژی لەرۆژی (٢٠٠٦/٩/٣٠) یولاندس بۆستن هەستا بەبڵاوکردنەوەی وتارێك لەلاپەڕە (٣)ی رۆژنامەکەدا بەناونیشانی (رووی محەمەد)، لەگەڵ وتارەکەشدا (١٢)دوانزە وێنەی بڵاوکردەوە، کە وێنەکان لەهەندێکیاندا گاڵتەو سوکایەتی کرابوو بەپەیامبەری ئیسلام محەمەد (د. خ)و لەیەکێکیاندا عەمامەکەی پەیامبەر وەك بۆمبێکی فتیلەدار دەردەکەوێت، رەوەندی ئیسلامی هەوڵیدا ئەو وێنانە رابگرێت، بەڵام رۆژنامەکە رەفزی کردەوەو حکومەتی دانیمارکیش بەبیانووی ئازادی بیروڕاو رادەربڕین پشتگیری رۆژنامەکەی کرد. بۆیە رەوەندی ئیسلامی هەستا بەرێکخستنی هەڵمەتو گەڕانێك لەجیهانی ئیسلامیدا بۆ بەرگریکردن لەپێغەمبەر محەمەد (د.خ). وێنە کاریکاتێرییەکان هاوڕێیەتی وتارەکە بوون کە دەربارەی سانسۆری خودیو ئازادی رادەربڕین بوو بەپێنوسی (کارەبلوتکین)(٣). مەبەست

لەوتارەکەش خستنەڕووی ئەو داوایە بـوو کـە دەڵێـت: "هونەرمەنـدێك نیـە ئامادە بێت وێنەی محەمەد بکێشێت بۆ کتێبی منالآن بەبێ ئەوەی ناوی خۆی بــەنهێنی بهێڵێتــەوە، بەترســان لەپرۆســەی تۆڵەســەندنەوە کــە تونــدڕەوە ئیسلامیەکان پێی هەڵدەستن بەو هۆکـارەی بڕوایـان وایـە کـە وێنەکێـشانی محەمەد (د.خ) حەرامو قەدەغەکراوە لەئیسلامدا" بۆیە ڕۆژنامەکە ئەنـدامانی یەکێتی وێنەکێشانی کارتۆنی دانیمارکی بانگهێشت کرد بۆ کێـشانی وێنــەی پەیامبەری ئیسلام (محەمەد) بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیبینن.

لەرۆژی (٢٠٠٥/٩/١٧) ڕۆژنامەی (politiken)ی دانیمـارکی وتـارێکی بلاّوکـردەوە بەناونیـشانی (ترسـانی زۆر لەرەخنـەگرتنی ئیـسلام)، وتارەکـە دەربارەی ئەو قورسیو نارەحەتیانە دواوە کە (کاری بلوتکن)ی ڕۆژنامە نوسی دانیمارکی باسی کردووەو بۆ خۆیشی کتێبێکی بۆ منداڵان نوسیوە دەربـارەی ژیانی پێغەمبەر بەناوی (قورئانو ژیانی پەیامبەر محەمـەد koranen og profeten muhammeds) بــەڵام گرانیــەکی بینیــەوە لــەوەدا بتوانــێ قەناعەت بەوێنەکێشەکان بکات بــەوەی وێنــەی تـر زیـاد بکـات دەربـارەی پێغەمبەر بۆ کتێبەکـەی. بۆیـە ئـەم هەواڵـە گەیـشتە ڕۆژنامــەی یولانـدس بۆستنو هەستا بەئەنجامـدانی پێـشبڕکێیەك لـەنێوان (٤٠) چـل وێنەکێـشی کاریکاتێری بۆ کێشانی وێنەیەك کە گوزارشـت لەموعاناتـەکانی (بلـوتکن) بکات لەبەدەست هێنانو دۆزینەوەی وێنەکێش بـۆ کتێبەکـەیو دەرخـستنی

ئەو داوایەی کە دەڵێت: "هونەرمەندو وێنــەکێش نیــە ئامــادە بێــت وێنــەی محەمەد بکێـشێت بـۆ کتێبـی منـاڵان بـەبێ ئـەوەی نـاوی خـۆی بـەنهێنی بهێڵێتەوە". لەکاتی پێشبڕکێیەکەدا (٣) سیان لەوێنەکێشەکان پاشەکـشەیان کردو یەکێکیان هۆکاری پاشەکشەکەی بۆ ئەوە گێڕایـەوە کـە ترسـی هـەبوو لەوەی هەمان ڕووداوی بەسەردابێت کە پێشتر بەسـەر دەرهێنـەری هۆڵەنـدی (تیوفان کـوخ)(٤) دا هـاتبوو، کـە لـەرۆژی (٢/١١/٢٠٠٤) لەسەردەسـتی (محەمەد بویەری)(٥) هۆڵەندی بەرەچەڵەك مەغریبی کـوژرا، بـەهۆی ئـەوەی کە فلیمێکی کورتی (١٠) دەخولـەکی بـەناوی (ملکەچـی submission) دەرهێنا بوو، کە دەکرێ وا وەربگێڕدرێت کـە بـەمانای خـۆ بەدەسـتەوەدانو ملکەچـی دێـت. فیلمــە کــە وەك دەرهێنــەر هەوڵیــدابوو، وێنــای خــراپ مامەڵەکردنی ئیسلام لەگەڵ ژناندا بکاتو ئەمەش گرێبـدات بـە دەقـەکانی قورئانەوە.

هـەروەها وێنەکێـشێکی تـر هۆکـاری پاشەکـشەکردنەکەی بـۆ ئـەو ترسـە گێڕایـەوە کـە وەك وانـە بێژەکـەی پەیمانگـەی ( carsten niebuhr institute)ی لێبێت لەکۆپنهاگن کە ڕوبـەڕووی لێـدان بوویـەوە لەلایـەن (٥) پێنج خوێندکارەوە لەمانگی ئۆکتۆبەری سـاڵی (٢٠٠٤)دا، لەبەرئـەوەی بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە (چەند دەقێکی لەقورئان لەسەر ڕێتمی نائیسلامی خوێندبوویەوە). بۆیە پاشەکشەکردنی ئەمانە جۆرێـك لـەگیانی مەیـدانبازی

لای سەرنوسەری رۆژنامەکـە وروژانـد کـە وایـدانا ئـەوە دژی مـافی ئـازادی بیرورایـە. لـەرۆژی (٢٠٠٥/٩/٣٠) رۆژنامـەی (یولانـدس بۆسـتن) هەستا بەبلاوکردنەوەی وتارێك بەناونیـشانی (رووی محەمـەد muhammeds ansigt) وتیایدا (١٢) دوانزە وێنەی کاریکاتێری لەگەلدا بلاوکرابوویـەوەو لەوتارەکەدا ئەم دەقە هاتبوو کە دەلێت: "هەندێك لەموسلمانان کۆمەلگـەی عــەلمانی رەفزدەکەنــەوەو داوای شــوێنێکی تایبــەت دەکــەن لەلایــەنی هەلـسوکەوتکردن لەگـەل هەسـتو سـۆزە ئاینیەکانیانـدا، ئەمـەش لەگـەل چەمکە دیموکراسیە هاوچـەرخەکاندا بـۆ ئـازادی گوزارشـت کـردن لـەبیرورا ناگونجێت کەبەسەر هەموو کەسێکدا ئـەوە دەسـەپێنێ، سەرزەنـشت کـردنو گالتە پێکردن قبول بکات".

لەراستیدا وەسفی ئەو وێنایەی کە بلاوکرایەوە لەسـەر دەسـتی (١٢) دوانـزە وێنەکێشی کاریکاتێریستی جیاواز کێشرا بـوو، هـەموویان وێنـای کەسـێتی پەیامبەری ئیسلام محەمەد یان راستەوخۆ نەدەکرد وەك ، بەلکو وەسفی وێنـە کاریکاتێرییە بلاوکراوەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:

١. پیـاوێکی ریـشدار بەعامەمـەو سەرپێـچێکی سـورەوەو بەسـەر گۆچانێکدا کەوتووەو بەدەسـتێکی تـری پـەتێکی گرێـدراوە بەئاژەلێکـەوەو ئاژەلەکەش دوو تورەکەی سوری هەلگرتووە.

٢. پیاوێکی ریشدار خەنجەرێکی هەڵگرتووەو لەپشتیەوە دوو ئـافرەتی پەچەدار راوەستاون.

٣. پیاوێك کاغەزێکی هەڵگرتووەو وێنەیەکی ئاسایی‌و سادە ( **stick figure**)ی لەسەرە، کە هی پیاوێکی ریـشدارەو عەمامـەی لەبـەرکردووە، پیاوی یەکەم لەکڵاوەکەیدا پرتەقاڵ دەرکەوتووەو ئاماژەیە بـۆ بـەختی بـاش‌و وەك ئاماژەکیشە بۆ پەندێکی دانیمارکی کە دەڵێت: "چەند پرتەقاڵ کەوتۆتـە کڵاوەکەیەوە؟". هەر وەك ئەم پەندە ئاماژەیە بۆ کەسێك کە بـەخت یـاوەری بێت بەبێئەوەی هیچ کۆششێکی بە خەرج دابێت، لەبەر ئـەوەی کـە پرتـەقاڵ کاڵایەکی گران بەهاو بەنرخە.

٤. پیاوێکی ریشدار بەعامەیەکەوە لەسەری نوسراوە (لا الـە الا الله)و عەمامەکەش کەبەسەری پیاوەکەوەیە دیسان وێنای بـۆمبێکی خـڕو تـۆپیی دەکات کە فتیلەی هەیە.

٥. پیاوێکی ریشدار کـە وێنەیـەکی بەدەسـتەوەیەو بـۆی دەڕوانێـت‌و دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ دوو پیاوی ریشداری تـر کـە وادادەنرێـت یـەکێکیان شمشێرێکی هەڵگرتووەو ئەوی تریان بۆمبێك کـە پێدەچێت چـەکیش بێـت، هاوکـات پیـاوی یەکـەم دەڵێـت: "بێـدەنگبن، ئـەوە تـەنها وێنەیەکـە، کـە دانیمارکیەك لەباشوری رۆژئاوای دانیمارك دروستی کردووە".

٦. پیاوێـك لەناوەنـدێکی پـۆلیس دەڕوانێـت بـۆ ریزێـك کـە لەحـەوت

گومانلێکراو پێکهاتووەو دەڵێت: "همم... ناتوانم جیای بکەمەوە" ئەو کەسە راوەستاوانەش لەریزەکەدان بریتین: یەکەم، هیپی ئازاد لەحەفتاکانداو دووەم، سیاسەتمەدارێکی دانیمارکیەو سێیەم مەسیح پێغەمبەرەو چوارەم پێدەچێت بوزا بێتو پێنجەم لەوانەیە پەیامبەر محەمەد بێت، شەشەم، کەسایەتیەکی ئاینی هیندیەو حەوتەم، کەسیش بریتیە لەنوسەر (کاری بلوتکن)ی دانەری کتێبی منالآن (قورئانو ژیانی پەیامبەر محەمەد).

٧. پیاوێکی وێنەکێش، وێنەی دەموچاوێك بۆ پیاوێکی ریشدار دەکێشێ کە سەر پۆشێكو پەتێکی رەش بەسەریەوەیەو پێی بەستووەو لەسەری نوسراوە "محەمەد"، وێنەکێشە کە وادەردەکەوێت کە ترسا بێتو ئارەقی دەرکردووەو دەستی واداناوە وەك ئەوەی نەهێڵێت خەڵکی بیبینن.

٨. پیاوێکی ریشدار بەعەمامەوە راوەستاوە (لەوانەیە لەسەر هەور بێت)و لەبەردەمیدا کۆمەڵێك پیاو هەیەو پێیان دەڵێت: "راوەستن، راوەستن، جێبەجێکرا، ئێمە پاکیزەمان لایە".

٩. سەری پیاوێکی ریشدارو بەعەمامەیەك سەری داپۆشیوەو نیوەمانگێکی سەوزی تێدایەو ئەستێرەیەکی سەوزیش یەکێك لەچاوەکانی داپۆشیوە.

١٠. پیاوێکی ریشدار جلو بەرگێکی سپیو بنەوشەیی پۆشیوەو لەدەوروبەری سەری تەوقێکی شێوە نیوەمانگی هەیە.

١١.	گـەنجێك كراسـێكی لەبـەركردووەو لەسـەری نوسـراوە (ئاینـدە) بەدارێك ئاماژە دەكات بۆ تابلۆیەك كە لەسـەری نوسـراوە "رۆژنامەنوسـانی رۆژنامەی یولاندس بۆستن كۆمەڵێكن لە كۆنەپەرستە گاڵتە كەرەكان"و هـەر لەوێنەكەدا تیرێك هەیەو دەقێكی بۆ نوسراوەو ئاماژە دەكات بۆ ئـەوەی كـە دەڵێت: "محەمەد...... بیسكۆڵ (ناوی خوێندنگەیە كە؟) حەوت هەزار".

١٢.	وێنەیەك لێكدانەوەكەی ئاماژە دەكات بۆ ئەوەی كە محەمـەد ژنـان دەچەوسـێنێتەوە. هاوكـات چـەندین وێنـەی تـر هەیـە كـە لەچوارچێوەی هەڵمەتەكەدا بڵاوكراوەتەوەو قەدەغە كـراوە، لـەو وێنانەیـە كـە سـوكایەتی بەپێغەمبەر دەكات، بەڵام لەو وێنانە بوون كە رۆژنامەكە بڵاوی كردبوونـەوە. یـەكێك لـەو وێنانـەی تـر بریتیـە لەوێنـەی پیاوێـك كـە بـارودۆخێكی سەرشۆڕییانەدا نوێژ دەكات، وێنەیەكی تر پێغەمبەر (د.خ) تاوانبـار دەكـات بەلادانی سێكسیو وێنەیەكی تـریش شـێوەی دەموچـاوی پەیامبـەر لەسـەر شێوەی بەراز دروست كراوە، هەندێك وادادەنێن كە هەڵە بێت، چونكە بریتیـە لەبەشێك لەو وێنانەی كە لەسەر لاپەڕەكانی رۆژنامەكە بڵاوكراوەتەوە.

وێنەی پەیامبەر محەمەد (د.خ) لەكتێبی (قورئانو ژیانی پەیامبەر محەمـەد) یەكێك لە جیاوازیەكان لەقەیرانی بڵاوكردنەوەی وێنە كاریكاتێریەكان لەلایەن رۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیماركیەوە دەربارەی پەیامبەری ئیسلام، ئـەوە بوو كە زاڵكردنێكی ئیعلامی هەبوو، چونكە ئەو كاریكاتێرانە جیـاواز بـوون

لەوێنەکانی نێو کتێبی منداڵان بەناوی(قورئانو ژیانی پەیامبەر محەمەد)ی ڕۆژنامەنوس (کاری بلوتکن)، بەشێوەیەك ئەم کتێبە زیاتر لە(١٥) پانزە وێنەو سێ نەخشە لەخۆدەگرێتو وەك ئامرازی ڕوونکردنەوە بەکارهاتووە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکانداو لەلایەن وێنەکێشێکەوە دروستکراوە کە ڕازی نەبووە ناوی بهێنرێتو ئەم کتێبە ئاراستەی منداڵان کراوە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی سادەیان دەربارەی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) پێببەخشرێت. لەم کتێبەشدا هیچ یەکێك لەوێنە کاریکاتێریانەی تێدا نیە کە کێشەیەکی ئیعلامیو کاردانەوەیەکی زۆری خوڵقاند. چونکە وێنە دروستکراوەکانی نێو ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیو سوکایەتی پێکردن دروست نەکراون، بەڵکو بەرێگەیەکی کلاسیکی بەکارهێنراو دروست کراون کە پێشتر لەوێنەگرتنو وێنەکێشانی کتێبی منداڵاندا لەلایەن عەبباسیو ئومەویو زانا موسڵمانەکانەوە بەکار هاتووە.

## ئـــەو وێنانـــەی کـــە رۆژنامـــەنوس( کـــارە بلـــوتکن) لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردوونەتەوە

وێنـــــەی بــــەرگی کتێبەکـــــە رووداوی (شـــــەوڕەوی‌و بڵندبوونـــــەوە)ی بەرجەستەکردووە، بەشێوەیەك کەسێکی ریشدار دەبینرێـت لەوێنەکـەدا کـە شمشێرێك بەپشت وێنەکەیەوەتی لەسەر پشتی ئەسپێك کە دەموچاوی ژنێـك‌و دووباڵی هەیە.

وێنەی دووەم، بریتیە لەوێنـەی پیـاوێکی ریـشدار لەئەشـکەوتێکداو کتـوپڕ کەسێك کە دووباڵی هەیە دەردەکەوێت‌و پێدەچێت وێنەیەکی روونکردنـەوەیی بێت بۆ تەسلیم کردنی یەکەم نیگاو سروش بەپێغەمبەر لەلایەن جوبرەئیلەوە. رەنگە ئـەم وێنەیـە گوزارشـت لەبڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی ئیـسلام بکـات لەشاری مەککەدا.

وێنـەی چـوارەم، وێنـەی منداڵێکـە، کـە لەسـەر رانـی پیـاوێکی ریـشدار دانیشتووەو لەتەنیشتیەوە پیاوێکی ریشدار راوەسـتاو بـەدی دەکرێـت، ئـەم وێنەیە بەرجەستەی مارەبڕینی پێغەمبەر لەگەڵ عائیشەی کـچی ئەبوبـەکری سدیق دا دەکات.

وێنەی پێنجەم، ئاماژەیە بـۆ چـەند پیـاوێکی دەسـت بەسـتراو لـەدواوە کـە

لەلایەن کەسانی ترەوە دەکوژرێنو لەولاشەوە ژنـان دەگـرێن، ئـەم وێنەیـەش بەرجەسـتەی شـەڕی (خەیبـەر) دەکـات کـە موسـڵمانەکان لەگـەڵ هـۆزی (بەنوقورەیزە)ی جولەکەدا ئەنجامیانداوە.

وێنەی شەشەم، ئاماژەیە بۆ پیاوێك کە گۆچانو دارەکەی دەستی بەکارهێناوە بۆ خستنی بتەکانی دەوروبەری کەعبـەو ئـەم وێنەیـەش رووداوی والآکردنـی شاری مەککە دەخاتەڕوو.

وێنەی حەوتەم، تیایدا وێنەی سوپاکانو شەڕە جۆراوجۆرەکانو سێ نەخـشەی روونکردنەوەیی بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی دەخاتەڕوو.

## بیرو باوەڕی ئیسلامی

بەگوێرەی بیروباوەڕی ئیسلامی بەرەهایی قبوڵ نیە وێنای پەیامبەری ئیـسلام محەمەد (د) بکرێت بەوێنە یان پەیکەر یاخود بەهەر شێوەیەکی تـر، ئەمـەش بەهۆی هۆکارێکی سەرەکیەوە کە ئـەم بەرجەسـتە کـردنو تەمـسیل کردنـە سەردەکێشێ بۆ پیرۆز کردنی هێماو وێنەو پەیکـەرەکانی پێغەمبـەر (د.خ)و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش پیرۆز کردنی خودی پەیامبەرە لەبری خودا.

لەسەدەکانی ناوەڕاستداو لەگەڵ تێکەڵاوبوونی موسڵمانان بەنەتەوەکانی تـر، هەندێك لەموسڵمانان کاریگەرو سەرسام بوون بەدابو نەریتی ئاینەکانی ترو بەوەش هەندێك وێنە بۆ پەیامبەر کێشران، بەڵام هەرگیز دەموچـاوی بەوێنـە

نەکێشراوەو هەمیشە حیجابو شتێك دراوە بەسەر ڕووی وێنەکەدا، نمونــەی ئەم جۆرە وێنانەش لەئێرانی کۆن یا خود ئــەوەی پێــی دەوتــرا وڵاتــی فــارس بەربڵاو بووە.

هەروەها بەگوێرەی ژیاننامەی ئیبن هیشام (مەبەست لەو کتێبە مێژووییە کە بەناوی سیرەی ئــیبن هیــشامەوە بــەناو بانگــە -ئامادەکــار-) ســیفەتەکانی پەیامبەر بەشێوەیەك بوون پێچەوانەی ئــەو وێنانــە بــوون کــە وێنەکێــشەکان هەوڵیانداوە بەکاری بهێنن وەك ئامرازێك بۆ ڕوونکردنەوە لەو کتێبانــەدا کــە ئاراستەی منالانیان کردوون.

## کێشانی وێنەی پەیامبەر بەدرێژایی مێژوو

زۆر وینەی تر هەیە کە بۆ پەیامبەر کێشراوە لــەزۆرێك لەکتێبــە مێژوویــیــە کۆنەکاندا، ئەمەی خوارەوەش زانیاریە لەسەر ئەو کتێبانە:

لاپەڕەی یەکــەم لــەکتێبی (ژیــانی محەمــەد) کــە ســاڵی (١٧١٩ز) لەشــاری لەندەنو چاپکراوەو هی نوسەر (دسیور دیریار (sieur de ryer)ە.

لاپەڕەیــەك لــەکتێبی (ژیــانی محەمــەد)( کــە لەهۆڵەنــدا ســاڵی (١٦٩٩ ز) چاپکراوەو هی نوسەر (prid eaux.m)ەو تیایدا کەسێك دەرکــەوتووە کــە شمشێرێك بەدەست راستیەوەتیو قاچی چەپی لەســەر گــۆی زەوی راگرتــووەو

لەدەستی چەپیدا مانگێك بەشێوەی هیلالی دیارە.

وێنەیەکی تر کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لەئیسپانیا، تیایدا پیاوێك دەرکەوتووە کە کۆترێك لەسەر شانی چەپیەتیو دەنوکی کۆترەکە نزیکە لەگوێی پیاوەکەوە، ئەم پیاوەش بۆ سێ پیاوو دوو ئافرەت دەدوێت، ئەم وێنەیە وەرگیراوە لەروانینو وێناکردنی هەندێك لەمەسیحیە توندڕەوەکانەوە لەکەنیسەی ئیسپانیەوە لەمەڕ کەسایەتی پەیامبەر بەشێوەیەك (ئولجیوس (elogius)) کە یەکێك لەوانە بووە ترسی لەکاریگەری هەڵکشانی ئیسلامی هەبووە بەرەو ئیسپانیا، باس لەوە دەکات کە پەیامبەر خەڵکی دەخەڵەتێنێ بەدانانی دانەوێڵەی گەنم لەپشتی گوێیەوە بۆئەوەی باڵندە لەسەر شانی کۆ ببێتەوەو دەنوکی باڵندەکە روو بکاتە گوێی، تاوەکو خەڵك وا خەیاڵ بکەن ئەو باڵندەیە پەیامێکی ئاسمانی بۆ پەیامبەر هێناوە.

لەکتێبی (ژیاننامەی پێغەمبەر) کە بریتیە لەوەرگێڕدراوی تورکی کتێبی (ژیانی پەیامبەر)ی سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی جارێکی تر چاپکراوەتەوە، وێنەیەکی پەیامبەری تێدایە، بەڵام لەو وێنەیەدا پەردەیەك بەسەر رووی دەموچاوی پەیامبەرەوە بەدی دەکرێت، هەر لەم وێنەیەدا (محەمەدی کوڕی ئەسلەمە) بەدی دەکرێت کە سەری (کەعبی کوڕی

ئەشرەف)ی شاعیری جولەکە دەقرتێنێ کە لەشیعرەکانیدا گاڵتەی بەپەیامبەر کردوە.

لەکتێبی (جامع التواریخ)ی (رەشید الدین)دا کە ساڵی (١٣٢٤) نوسیویەتیو ئێستا ئەم کتێبە لەکتێبخانەی (ئەدنبرە)دەبینرێت، بەڵام لەو وێنەیەی کە لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە شێوەی دەموچاوی پەیامبەر دەرنەکەوتووە.

وێنەیەکی تر لەکتێبخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا هەیە. لەلایەن وێنەکێشێکی تورکیەوە کێشراوە، بەڵام مێژووی دروستکردنی وێنەکە نەزانراوە، تیایدا ئافرەتێك دەرکەوتوە کە منداڵێك لەباوەشیدایەو وێنای (ئامینەی کچی وەهبی) دایکی پەیامبەرو خودی پەیامبەر لەتەمەنی منداڵی دەکات، بەڵام لەم وێنەیەشدا دیسان دەموچاوی هەردوکیان (پەیامبەرو دایکی) دەرنەکەوتووە.

وێنەیەکی پەیامبەر کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٥٧٠ز) لەمۆزەخانەی (سان فرانسیسکۆ)یەو وێنای شەوڕەویو بڵندبونەوە (الاسراو المراج) دەکات، بەهەمان شێوە لەم وێنەیەشدا دەموچاوی پەیامبەر نادیارە.

وێنەیەکی تری پەیامبەر کە لەوڵاتی ئێراندا دەبینرێو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم)، تیایدا پیاوێك کە باڵی هەیەو باڵدارە بۆ کەسێکی تر دەدوێت کە دانیشتووەو شێوەی دەموچاوەکە روون نیە.

وێنەیەکی دیکەی پەیامبەر کە لەشاری تەبریز لەئێرانو لەساڵی (١٣١٥) کێشراوە لەکتێبخانەی زانکۆی (ئەدنبرە)یەو لەنێو کتێبێکدایە بەناونیشانی (جمائل التواریخ).

لەساڵی (١٩١١ز)و لەفیلمی پانتۆمایمو بێدەنگی ئیتالیدا (L inferno) ئەکتەرێکی لیتوانی دەرکەوتووەو لەجێگەی ئەکتەرێکی تر کە هەستاوە وێناکردنی بەرۆڵی پەیامبەر.

لەم سالآنەی دوایشدا ژمارەیەك وێنەی پەیامبەر کێشراوەو هەندێکیان لەسەر شێوەی کاریکاتێری بوون، بەلآم کێشەو هەڵلآی راگەیاندنیان نەوروژاندوە وەك ئەو وروژاندنەی کە روداوی بلآوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانی لەرۆژنامەی یولاندس پۆستن هێنایە ئاراوە. ئەمەی دواتریش هەندێك نمونەیە:

وێنەیەکی دیکەی پەیامبەر لەکتێبکدا کە ساڵی (١٩٨٨ز) دەرکراوە بەناونیشانی (پەیامبەر) کە هی نوسەر (jack chick)ە، ئەم وێنەیەش لەلاپەڕە سیانزەی کتێبەکەدایە.

وێنەیەکی تری پەیامبەر کە لەزنجیرە کارتۆنی ئەمریکی (south park)دا بلآو کراوەتەوە لەرۆژی (٤/٧/ ٢٠٠١ز)دا.

وێنەیەکی تری پەیامبەر لەیاریەك لەیاریەکانی ڤیدیۆیی کە بەیاری (شەڕی پیرۆز) ناودەبرێتو تیایدا هەموو هێما ئاینیەکانی ئاینە جیاوازەکان ( holy war) ململانی دەکەن.

وێنەگەلێکی کاریکـاتێری هەمـەجۆر کـە لەنـەوەدەکانی سـەدەی بیـستداو لەهەریەکە لەولاَتانی هۆڵەنداو فەرەنـسا کێـشراون، هـەروەها وێنەیـەك کـە لەلایەن ژنێکی ئیسرائیلیەوە بەناوی (تاتیانـا سوسـکن) لەسـاڵی (١٩٩٧ز) کێشراوەو هیچ رۆژنامەیەك رازی نەبوو بڵاوی بکاتەوە، بـەڵام خـۆی هەسـتا بەدابەشکردنی لەشاری (خەلیل)و "وێنەکە گوزارشت لەبەرازێك دەکات کـەم حەگالێکی بەسەرەوەیەو لەسەر پشتی وشەی محەمـەد نوسـراوەو بەرازەکـەش پێنوسێکی بەدەستەوەیەو لەسەر کتێبێك وشەی قورئان دەنوسێت".

## کاردانەوەی وێنەکاریکاتێرییەکان

لەرۆژی (٩/١٠/٢٠٠٥ز) کۆمەڵەی موسـڵمانان لـەدانیمارك ( **Islamisk trossamfund Danish**) داوایـان کـرد لەرۆژنامـەی یولانـدس پۆسـتن، پـۆزش‌و داوای لێبـوردن بهێنێتـەوە بـۆ مـسولمانان بـەهۆی بڵاوکردنـەوەی وێنەکاریکاتێرییەکانەوە.

لەرۆژی (١٤/١٠/٢٠٠٥ز) نزیکـەی (٣٥٠٠) سـێ‌هەزارو پێـنج سـەدکەس هەستان بەخۆپیشاندانێکی هێمنانە لەبـەردەم بارەگـای رۆژنامـەی یولانـدس پۆستن لەشاری کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك.

لەرۆژی (١٧/١٠/٢٠٠٥ز) رۆژی (الفجر)ی میسری هەسـتا بەبڵاوکردنـەوەی

هەندێ لەوێنەکاریکاتێریەکانی رۆژنامەی یولاندس پۆستنو لێدوان لەسەری.

لەرۆژی (١٩/١٠/٢٠٠٥ز) باڵوێزی هەریەکە لەولاّتانی (جەزائیرو بۆسنەو میسرو ئیندۆنیسیاو ئێرانو مەغریبو پاکستانو لیبیاو سعودیەو تورکیاو فەلەستین) نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی دانیمارك (ئەندرس فوگ راسموسن) کردو تیایدا داوای گرێدانی کۆبونەوەیەکیان کرد لەگەڵیاندا، بەلاّم راسموسن گرێدانی کۆبونەوەی لەگەڵیاندا بۆ ئەم مەبەستە قەدەغەکردو وەلاّمەکەشی ئەوەبو کە:"حکومەتی دانیمارکی ناتوانێ دەست وەربداتە ئازادی گوزارشتکردن لەبیروراوەو هەر کێشەیەك کە پەیوەست بێت بەهێرشکردنە سەر ئاینەوە دەبێت بخرێت بەردەم دادگاکان".

لەرۆژی (٣/١١/٢٠٠٥ز) رۆژی ( frankurter Allgemeine Zeitung) لەئەڵمانیا هەستا بەبلاّوکردنەوەی یەکێك لەوێنەکاریکاتێریەکان.

لەرۆژی (٧/٢/٢٠٠٥ز) مانگرتنی کرێکاران لەپاکستان لەبەر بلاّوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان دەستی پێکرد.

لەرۆژی (٢٩/١٢/٢٠٠٥ز) کۆمکاری ولاّتانی عەرەبی رەخنەیان لەرۆژنامەی یولاندس پۆستن گرتو هەروەها لەحکومەتی دانیمارکیش بەهۆی رێگەی مامەڵەکردنی لەگەڵ روداوەکەدا.

لەرۆژی (٢٠٠٦/١/١٠ز) رۆژنامەی مەسیحی (**Magazinuet**)ی نەرویـژی هەستا بەبڵاوکردنەوەی وێنەکاریکارتێریەکان.

لـەرۆژی (٢٠٠٦/١/٢٦ز) شانـشینی عەرەبـستانی سـعودی بـاڵوێزی خـۆی لەدانیمارك بـۆ پـرسو راکـردن کـشاندەوە. هـەروەها سـعودیەکان هەسـتان بەهەڵمەتی پچڕاندنی کڕینو فرۆشتنو مامەڵـەپێکردنی شـتومەكو خـواردنی دانیمارکی.

لـەرۆژی (٢٠٠٦/١/٢٩ز) لیبیـا باڵوێزخانـەی خـۆی لـەدانیمارك داخـست، هەروەها ئەردەنیش باڵوێزی خۆی لەدانیمارك کـشاندەوە بەمەبەسـتی پـرسو راکردنو (حەمید کارزای)ی سەرۆکی ئەفغانستانیش لەبیروڕای دانیمارك وەك وڵاتو حکومەت تێگەیشتو قبوڵیکرد، بەڵام ئاماژەی کرد بـۆ ئـەوەی کـە بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان بیرۆکەیەکی ناڕاست بوو.

هەر لەم رۆژەدا پەرلەمانی وڵاتی یەمەن نیگەرانی خۆی بەرامبەر رۆژنامــەی یولاندس پۆستن دەربڕیو هێرشـی کـردە سـەری. هاوکـات ئـاڵای دانیمـارك لەشـاری (نـابلس)ی فەلەسـتین سـوتێنرا. هەریـەك لەبـەحرەینو سـوریاش نیگـەرانی خۆیـان بەرامبـەر بڵاوکردنـەوەی وێنەکاریکاتێریـەکان دەربـڕیو هێرشیان کردە سەری.

بزوتنـەوەی جیهـادی ئیـسلامی فەلەسـتین مـاوەی (٤٨) کاتـژمێری بـۆ نەرویژیەکان دانا کە ناوچەی (غەززە) جێبهێڵن. هەروەك کەتیبـە شـەهیدانی

ئەقصاش ماوەی (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێری دانا بۆ نەرویژیەکان کە ناوچەکە جێبهێڵن.

لەرۆژی (٢٠٠٦/١/٣٠ز) رۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکی هەستا بەبڵاوکردنەوەی پۆزش‌و لێبوردن هێنانەوە بۆ موسڵمانان بەهەردوو زمانی دانیمارکی‌و عەرەبی. وڵاتی میسریش هانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا کەواز لەکاڵاو خواردن‌و بەربومە دانیمارکیەکان بهێنن.

یەکێتی ئەوروپا هاوکاری دانیمارکی کردو وایدانا پچڕاندنی مامەڵەکردن بەشتومەك‌و کاڵا دانیمارکیەکانەوە پێچەوانەی یاساکانی بازرگانی جیهانیە. هەروەها کەتیبەی شەهیدانی ئەقصا چووە نێو بارەگای یەکێتی ئەوروپاوە لەشاری غەززەو داوایان کرد یەکێتی ئەوروپا بەفەرمی پۆزش‌و لێبوردن بۆ موسڵمانان بهێنێنتەوە.

لەرۆژی (٢٠٠٦/١/٣١ز) هەردوو نوسینگەی رۆژنامەی یولاندس بۆستن لەهەر یەکە لەشاری (ئارهوس Arhus)و کۆبنهاگن چۆڵکرا بەهۆی پڕوپاگەندەیەکەوە، گوایە بۆمب لەو دوو بینایەدا هەیە. هەروەها کەتیبەی شەهیدانی ئەقصا نکوڵی لە تەندروستی ئەو هەواڵانە کرد گوایە هەڕەشەیان لەهاوڵاتیانی نەرویژی کردبێت. لەلایەکیترەوە وڵاتی بەحرەین داوای لەژنە پادشای دانیمارك (مارگرێتی دووەم)کرد کە پۆزش‌و لێبوردن بهێنێتەوەو هاوکات هەڕەشەی بڕینی (١٥٩٠٠٠) سەدو پەنجاو نۆهەزار بەرمیل نەوتی

رۆژانەی کرد، ئەگەر هاتوو شاژنی دانیمارك پۆزش و لێبوردن پێشکەش نەکات. هەروەها رۆژنامەی (die tageszeitung)ی ئەڵمانی هەستا بەبڵاوکردنەوەی دوو وێنە لەوێنەکاریکاتێریەکان.

## کاردانەوەکانی رۆژی (١/٢/٢٠٠٦)

رۆژنامەی فرانس سوار (France Soir)ی فەرەنسی هەستا بەبڵاوکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکانو وێنەکی دیکەشیان زیادکرد کە لای خۆیان هەبوو. لەهەمان رۆژدا ژمارەیەك نوسەری گەورە لەرۆژنامەی (جاك لیفرانس Leranc Jacgues) لەلایەن خاوەنی رۆژنامەکەوە (رامی لکح)ی بەرەچەڵەکی میسریو مەسیحی کاسۆلیك مەزهەبەوە فەسڵ کران. هەروەها رۆژنامەی (diewelt)و (BerlinerZeitung)ی ئەڵمانیو رۆژنامەی (Lastampa)ی ئیتالیو رۆژنامەی (Elperiodca)ی ئیسپانیو (Valkskran)ی هۆڵەندی هەستان بەبڵاکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکان. هەروەها باڵوێزخانەی دانیمارك لەسوریا چۆڵکرا لەئاکامی دەنگۆیەك گوایە بۆمبێك لەبیناکەدا هەیە. وڵاتی سوریاش باڵوێزی خۆی لەدانیمارك کشاندەوە. لەلایەکیتریشەوە (کیرت ویلورمی) سەرۆکی یەکێك لەپارتە سیاسیەکانی هۆڵاندا هەستا بەدانانی وێنەکاریکاتێریەکان لەپێگەی فەرمی

پارتەکەیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت. هاوکات قسەکەرێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئیندۆنیسیا هێرشی کردەسەر هەڵوێستی ڕۆژنامەی یولاندس پۆستن. هەروەها لەسەر تەلەفۆنی گوزارەوە نامەگەلێك بڵاوکرایەوە لەشاری کۆبنهاگن کەداوای سوتاندنی قورئانی دەکرد.

## کاردانەوەکانی ڕۆژی (٤/٢/٢٠٠٦ز)

ڕۆژنامەی (The Dominion post) لەنیوزلاندا هەستا بەبڵاوکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکان.

ڕۆژنامەی (Rzeczpospolita) لەپۆڵانداو ڕۆژنامەی ( Information Dagbladet) لەدانیمارك هەستان بەبڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان.

سەرنوسەری ڕۆژنامەی (شیحان)ی ئەردەنی (جهاد مومانی) کە وێنەکاریکاتێریەکانی بڵاوکردبوویەوە دەستگیرکرا.

ئاگر بەردرایە باڵوێزخانەی دانیمارك لەسوریاو زیانی زۆر بەباڵوێزخانەی سوید کەوت کەکەوتبوونە هەمان بیناوە، ئەنجامی ئەم ڕوداوەش وەزارەتی دەرەوەی دانیمارك داوای لەهاوڵاتیانی وڵاتەکەی کرد سوریا جێبهێڵن.

ئاگر بەردرایە باڵوێزخانەی نەرویژ لەشاری دیمەشقو وەزارەتی دەرەوەی نەرویژیش داوای لەهاوڵاتیانی کرد سوریا جێبهێڵن.

مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران پێشنیازی کرد هەموو گرێبەستە بازرگانیەکانی نێوان ئێران‌و ئەو دەوڵەتانەی کە وێنەکاریکاتێریەکانیان بڵاوکردۆتەوە هەڵبوەشێنرێتەوە.
کوفی ئەنانی ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لەجیهانی ئیسلامی کرد لێبوردن‌و پۆزش هێنانەوەی رۆژنامەی یولاندس پۆستن قبوڵ بکەن.
لەدانیمارك دامەزراوەیەکی ئیسلامی نوێ پێکهات‌و ناوی (موسڵمانە میانڕەوەکان) یان بەسەرخۆیان دابڕی، (ناسر قادر)ی بەرەچەڵەك سوری‌و ئەندام لەپەرلەمانی دانیمارك لەدامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە بوو، بەگوێرەی لێدوانەکانی ناوبراو ئامانجیان پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی موسڵمانانە لەژێرسایەی سیسەتەمە دیموکراسیەکاندا، ناسر قادر لەدایکبووی (١٩٦٣ز) لەشاری دیمەشق، لەباوکێکی فەلەستینی‌و دایکێکی سوری، هەروەها بەگوێرەی لێدوانەکانی ناوبراو کۆمەڵەکە بڕوای بەهەموو پەیوەندی پۆزەتیڤی نێوان موسڵمانان‌و ناموسڵمانان هەیە.

## کاردانەوەکانی رۆژی (٥/٢/٢٠٠٦ز)

رۆژنامەی یولاندس پۆستن خەڵاتی (ڤیکتۆر) پێبەخشرا، ئەم خەڵاتە سالانە

لەلایـەنی رۆژنامـەی (**Ekstra Bladet**)ی دانیمارکیـەوە دەدرێتـە ئـەو رۆژنامانەی کە بەرگری لەئازادی بیرورِا دەکەن.

ئێران هەستا باڵوێزی خۆی لەدانیمارك کشاندەوە.

ئاگر بەردرایە باڵوێزخانەی دانیمارك لەبەیروتی پایتەختی لوبنان

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لەعێراق هەسـتا بەسـڕکردنی گرێبەسـتەکانی لەگەڵ دانیمارك‌و نەرویژدا.

بەهـەزارەها موسـڵمان خۆپیـشاندانێکی هێمنانـەیان لەشـاری برۆکـسلی پایتەختی بەلژیکا سازکرد دژی بڵاوکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکان.

سەرۆك وەزیرانی نەرویژ (جینزستولتنبرگ) رایگەیانـد کـە وڵاتەکـەی سـکاڵا لەنەتەوە یەکگرتووەکان دژی سوریا پێشکەش دەکات لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە باڵوێزخانەی نەرویژ لەدیمەشق بپارێزێت.

نزیکـەی (٥٠٠) پێـنج سـەدکەس خۆپیـشاندانێکیان دژی بڵاوکردنـەوەی وێنەکاریکاتێریەکان لەڤیەننای پایتەختی نەمسا رێکخست.

## کاردانەوەکانی رۆژی (٢٠٠٦/٢/٦ز)

لەشاری پاریس نزیکەی (١٠٠٠) هـەزار کـەس خۆپیـشاندانێکیان ئەنجامـدا دژی بڵاوکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکان.

كـوژرانی لانیكـەم چـواركەس لەئەفغانـستان بـەهۆی تەقـەكردنی پۆلیـسی ئەفغانی بەسەر (٢٠٠٠) دوو هەزار خۆپیشاندەر لەبـەردەم بنكـەی سـەرەكی سەربازی ئەمریكا لەئەفغانستان.

وەزارەتی دەرەوەی دانیمارك ئامۆژگاری هاولاَتیـانی ولاَتەكـەی كـرد بـەوەی گەشتی سیاسی بۆ میـسرو مـەغریبو تـونسو جـەزائیرو لیبیـاو سـودانو عەمانو قەتەرو ئیماراتو بەحرەینو ئەردەنو ئێرانو پاكستانو ئەفغانستان ئەنجام نەدەن.

هەریەكە لەتۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاو سكرێتری گـشتی پـەیمانی باكوری ئەتڵەسی گوزارشتیان لەكۆمەكی تەواوی خۆیان كـرد بـۆ حكومـەتی دانیماركی.

باڵۆیزخانەی دانیمارك لەئیندۆنیسیا داخرا بەمەبەستی پاراستنی كارمەنـدانی باڵۆیزخانە.

## كاردانەوەكانی رۆژی (٢٠٠٦/٢/٧ز)

بەهەزاران كەس لـەئێرانو ئەفغانـستانو میـسرو پاكـستان خۆپیـشاندانیان ئەنجامدا دژی بلاَوكردنەوەی وێنەكاریكاتێریەكان.

نزیكەی (٢٠٠) دووسەد كەس لەشاری هلسنكی پایتەختی فنلەندا لەبـەردەم

بالّویزخانەی دانیمارك خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا باسی لەوە کردبوو کە ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕین رەها نیەو پێویستە بەدانایی بەکار بهێنرێت.
بزوتنەوەی تالّیبانی ئەفغانستان موسڵمانی هاندا لەسەر جیهادکردن.

## کاردانەوەکانی رۆژی (٢٠٠٦/٢/٨ز)

رۆژنامەی (charlie Hebdo)ی هەفتانە لەفەرەنسا هەستا بەبلاّوکردنەوەی وێنەکاریکاتێریەکانو لەگەڵێشیدا وێنەیەکی خۆیان بۆ زیاد کرد لەگەڵ تەعلیقێکدا کە دەڵێت: "گرانە گەمژەو گەلۆرەکان خۆشیان بوێیت".
وەزیری پێشوی دەرەوەی دانیمارك (ئوفی ئەلیمان جنیسن) وتی: "بەبیروڕای من پێویستە سەرنوسەری رۆژنامەی یولاندس پۆستن دەست لەکار بکێشێتەوە".
دووکەس لەئەفغانستان کوژران بەهۆی تەقەکردنی پۆلیسی ئەفغانی بەسەر خۆپیشاندەران دژی بلاّوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان.
گەورە رێکخراوە ئیسلامیەکان لەئەفغانستان چوونە ریزی کوفی ئەنانی (ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان)و خافیر سۆلانای

بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ داواکردن لەجیهانی ئیسلامی بۆ راگرتنی توندو تیژی لەمیانەی خۆپیشاندانەکانی نارەزاییەوە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکان.

## کاردانەوەکانی رۆژی (١٠/٢/٢٠٠٦)

خۆپیشاندەران بەبۆمبی شوشەیی سوتێنەر هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی فەرەنسا لەتاران.

کوژرانی کەسێك لەکاتی خۆپیشاندانی نارەزایی لەشاری نایرۆبی پایتەختی کینیا.

(ئەحمەد ئەبولبن)ی سەرۆکی کۆمەڵەی موسڵمانان لەدانیمارك داوای راوەستانی دیاردەکانی توندوتیژی کرد لەوتاری نوێژی هەینی دا.

پاش لێدوانەکانی (فیلمنگ روز) نوسەری بەشی رۆشنبیری لە(**C.N.N**) لەمەڕ مەبەستی لەبڵاوکردنەوەی وێنەیەك کە گاڵتە بەئاینی جولەکەو مەسیحیەت دەکات سەرنوسەر مۆڵەتێکی کراوەی پێبەخشی. دواتر زۆر پۆزشو داوای لێبوردنو داخی خۆی دەربارەی لێدوانەکانی پێشکەشکرد. سەرنوسەر کە وتی: "لێدوانەکانی روز هەڵەیەك بوو، هەروەها خراپ هەڵسەنگاندنو رێز گرتنێکیش بوو لەو".

## هەڵوێست لەدانیمارك

بیروڕای داكەوتوو لەدانیمارك ئەوە بوو كە دەڵێت: "وێنەكاریكاتێریەكان هیچ یاسایەك لەیاساكانی جنێودانو بریندارکردنی نەشکاندووەو پۆزش هێنانەوەی رۆژنامەكەش لەمەڕ بریندارکردنی هەستی موسڵمانان بەسە". هەر وەك رەوەندی ئیسلامی لەدانیمارك ویستی كێشەكە بەرز بكاتەوە بۆ دادگا بۆ ئەوەی دەست نیشانی بكات كە وێنەكاریكاتێریە بڵاوكراوەكان بووەتە هۆی شكاندنی یاساكانی دەوڵەت یان نا؟ بەڵام داواكاری گشتی هەستا بەخستنی كێشەكە پێش ئەوەی بگاتە دادگا، چونكە وایبینی كە كێشەكە هیچ بنەمایەكی نیە. هەروەها هەندێك وایان دەبینی كەرەوەندی ئیسلامی لەدانیمارك تەكنیكێكی هەڵەی هەڵبژاردووە بەبڵاوكردنەوەی كێشەكە لەجیهانی عەرەبیداو زەیتیان كردووە بەسەر ئاگردا، چونكە زانرا ئەم جموجوڵە هاوسۆزی زۆری نەدۆزییەوە لەدانیماركدا.

لەراپرسیەكدا كە ئیزگەی دانیمارك لەسەر ژمارەیەكی هەڕەمەكی لەخەڵكی دانیمارك كە پێكهاتبوون لە(٥٧٩)كەس لەرۆژی (٢٠٠٦/١/٢٨ز) ئەنجامیدا بوو، ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەركەوت:

٧٩٪ بڕوایان وابوو كە هیچ بیانوو داوایەك نیە بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیرانی دانیمارك (ئەندرسف رامسوسن) پۆزش بۆ موسڵمانان بهێنێتەوە.

٤٨٪ بڕوایـان وابـوو کـه هەردەسـتێوەردانێکی حکومـەت لـەم مەسـەلەیە بەپێشێل کردنی ئازادی گوزارشتکردن لەبیروڕا دادەنرێت.
٤٤٪ بڕوایان وابوو کە پێویستە سەرۆك وەزیرانی دانیمارك (ئەنـدریس فـوگ راسموسن) زۆرکارا بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا.
٦٩٪ بڕوایان وابوو کـە هـیچ بیـانوو، داوایـەك نیـە بـۆ ئـەوەی رۆژنامـەی یولاندس پۆستن پۆزش بۆ موسڵمانان بهێنێتەوە.
٥٨٪ بڕوایان وابـوو کـە سـەرەڕای ئـەوەی رۆژنامەکـە مـافی خـۆی هەیـە لەبڵاوکردنـەوەی وێنەکاریکاتێرییەکانـدا، بـەڵام هاوکـات تێـشدەگەن لـەو رەخنەگرتنانەی کە لەلایەن موسڵمانانەوە ئاڕاستە دەکرێن.
ژمارەیەك لەکۆمەڵـەو رێکخـراوە ئیـسلامیەکان لـەدانیمارك سـکاڵایەکیان پێشکەش بەپۆلیسی دانیمارکی کرد لـەرۆژی (٢٧/١٠/٢٠٠٥ز) بـەوەی کـە رۆژنامەی یولاندس پۆستن هەردوو بەندی (١٤٠و ٢٦٦)ی لەیاسای سـزادانی دانیمارکی شکاندووەو پێشێل گردووە. بەندی (١٤٠) رێگـری لەهەرکەسـێك دەکات کە گاڵتەپێکردنی ئاشکرا بەهەر هاوڵاتیەکی دانیمارکی بکات لـەبیرو باوەڕی ئاینی هەر هاوڵاتیەکی دانیمارکی تر. هەروەها بەندی (٢٦٦) سـزای هەرکەسێك دەدات کە هەستێ بەبڵاوکردنەوەی زانیاری یان پڕوپاگەندە یاخود لێدوان، کە مەبەست لێی سوکایەتیکردن بێت بەکەسێکی دیـاریکراو بـەهۆی ئینتیمای ئاینیەوە.

رۆژی(٦/١/٢٠٠٦ز) داواکاری گشتی یەکەم لەشاری فیبۆرگ بڕیاری خستنی کێشەکەیدا پێش ئەوەی بگاتە دادگا، لەبەرئەوەی وایبینی کەهیچ بناغەیەك بۆ کێشە نەبێتو داواکاری گشتی ئەوەشی راگەیاند کە "بۆ دابڕینی زاراوەی دەستدرێژی بەسەر هەرووداوێکدا پێویستە بەو ئیعتبارە بڕوانرێت کە بریتیە کە مافی ئازادی رادەربرینو پێویستە لەچوارچێوەی مافی مرۆڤدا مومارەسە بکرێت".

## بڕینی مامەڵەکردنو بەکارهێنانی شتومەکی دانیمارکیو نەرویژی

لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا بانگەشەکرا بۆ بڕینو بەکارهێنانو مامەڵەکردنی شتومەکی دانیمارکیو نەرویژی، ئەمەش زیاتر بەرهەمەکانی ماستو ئەوانی تری گرتەوە، بانگەوازەکەش بەشێوەیەکی میللی دەستی پێکردو لەرێگەی رۆژنامەکانو کەناڵە نافەرمیەکانو لەرێگی نامە گوازەرەکانەوە دەستی پێکرد. هەروەها ناوەندە بازرگانیە گەورەکان لەسعودیە هەستان بەرێگەگرتن لەفرۆشتنی بەرهەمە دانیمارکیەکانو ئەم هەنگاوەش لەئیماراتو کوەیتو بەحرەین گیرایەبەر. هاوکات کۆمپانیا گەورەکانی دانیمارك چەند هەوڵێکیاندا بۆ رێگەگرتن لەم پەیوەندی بڕینو مامەڵە

نەکردنو بەکارنەهێنانەی کەلو پەلی دانیمارکیو نەرویژی لەرێگەی جاڕدانـە بازرگانیەکانەوە بەلاپەڕەیەکی تەواو لەرۆژنامەی (الشرق الاوسط).
لەســەرەتای مــانگی (١/٢٠٠٦) حکومــەتی میــسری هەڕەشــەی بڕینــی مامەڵەکردنی بەشـتومەکی دانیمارکیـەوەکرد، بـەڵام ئـەم مامەڵەنـەکردنو پەیوەندی بڕینە ئابوریە تەنها لەچوارچێوەی هەندێ بازاڕی گەورەی میـسریو بڕیاری تاکەکەسیدا کورت بوویەوە کە لەلایـەن میـسرییەکانەوە پـەیڕەودەکرا بەبەکار نەهێنانی بەرهەمو بەروبومی دانیمارکی. هـەروەها لـەرۆژی (٢٠/١/٢٠٠٦ز) داواکاری میللی لەسعودیە دەرچـوو بەبەکارنـەهێنانی بـەروبومی دانیمارکیو ئەمەش بەکرداری لەرۆژی (٢٦/١/٢٠٠٦ز)ەوە دەستی پێکـردو بەشــێوەیەکی ســەرەکیش زیــاتر بەکارنــەهێنانو مامەڵــە پێوەنــەکردنی بەروبومەکانی ماسـتی کۆمپانیـای (Arla)ی گرتبوویـەوە. ئـەم پەیوەنـدی بڕینو مامەڵە نەکردنە لـەوڵاتی (کوەیـت) یـش بڵاوبوویـەوەو زنجیرەبـازاڕی (Coop) لــەکوەیت هەســتا بــەلابردنی بەرهەمــە دانیمارکیــەکان لەســەر رەفەکانیو بەمەش دانیمارك ترسی هەبوو لەدەستدانی دەوروبـەری وەزیفـەی (١١٠٠٠) یــانزە هــەزار کــەس بــەهۆی ئــەو مامەڵەنــەکردنو بــڕینو بەکارنەهێنانی شتومەكو کاڵاکانیەوە لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا.

# سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە


١. فريد هاليداى : الاسلام والغرب، خرافة المواجهة، الدين والسياسة فى الشرق الاوسط، وەرگێڕانی (عبد الاله النعيمى)، چاپی یەکەم، دار الساقى، بيروت- لبنان، الطبعة العربية، **١٩٩٧**.

٢. د.محمود الزقزوق: في مواجهة الاستشراق، گۆڤاری (المسلم المعاصر)ی چاپی کوەیتی، ژمارە(٦٦،٦٥)، ساڵی حەڤدەیەم.

٣. د.محەمەد ئارکۆن: عەلمانیەت و ئایین، ئیسلام، مەسیحیەت، خۆرئاوا، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

٤. حسن السعيد: خبراء الاختراق الاستشراقى...گۆڤاری (التوحيد)ی چاپی تارانی، ژمارە(٨٧)، ساڵی پانزەیەم، ئازاری ١٩٩٧.

٥. عمر صفحوف: حركة الاستشراق وصلته بالاستعمار الغربي، گۆڤاری( الثقافة العربية )، ژمارە(٦)، ساڵی دووەم، حوزەیرانی ١٩٧٥ز.

٦. سەلام عەبدولکەریم: پەیوەندی بزاڤی خۆرهەڵاتناسی بەکۆلۆنیالیزمەوە، گۆڤاری (سۆسیالیست)، ژمارە(٣٥)، ئابی ٢٠٠٣ز.

٧.	د.مصطفى السباعى: الاستشراق والمستشرقون، مالهم وماعليهم، چاپی سێیەم، بیروت- لبنان، ١٩٨٥ز.

٨.	د.صالح زهرالدين: الاسلام والاستشراق، بيروت- لبنان، ١٩٩١ز.

٩.	د.محمد البهى: الفكر الاسلامى الحديث **وصلته** بالاستعمار الغربي، چاپی پێنجەم، بیروت-لبنان، ١٩٧٠ز.

١٠.	د.عماد الدين خليل: الاستشراق، گۆڤاری (المسلم المعاصر)ی چاپی کوەیتی، ژمارە(٧٩)، ساڵی بیستەم.

١١.	د.احمد البرقاوى: الاستشراق من الايديولوجيا الى الابستمولوجيا، گۆڤاری (العالم)ی ئێرانی چاپی لەندەنی، ژمارە(٥٤٣)، ساڵی سیازدەیەم، حوزەیرانی ١٩٩٦ز.

١٢.	سەلام عەبدولکەریم: ئۆرێنتالیزم لەدیدی ئیدوارد سەعید دا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣١٩٦).

١٣.	د.محمود عكام: رؤية بانورامية عامة للاستشراق، گۆڤاری (العالم)ی ئێرانی چاپی لەندەنی، ژمارە(٥٤٣).

١٤.	فاروق عبدالحق: نحو لقاء سلمى بين العالمين، الاستشراق والغرب والاسلام، گۆڤاری (العالم)،

١٥.	ابراهيم النعمة: الاسلام والمسلمون امام التحديات الغزو الفكري.

١٦. مەریوان وریا قانیع: دەربـارەی فەلـسەفەو ئیـسلامو رۆشـنگەری، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، لەبلاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆلێکۆلێنـەوەی کوردی، بەهاری ٢٠٠٣ز.
١٧. السید یاسین: حوار الحضارات، تفاعل الغرب الکونی مع الشرق المتفرد، مختارات میریت ،چـاپی یەکـەم، میریـت للنـشر والمعلومـات، قـاهیرە- میـسر، ٢٠٠١.
١٨. د.محسن عبد الحمید: ازمة المثقفین تجاه الاسلام فی العصر الحدیث، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەرازەتی پەروەردە، ١٩٩٨.
١٩. ئیـدوارد سـەعید: الاستـشراق، الـسلطة، المعرفـة، الانـشاء، وەرگێڕانی، (کمال ئەبو دیب)، چاپی یەکەم، بیروت- لبنان، ١٩٨١.
٢٠. دێریـــدا: رەخنـــە لەســـێنترالیزمی خۆرئـــاوایی، وەرگێڕانـــی (عەبدولموتەلیب عەبدوللا)، چاپی یەکەم، دەزگای چـاپو پەخـشی سـەردەم، سلێمانی زنجیرە کتێبی گیرفان، ژمارە(٧٠).
٢١. کاوە هاوڕاز: رۆژهەلاتناسیو پێـشڕەوایەتی ئیمپریـالیزم، گۆڤـاری (بـــوار)، ژمـــارە(٢٩)، هـــاوینی ٢٠٠٠ز، دەزگـــای لێکۆلێنـــەوەو رووناکبیریی(بزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو).
٢٢. سەلام عەبدولکەریم: ئۆرێنتالیزم لەدیدی محەمـەد ئـارکۆن دا، رۆژنامەی (چاودێر)، ژمارە(٧٢)، دووشەممە، (٢٠٠٦/٤/١٠)، سالی دووەم.

٢٣. ئەبوبەكر عەلی سەعید: روانینێك بۆ كلتور، مرۆڤو كۆمەڵگە، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠ز، هەولێر.
٢٤. د. محمد عابد الجابری: التراث والحداثة/ دراسات ومناقشات، المركز الدراسات الوحدة العربیة، چاپی یەكەم، تەمموزی ١٩٩١ز.
٢٥. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزمو سەفەر، كورد لەدیاسپۆرا، چاپی یەكەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٢٦. ابراهیم العبادی: جدلیات الفكر الاسلامی االمعاصر، مؤسسة الاعراف للنشر، كتێبی یانزەیەم، ١٩٩٩ز.
٢٧. ئومێد قەرەداغی: سەرەتایەك بۆتێگەیشتن لەپەیوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەئیسلامەوە، گۆڤاری (روانگەو رەخنە)، ژمارە(١٠٩، بەهاری ٢٠٠٥ز، ساڵی چوارەم.
٢٨. رێكەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵاندا، لێكۆڵینەوەیەك سەبارەت بەرەوەندی ئیسلامیو ئیسلامی سیاسی لەهۆڵاندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.
٢٩. د. منوچهر محسنی: كولتورو كۆمەڵگا، وەرگێرانی (تحسین تەها)، گۆڤاری (ژیار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠ز.
٣٠. داریۆش شایگان: ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی (شۆڕش جوانڕۆییو مامەند رۆژە)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤ز، سلێمانی،

چاپخانەی کارۆ ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

٣١. منير شفيق: الاسلام في معركة الحضارة، بيروت، دار الناشر، تونس، البراق، ١٩٩١ز.

**٣٢.** زكى الميلاد: الفكر الاسلامى، قراءات ومراجعات، چاپى يەكەم، مؤسسة الانتشار العربى، لندن-بيروت، ١٩٩٩ز.

**٣٣.** د.بورهان غليون: اغتيال العقل، محنة الثقافة العربية بين السلفية والتبعية، ، دار التنوير، بيروت **١٩٨٧ز.**

٣٤. کامەران محەمەد: جەمالەدینی ئەفغانیو پڕۆژەی بوژانەوەی ڕۆژهەلآت، گۆڤاری (هەژان)، ژمارە(١٤و١٥)، ٢٠٠٤ز،سلێمانی.

٣٥. ئەرسەلان تۆفیق محەمەد: مرۆڤ..بەربەرییەت.. مۆدێرنێتە، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(١٩٤)، مایسی(٢٠٠٥).

**٣٦.** السيد ياسين: حوار الحضارات، تفاعل الغرب الكونى مع الشرق المتفرد، مختارات ميريت، قاهيره- ميسر، ميريت للنشر والمعلومات، ٢٠٠١ز.

٣٧. هاشم صالح: الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، محمد اركون واخرون، دار الساقى ، چاپى دووەم، بيروت، ٢٠٠٠ز.

٣٨. بروفیسور فرنر کلاوس روف(دکتۆرای لەزانستە سیاسیو کۆمەلآیەتیەکاندا هەیەو بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەکانە لە**cresm** لەفەرەنساو ئوستادی زانستی کۆمەلناسیە لەزانکۆی ئیسن لەئەلمانیاو

ئوستادی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی کاسڵ): الاسلام والفکر السیاسی، الدیمقراطیة، الغرب، ایران، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠ز،المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء-المغرب، بیروت -لبنان.

**٣٩.** د.اندریاس ریك( دکتۆرای لەتوێژینەوە ئیسلامیەکاندا هەیەو توێژەرە لەپەیمانگەی خۆرهەڵاتناسی لەبەیروتو پەیمانگەی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی لەشاری هامبۆرگو ئەندامی پێشووی نێرژەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە لەئەفغانستان): تحولات جدیدة فی الجمهوریة الاسلامیة الایرانیة، لەکتێبی( الاسلام والفکر السیاسی ).

٤٠. ئەبوبەکر عەلی: سەرنجێك لەهەڵکشانو داکشانەکانی فیکری ئیسلامی نوێ، گۆڤاری(هەژان)،ژمارە(١٤و١٥)، ٢٠٠٤.

٤١. هاشم صاڵح: رۆشنبیرانی فەرەنساو کاریکاتێر،دیمەنێك بۆقوڵیو دیسان بۆلێکدژیش، وەرگێڕانی (ئومێد عوسمان)، رۆژنامەی (چاودێر)، ژمارە(٧١)، رۆژی دووشەممە(٢٠٠٦/٤/٣)، ساڵی دووەم.

٤٢. سەردار عەزیز: کاریکاتێرەکانی موحەمەدو پێکدادانی کلتورەکان، رۆژنامەی (ئاوێنە)، ژمارە(٧)، رۆژی سێ شەممە(٢٠٠٦/٢/٢١).

٤٣. بروفیسور غیر نورت روتر (ئوستادی زانستە خۆرهەڵاتیە هاوچەرخەکانە لەوزانکۆی هامبۆرگو بەڕێوەبەری پەیمانگەی خۆرهەڵاتناسیە

لەبەیروت، هەروەها وانە بێژی زانستە ئیسلامیەکانو رۆشنبیری ئەفریقیو زانستی بەراوردکاری ئاینیە لەشاری بۆنو کۆڵنی ئەڵمانیا): ایران والفکر السیاسی الاسلامی، لەکتێبی(الاسلام والفکر السیاسی)یەوە.

٤٤. کاترین گیسلاین: مافی سوکایەتیکردن بەموقەدەس، وەرگێڕانی (بڕوا عەلادین)، رۆژنامەی (ئاوێنە)، ژمارە(١٣)، رۆژی سێ شەممە (٢٠٠٦/٤/٤).

# پاشكۆی وێنەو زانیاریەكان

MORGENAVISEN
Jyllands-Posten

**لۆگۆی رۆژنامەی (یولاندس بۆستن)ی دانیمارکی**

مـور غینفیـزن یولانـدس بۆسـتن بـەکورتکراوەیی (یولانـدس بۆسـتن jyllands-postten morgenavisen)، واتە رۆژنامەی (یوتلانـد) بریتیە لەیەکێك لەپڕ فرۆشترین رۆژنامـەکانی دانیمـارك. بارەگاکـەی دەکەوێتـە (فیبـی جـی) یـەکێك لەگەڕەکـەکانی ئـارهۆرس‌و نزیکـەی (١٥٠,٠٠٠) نوسخەی رۆژانـە لـێ بڵاودەبێتـەوەو (جـی بـی /بولیتیکـان هـس jp/politikens hus) دوای یـەکگرتنی لەگـەڵ بولیتیکـان هس دا دەری دەکات، سەرەڕای بـەردەوامی ئـەو دوو رۆژنامەیـە، واتـە بولیتیکان‌و یولاندس بۆستن، وەك دوو رۆژنامەی سەربەخۆ.



رامی لکح

خاوەنی رۆژنامەی ( جاك لیفرانس )ی



کارە بلوتکن

دانەری کتێبی منداڵانی

( قورئان و ژیانی پەیامبەر محەمەد )



مؤامرة الحرس القديم على مبارك

الداخلية تتواطأ مع إبراهيم سليمان في الجمالية | تزوير ٤٠٠٠ صوت لبطرس غالي

مدير بنك في مصر الجديدة يستولي على خزائن العملاء، بـ «موس حلاقة»

اغتيال وزير الداخلية السوري قبل الانقلاب على بشار الأسد

الفجر

قرآن جديد في إسرائيل

مسرحية طائفية في كنيسة محرم بك

مدير فرع بنك كبير يستولي على ١٤ مليون جنيه من أموال العملاء



**رۆژنامەی ( الفجر )ی**

**میسری یەکێك لەوێنەکانی بڵاوکردەوە**




**رۆژنامەی ( الغد )ی ئەردەنی**



**( دانتی ئەلاگێری )ی شاعیری ئیتالی**

**کەلەکۆمیدیای ئیلاهی دا دەربارەی پەیامبەری ئیسلام دواوە**

## چەند دیمەنێک لەکاردانەوەکانی جیهانی ئیسلامی دژی بڵاوکردنەوی وێنە کاریکاتێریەکان




خۆپیشاندان و نارەزایی جەماوەریی



سوتاندنی باڵۆێزخانەی دانیمارک لەشاری

بەیروت– لبنان




**وازهێنان لەمامەڵەکردن بەشتومەك و کاڵای دانیمارکی**



**هێرشکردنە سەر بارەگای یەکێتی ئەوروپا لە شاری غەززە- فەلەستین**




بەرهەمی هونەرمەند:
بێتینا رایمز



بەرهەمی هونەرمەند:
ئێلیزابێس ئۆلسۆن




بەرهەمی هونەرمەند:
جۆرج گرۆس

**چەند دیمەنێك لەو تابلۆ هونەریانەی کەتێیدا سوکایەتی بەموقەدەس کراوە- لەرۆژنامەی ئاوێنەوە وەرگیراوە**

## بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نوسەر:

* بزوتنـــەوەی شــعوبیەت لەمێــژووی ئیــسلامدا، لێكۆڵینــەوەی مێــژوویی، لەبڵاوكراوەكانی خانـەی گـشتی چـاپو بڵاوكردنـەوە، وەزارەتــی رۆشـنبیریی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ز.

* عوسمانیـەكان، لـەعوسمانی كـوڕی ئورتغلـەوە تـا سـوڵتان عەبدولمەجیـدی دووەم، وێنەو بارودۆخی سـەردەمەكانیان، وەرگێـڕان. ،لـەبڵاوكراوەكانی چـاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

* موقەدەس و كولتور، ئیـشكالیەتی بەریەككـەوتنی نێـوان ئیـسلامو خۆرئـاوا، توێژینەوە، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

## بەم نزیكانە:

* مێژووی پێكهاتنو پەرەسـەندنی بـیری تـۆرانیزم، لێكۆڵینـەوەی مێـژوویی، لەبڵاوكراوەكانی زنجیرە كتێبی كۆچ، بەشی رووناكبیریی سەنتەری ئێلبەگی جـاف، ٢٠٠٧ز.

* دەربارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، كۆمەڵە وتار.

* سیستەمی پەروەردەیی لەسوید، وەرگێڕان.